لەسەر راسپاردەی مەسرور بارزانی، بڕیارێک لە بەرژەوەندیی قوتابیانی پۆلی 12ئامادەیی شنگال و دەوروبەری دەدرێت

خەبات XEBAT

لە ماڵ پارێزاو دەبین

تا ژیان بەردەوام بێ، خەبات بەردەوامە

رۆژنامەیەکی سیاسیی رۆژانەیە
ئۆرگانی پارتی دیموکراتی کوردستانە

ژمارە (5970) چوارشەممە 8ی تەممووز 2020 «16» لاپەڕە «500» دینار

وەزارەتی پەروەردەی هەرێم رایگەیاند: سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان هەریەک لە وەزیری پەروەردە و پارێزگاری دهۆکی راسپاردووە، کە خەرجی قوتابیانی پۆلی 12ی ئامادەیی ـ خوێندنی کوردی لە شنگال و دەوروبەری مووسڵ لە ئەستۆ بگرێت.

راگەیەندراوێک لە وەزارەتی پەروەردەوە

سەبارەت بە قوتابیانی قۆناغی 12ی ئامادەیی ـ خوێندنی کوردی کە لەقەزای شنگال و دەوروبەری مووسڵ، لە پارێزگای دهۆک تاقیکردنەوەکان ئەنجام دەدەن، ڕێزدار مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێزان وەزیری پەروەردە و پارێزگاری دهۆک ی ڕاسپارد ، کەتەواوی خەرجی ڕێککارە تەندروستیەکان و گواستنەوە و مانەوەو خواردنی قوتابیان لەئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت .

راگەیاندنی وەزارەتی پەروەردە

پەرلەمانی کوردستان ڕاپۆرتێک لەسەر بۆردومانەکانی تورکیا ئامادە دەکات

پەرلەمانی کوردستان لەڕێگەی لیژنەیەکەوە بەدواداچوون لەسەر ئەو پەلامار و بۆردومانانە ئامادە دەکات کە لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیاوە لە ناوچەکە کرانە سەر سنووری قەزای ماوەت دەکات. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

بەسەرپەرشتی سەرۆک بارزانی

پێشمەرگە لە بری جیهان شەڕی تیرۆریستانی داعشی کرد

9



سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق:

بوونی ناوەندی هەماهەنگی لەگەڵ پێشمەرگە، ئاسایش و سەقامگیری پارێزگای کەرکووک پتەوتر دەکات

سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق، ڕایگەیاند کە بوونی ناوەندی هەماهەنگی لەگەڵ پێشمەرگە، ئاسایش و سەقامگیری پارێزگای کەرکووک پتەوتر دەکات.

فەریق ڕوکن عەبدولئەمیر ڕەشید یارەڵڵا لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا باسی لە سەردانەکەی بۆ کەرکووک کرد و گوتی: سەردانەکەی بۆ بارەگای پۆلیسی فیدراڵ لە پارێزگای کەرکووک سەرکەوتوو بوو. یارەڵڵا گوتیشی: بوونی ناوەندی هەماهەنگی لەگەڵ پێشمەرگە، ئاسایش و سەقامگیری پارێزگای کەرکووک پتەوتر دەکات.

(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)

شاندی دانوستانکاری هەرێمی کوردستان دەگەڕێنەوە بەغدا

بە ئامانجی گەیشتنە ڕێککەوتنی کۆتایی گەڕێکی دیکەی کۆبوونەوە و دانوستانەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندی دەستپێدەکاتەوە و دووبارە شاندی هەولێر دەچێتەوە بەغدا. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

دەزگای خێرخوازیی بارزانی، تەماتە لە جووتیارانی پارێزگای دهۆک دەکڕێت

دەزگای خێرخوازیی بارزانی، بۆ پاراستنی بەروبوومی کشتوکاڵیی کوردستان و پشتیوانیکردنی جووتیاران، بڕیاری دا، لەپارێزگای دهۆک، تەماتە لە جووتیاران بکڕێتەوە.

هەڵمەتی کڕینەوەی تەماتە، لە چەند ناوچەیەکی پارێزگای دهۆک بەڕێوە دەچێت، ئامانجی دەزگای خێرخوازیی بارزانی لە هەڵمەتەدا، دوو مەبەستە، یەکیان بۆ پشتیوانیکردنی جووتیاران، بۆ ئەمەش چەند ناوچەیەکی پارێزگای دهۆک بۆ کڕینی تەماتە دیاریکراوە، هەوڵ دەدات چەند ناوچەیەک سوود لەو بڕیارە وەربگرن. مەبەستی دووەمیش، دابەشکردنی تەماتەیە بەسەر کەمپی ئاوارەکان. لە ژمارەی دادێ، ڕاپۆرتێک لەمبارەیەوە بڵاودەبێتەوە.



7

بەسەر کەمپی ئاوارەکان و خەڵکانی کەم دەرامەت دابەش دەکرێت

هەولێر.. خێرخوازێک کڕینی تەماتەی جووتیارانی قەزای خەبات لەئەستۆ دەگرێت



سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات

مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە جێنین هێنیس-پلاسخارت نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کرد. لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ دەربارەی بارودۆخی عێراق و هەوڵەکانی چارەسەر کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی کرا. **(زیاتر لە ل2 بخوێنەوە)**



دوای کۆتاییهاتنی کارەکەی کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەولێر پەیامێک ئاراستەی خەڵکی کوردستان دەکات

ستیف فەیگن کونسوڵی گشتی ئەمەریکا یەکێک بووە لە چالاکترین کونسوڵەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی دیکە لە هەرێمی کوردستان، فەیگن لە ماوەی دوو ساڵی کارکردنی جگە لە ئەرکی دیبلۆماسی ڕۆڵێکی گەورەشی لە پشتیوانی کولتووری و ڕۆشنبیری و زانستی بۆ چین و تونژەکانی خەڵکی کوردستان هەبووە. **(زیاتر لە ل3 بخوێنەوە)**

ئەمەریکا بە فەرمی لە WHO کشایەوە

دوای بڵاوبوونەوەی پەتای کۆڤید 19، سەرۆکی ئەمەریکا ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی بە کەمتەرخەم و لایەنگری چین تۆمەتبار کردو هەڕەشەی کشاندنەوەی وڵاتەکەی کرد لە ئەندامێتی ئەو ڕێکخراوە. دوێنێ سێ شەممە لەتوێتێکدا گەورە سیناتۆری دیموکراتەکان لە لیژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوەی ئەمەریکا ڕایگەیاند: کۆنگریسی ئەمەریکا چەند ئاماژەیەکی پێگەیشتووە کە دۆنالد ترامپ سەرۆکی ئەمەریکا بەفەرمی وڵاتەکەی لە ڕێکخراوی تەندروستی جیهانی WHO کشاندۆتەوە.

«خەبات» بەدواداچوون بۆ کێشەی کەمئاوی لە هەولێر دەکات

نزیکەی 1200بیری ئاو لەنێو گەڕەکەکانی هەولێر هەیە

5

گوتەبێژی فەرمیی بارەگای بارزانی
ئیدانەی تیرۆرکردنی هیشام ئەلهاشمی دەکات

دوێنێ سێ شەممە گوتەبێژی فەرمیی بارەگای بارزانی لە پەیامێکدا ئیدانەی تیرۆرکردنی هیشام ئەلهاشمی کردو رایگەیاند، بەتوندی ئیدانەی ئەو کردەوە تیرۆریستییە دەکەین، داوایش لە دەزگە پەیوەندیدارەکانی بەغدا دەکەین بکوژەکان بدۆزنەوە و ڕادەستی دادگایان بکەن، تا بە سزای خۆیان بگەن. ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

بەداخێکی زۆرەوە هەواڵی تیرۆرکردنی شارەزای بواری ئاساییش هیشام ئەلهاشمیمان پێگەییشت، کە بە کردەوەیەکی ستەمکارانەی گرووپەکانی دەرەوەی یاسا ئەنجام دراوە.

لە کاتێکدا کە بەتوندی ئیدانەی ئەو کردەوە تیرۆریستییە دەکەین، داوایش لە دەزگە پەیوەندیدارەکانی بەغدا دەکەین بکوژەکان بدۆزنەوە و ڕادەستی دادگایان بکەن، تا بە سزای خۆیان بگەن.

لە خودای مەزن داواکارین خوالێخۆشبوو بخاتە بەر ڕەحمەتی خۆی و دڵنەوایی و ئارامیش بە کەسوکاری ببەخشێت.

ڤیان دەخیل
گوتەبێژی فەرمیی بارەگای بارزانی
7-7-2020



سەرۆکی هەرێمی کوردستان بە تونديی ئیدانەی تیرۆرکردنی هیشام هاشمی دەکات
دەبێ لایەنە پەیوەندارەکان تیرۆریستان بدۆزنەوە و بیاندەنە دادگا

دوێنێ سێ شەممە 2020/7/7 سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی لە تویتێکدا سەرکۆنەی تیرۆرکردنی لێکۆڵەر و پسپۆڕی ئەمنیی عێراقی، هیشام هاشمی کرد کە ئێوارەی ڕۆژی دووشەمە لەبەردەم ماڵەکەی خۆی لە بەغدا تیرۆرکرا.

لە تویتەکەی سەرۆکی هەرێمی کوردستان، نێچیرڤان بارزانی دا هاتووە "بەتوندی سەرکۆنەی تیرۆرکردنی لێکۆڵەر و پسپۆڕی ئەمنیی عێراقی، هیشام ئەلهاشمی دەکەم کە دوێنێ لە هێرشێکی پلان بۆ داڕێژراودا لە بەغدا تیرۆر کرا. پرسە و سەرەخۆشی لە خێزانەکەی دەکەم و هاوخەمیانم. لایەنە پەیوەندارەکان دەبێ تیرۆریستان بدۆزنەوە و بیاندەنە دادگا".

شایەنی باسە ئێوارەی ڕۆژی دووشەمە شرۆڤەکاری بواری ئەمنیی، هیشام هاشمی لە بەردەم ماڵەکەی لە ناوچەی زەیونە لە شاری بەغدا لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوە، تیرۆرکرا.

عێراق.. پێکهێنانی دەستەیەک بۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی تیرۆرکردن

ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی لە عێراق ڕایگەیاند کە دەستەیەکی بە ئامانجی لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی تیرۆرکردن لە بەغدای پایتەخت و سەرجەم پارێزگاکانی دیکە پێکهێناوە. ئەنجوومەنی باڵای دادوەریی لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە، دەستەکە لە سێ دادوەر و ئەندامێکی داواکاری گشتیی پێکهاتووە کە بە هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی ناوخۆ لێکۆڵینەوە لە تاوانەکانی تیرۆرکردن لە بەغدا و سەرجەم پارێزگاکانی دیکە دەکەن.

ئەمەیش دوای ئەوە دێت کە ڕۆژی دووشەمە شرۆڤەکاری بواری ئەمنیی، هیشام هاشمی لە بەردەم ماڵەکەی لە ناوچەی زەیونە لە شاری بەغدا لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوە، تیرۆرکرا. تا ئێستا هیچ لایەنێک بەرپرسیاریەتی خۆی لە تیرۆرکردنی هیشام هاشمی ڕانەگەیاندووە.

هیشام هاشمی ساڵی 1973لە بەغدا لەدایکبووە و شارەزا و شرۆڤەکار بووە لە بواری گرووپە چەکدارەکان و چەندین لێکۆڵینەوەی لەوبوارەدا هەیە.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان تیرۆرکردنی هیشام هاشمی شەرمەزار دەکات
هیوادارم ئەنجامدەرانی تاوانەکە بە زووترین کات بە سزای خۆیان بگەن

دوێنێ سێشەممە 2020-7-7مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، لە پەیامێکدا تیرۆرکردنی هیشام هاشمی لە بەغدا شەرمەزار کرد، ئەمەش دەقی پەیامەکەیە:

تیرۆرکردنی شرۆڤەکاری سیاسی و کاروباری ئەمنیی عێراقی (هیشام هاشمی) بە تونديی سەرکۆنە و شەرمەزار دەکەم.

پرسە و سەرەخۆشی لە بنەماڵەکەی و هاوکارانی دەکەم. هیوادارم ئەنجامدەرانی تاوانەکە بە زووترین کات بدۆزرێنەوە و بە سزای خۆیان بگەن.

مەسرور بارزانی
سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان
7-7-2020

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە نوێنەری سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەکات
سەرۆکی حکوومەت: دانوستانەکانی نێوان هەولێر و بەغدا بەردەوامە بە ئامانجی چارەسەرکردنی هەموو کێشە هەلپەسێردراوەکان
نوێنەری سکرتێری گشتیی UN: ئامادەین هاوکاری هەولێر و بەغدا بکەین بۆ ڕێککەوتن



دوێنێ سێشەممە 2020/7/7 مەسرور بارزانی سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان پێشوازی لە جێنین هێنیس- پلاسخارت نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق کرد. لە کۆبوونەوەکەدا گفتوگۆ دەربارەی بارودۆخی عێراق و هەوڵەکانی چارەسەر کێشەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی کرا.

نوێنەری تایبەتی سکرتێری گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە عێراق ئامادەیی نیشاندا بۆ هاوکاریکردنی حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێکی گشتگیر و بنەڕەتی و درێژخایەن کە جێی ڕەزامەندی هەردوولا و لە بەرژەوەندی هەموو هاوواڵاتیانی عێراقدا بێت.

سەرۆکی حکوومەتی هەرێمی کوردستان ئاماژەی بەوەدا کە دانوستانەکانی نێوان هەرێمی کوردستان و حکوومەتی فیدراڵی بەردەوامە بە ئامانجی چارەسەرهەموو کێشە هەلپەسێردراوەکان بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتن لە سەر بنەمای دەستوور.

سەرۆکی حکوومەت هەروەها جەختیشی لە گرنگیی کاراکردنەوەی میکانیزمی هەماهەنگی هاوبەشی ئەمنی کردەوە لە نێوان هێزی پێشمەرگە و سوپای عێراق لە ناوچە کوردستانییەکانی دەرەوەی هەرێمی کوردستان.

دەنگۆی ئەوە هەیە لیواکانی حزبوڵڵا «هیشام هاشمی»یان تیرۆر کردبێت



دەنگۆی ئەوە هەیە پسپۆڕی ئەمنیی و سیاسیی، هیشام هاشمی کە لەلایەن ژمارەیەک کەسی نەناسراو لە بەغدا کوژرا، "بووبێتە ئامانجی لیواکانی حزبوڵڵا کە لەلایەن ئێرانەوە پشتیوانی دەکرێت".

هاوڕێی هاشمی، مەعەن حەبیب لە هەژماری فەرمی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی نووسیوویەتی: لیواکانی حزبوڵڵا هاشمی'یان کوشتووە. مەعەن حەبیب ئاماژەی بەوە داوە کە لەو گفتوگۆیەی لەگەڵ هاوڕێکەی کردوویەتی هیشام هاشمی هەفتەیەک لەمەوبەر پێی گوتووە "لیواکانی حزبوڵڵا هەڕەشەی کوشتنیان لێ کردووە".

هیشام هاشمی کە لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا لە بەغدای پایتەخت کرایە ئامانج، ڕەخنەی لە هەڵوێستی گرووپە چەکدارە شیعەکانی نزیک لە ئێران دەگرت بەرامبەر دەوڵەت و داکۆکی لەوە دەکرد، حکوومەت پێویستە سەربەخۆ بێت لە دەرەوەی مەزهەبگەرایی.

مستەفا کازمی: ئەو کەسانەی تێوەگلان لە کوشتنی عێراقییەکان ڕووبەڕووی دادگا دەکرێنەوە
هەرگیز ڕێگە بە ڕوودانی گرژیی و دروستکردنی سیاسەتی مافیا لە عێراق نادەین



سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی ڕایگەیاند کە هێشتا هەست بە ئازاری تیرۆرکردنی هیشام هاشمی دەخەنەگەڕ.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە هەر لە کۆبوونەوەکەدا، مستەفا کازمی گوتوویەتی: ئەو کەسانەی تێوەگلان لە کوشتنی عێراقییەکان ڕووبەڕووی دادگا دەکرێنەوە، هەرگیز ڕێگە بە ڕوودانی گرژیی و دروستکردنی سیاسەتی مافیا لە عێراق نادەین.

ڕاشیگەیاندووە کە، ڕێگە بە هیچ کەسێک نادەن عێراق بکات بە دەوڵەتی چەتەکان و گوتی: گەلەکەمان شایەنی باشترینن بۆیە دەبێت لە پێناویان کاری زیاتر بکەین و کاتی ئەوە هاتووە دەستکەوت و کارەکان دەربکەون.

سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی ڕایگەیاند کە هێشتا هەست بە ئازاری تیرۆرکردنی هیشام هاشمی دەکەن، جەختیش لە سەر ئەوە دەکاتەوە، ئەو کەسانەی کە تێوەگلان لە کوشتنی عێراقییەکان ڕووبەڕووی دادگا دەکرێنەوە.

ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، بەسەرۆکایەتی مستەفا کازمی کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی سازکرد. نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا، ئاوەژوکی کۆبوونەوەکەی خستەڕوو و ڕایگەیاند لە کۆبوونەوەکەدا، مستەفا کازمی باسی ئاماژەی بەوەداوە کە یەکێک لە شەقامەکانی بەغدا بەناو هیشام هاشمی دەکرێت و جەختیکردووەتەوە لەسەر ئەوەی کە هەوڵی زیاتر بۆ دەستگیرکردن و سزادانی بکوژانی هیشام هاشمی دەخەنەگەڕ.

بەپێی ڕاگەیەندراوەکە هەر لە کۆبوونەوەکەدا، مستەفا کازمی گوتوویەتی: ئەو کەسانەی تێوەگلان لە کوشتنی عێراقییەکان ڕووبەڕووی دادگا دەکرێنەوە، هەرگیز ڕێگە بە ڕوودانی گرژیی و دروستکردنی سیاسەتی مافیا لە عێراق نادەین.

ڕاشیگەیاندووە کە، ڕێگە بە هیچ کەسێک نادەن عێراق بکات بە دەوڵەتی چەتەکان و گوتی: گەلەکەمان شایەنی باشترینن بۆیە دەبێت لە پێناویان کاری زیاتر بکەین و کاتی ئەوە هاتووە دەستکەوت و کارەکان دەربکەون.

سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی ڕایگەیاند کە هێشتا هەست بە ئازاری تیرۆرکردنی هیشام هاشمی دەکەن، جەختیش لە سەر ئەوە دەکاتەوە، ئەو کەسانەی کە تێوەگلان لە کوشتنی عێراقییەکان ڕووبەڕووی دادگا دەکرێنەوە.

ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، بەسەرۆکایەتی مستەفا کازمی کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی سازکرد. نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا، ئاوەژوکی کۆبوونەوەکەی خستەڕوو و ڕایگەیاند لە کۆبوونەوەکەدا، مستەفا کازمی ڕایگەیاند کە هێشتا هەست بە ئازاری تیرۆرکردنی هیشام هاشمی دەکەن، جەختیش لە سەر ئەوە دەکاتەوە، ئەو کەسانەی کە تێوەگلان لە کوشتنی عێراقییەکان ڕووبەڕووی دادگا دەکرێنەوە.

ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، بەسەرۆکایەتی مستەفا کازمی کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی سازکرد. نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا، ئاوەژوکی کۆبوونەوەکەی خستەڕوو و ڕایگەیاند لە کۆبوونەوەکەدا، مستەفا کازمی ڕایگەیاند کە هێشتا هەست بە ئازاری تیرۆرکردنی هیشام هاشمی دەکەن، جەختیش لە سەر ئەوە دەکاتەوە، ئەو کەسانەی کە تێوەگلان لە کوشتنی عێراقییەکان ڕووبەڕووی دادگا دەکرێنەوە.

ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، بەسەرۆکایەتی مستەفا کازمی کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی سازکرد. نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا، ئاوەژوکی کۆبوونەوەکەی خستەڕوو و ڕایگەیاند لە کۆبوونەوەکەدا، مستەفا کازمی ڕایگەیاند کە هێشتا هەست بە ئازاری تیرۆرکردنی هیشام هاشمی دەکەن، جەختیش لە سەر ئەوە دەکاتەوە، ئەو کەسانەی کە تێوەگلان لە کوشتنی عێراقییەکان ڕووبەڕووی دادگا دەکرێنەوە.

ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، بەسەرۆکایەتی مستەفا کازمی کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی سازکرد. نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا، ئاوەژوکی کۆبوونەوەکەی خستەڕوو و ڕایگەیاند لە کۆبوونەوەکەدا، مستەفا کازمی ڕایگەیاند کە هێشتا هەست بە ئازاری تیرۆرکردنی هیشام هاشمی دەکەن، جەختیش لە سەر ئەوە دەکاتەوە، ئەو کەسانەی کە تێوەگلان لە کوشتنی عێراقییەکان ڕووبەڕووی دادگا دەکرێنەوە.

ئەنجوومەنی وەزیرانی عێراق، بەسەرۆکایەتی مستەفا کازمی کۆبوونەوەی ئاسایی خۆی سازکرد. نووسینگەی سەرۆکوەزیرانی عێراق لە ڕاگەیەندراوێکدا، ئاوەژوکی کۆبوونەوەکەی خستەڕوو و ڕایگەیاند لە کۆبوونەوەکەدا، مستەفا کازمی ڕایگەیاند کە هێشتا هەست بە ئازاری تیرۆرکردنی هیشام هاشمی دەکەن، جەختیش لە سەر ئەوە دەکاتەوە، ئەو کەسانەی کە تێوەگلان لە کوشتنی عێراقییەکان ڕووبەڕووی دادگا دەکرێنەوە.





دوای کۆتاییهاتنی کارەکەی، کونسوڵی گشتی ئەمەریکا لە هەولێر پەیامێک ئاراستەی خەڵکی کوردستان دەکات

کارکردن لەگەڵ خەڵکی هەرێمی کوردستان بە ئاراستەی بەرەودان بە ئامانجە هاوبەشەکانمان بۆ من ئیمتیاز و شەرەف بووە

لەم دووسااڵەی رابردوودا وەک ماڵی خۆم سەیری هەولێرم کردووە

خەبات – مەریوان نەقشبەندی

ستیف فەیگن کونسوڵی گشتی ئەمەریکا یەکێک بووە لە چالاکترین کونسوڵەکانی ئەمەریکا و وڵاتانی دیکە لە هەرێمی کوردستان، فەیگن لە ماوەی دوو ساڵی کارکردنی جگە لە ئەرکی دیبلۆماسی ڕۆڵێکی گەورەشی لە پشتیوانی کولتووری و ڕۆشنبیری و زانستی بۆ چین و تۆڕەکانی خەڵکی کوردستان هەبووە. دوای تەواوبوونی کارەکەی و پێش ئەوەی هەولێر بەجێبهێڵێت ئەم پەیامەی بڵاوکردەوە کە وێنەیەکی دەست ڕۆژنامەی خەبات کەوتووە و لەگەڵ پەیامەکەشیدا چەند وێنەیەکی بڵاوکردۆتەوە:

لەگەڵ ئامادەکاریم بۆ بەجێهێشتنی هەولێر کە ئەم دوو ساڵەی ڕابردوو وەک ماڵی خۆم سەیرم کردووە حەزدەکەم سوپاسگوزاری خۆم ئاڕاستە بکەم لە بەرامبەر هاوڕێ و یادگاری و پێکەوە بەدەستهێنانی کاری شایستە و ماناداڕ. کارکردن لەگەڵ خەڵکی هەرێمی کوردستان بە ئاڕاستەی بەرەودان بە ئامانجە هاوبەشەکانمان ئیمتیاز و شەرەف بووە بۆ من و لە هەمان کاتیشدا بووەتە بەشێکی دیار و سەرەکی پیشەکەم.

خۆشحاڵبووم بە کارکردن لەگەڵ جێگری کونسوڵی گشتی ئیلیزابێس ڕەوزنستۆک/ سیلەر کە ئەویش بەم نزیکانە هەولێر بەجێدەهێڵێت و هەروەها تەواوی ستافی کونسوڵخانە کە لە ڕێبانەوە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا پەیوەندییەکانی لەگەڵ خەڵکی هەرێمی کوردستاندا پتەوتر کردووە. تکایە بینەری پەیجەکانمان بن لە سۆشیال میدیا بۆ بەخێرهاتنکردن لە کونسوڵی گشتی و جێگری کونسوڵی گشتی نوێ بۆب وژڵەر و کەیتی کایزەر لە چەند ڕۆژی داهاتوودا.

سەیری ئەم وێنانە بکەن کە نیشاندەری هەندێک لە بەرچاوترین ئەو ساتانەن لە هەرێمی کوردستان بەسەرم بردوون. سوپاستان دەکەم بۆ هاوبەشی پێکردنی کولتوورە نایابەکەتان لەگەڵمدا لە ماوەی ئەم دوو ساڵەی ڕابردوودا.

ستیف فەیگن، کونسوڵی گشتی

پەرلەمانی کوردستان

ڕاپۆرتێک لەسەر بۆردومانەکانی تورکیا ئامادە دەکات



پەرلەمانی کوردستان لەڕێگەی لیژنەیەکەوە بەدواداچوون لەسەر ئەو پەلامار و بۆردومانانە ئامادە دەکات کە لەلایەن فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیاوە لە ناوچەکە کرانە سەر سنووری قەزای ماوەت دەکات.

کامەران حەسەن، قایقامی قەزای ماوەت بە خەباتی ڕاگەیاند: لەمیانەی کاری ئەو لیژنەیەی کە پەرلەمانی کوردستان بۆ بەدواداچوون و لێکۆڵینەوە لە هۆکاری بۆردومانەکانی تورکیا و ئێران بۆ ناوچە سنوورەییەکانی هەرێمی کوردستان ئەنجامی دەدات، لیژنەکە لە نزیکەوە قسەیان لەگەڵ هاوواڵاتیانی ئەو شوێنانە کردووە کە لە سنوورەکەمان ڕووبەڕووی بۆردومانەکان بوونەتەوە.

گوتیشی: ئەو لیژنەیە ڕاپۆرتێک لەسەر زیانەکانی بۆردۆمانەکە ئامادە دەکەن کە هیوادارین کاریگەری هەبێت لەسەر قەرەبووکردنەوەی زیانەکان لەلایەن حکوومەتی هەرێمی کوردستانەوە، هاوکات بتوانرێت سنوورێک بۆ پەلامارەکانی خەڵکی سڤیل و مەدەنی سنوورەکە دابنرێت.

لە ماوەی ڕابردوودا لە گوندێکی قەزای ماوەت، فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا ئەو ناوچەیان بۆردومان کردو زیانێکی زۆری مادی بە خانوو و ڕەز و باخی هاوواڵاتیانی سڤیل گەیشت، هاوکات لە ناوچەکانی سیدەکان، زاخۆ و قەزا و ناحیەکانی دیکەی دهۆک و شنگالیش فڕۆکە جەنگییەکانی تورکیا چەندین شوێنیان بۆردومان کردووە.

شاندی دانوستانکاری هەرێمی کوردستان دەگەڕێنەوە بەغدا

بە ئامانجی گەیشتنە ڕێککەوتنی کۆتایی گەڕێکی دیکەی کۆبوونەوە و دانوستانەکانی نێوان حکوومەتی هەرێمی کوردستان و حکوومەتی ناوەندی دەستپێدەکاتەوە و دووبارە شاندی هەولێر دەچێتەوە بەغدا.

بەپێی زانیارییەکان شاندەکەی هەرێمی کوردستان لەدوای گەڕانەوەیان لە بەغدا سەرقاڵی تاوتوێکردن و هەڵسەنگاندنی داواکارییەکانی بەغدا بوون لەگەڵ سەرۆکایەتی حکوومەت و جارێک بەجیا لەگەڵ سەرۆکی ئەنجوومەنی وەزیران کۆبوونەتەوە و جارێکیش لە کۆبوونەوەی ئەنجوومەنی وەزیراندا گفتوگۆی لەسەر کراوە بۆ ئامادەکردنی وەرەقەیەکی نوێ کە لەگەڵ بەغدا لەسەری ڕێکبکەون.

بۆ تاوتوێکردنی دواهەمین وەرەقەیش، وا بڕیارە ئەمڕۆ چوارشەممە ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستان بە سەرۆکایەتی مەسرور بارزانی کۆدەبێتەوە و، بڕیار لە وەردەکاری تەواو دەدرێت کە شاندی هەرێم ئەمجارە لەگەڵ خۆیان دەیبەنەوە ناوەند، دوای کۆبوونەوەکەش شاندەکە دەگەڕێنەوە بەغدا و دەست بە کۆبوونەوەکانیان دەکەنەوە.

پێشتر وەزیری پلاندانانی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، دارا ڕەشید ڕایگەیاندبوو کە ئەوان نییەتی ڕێککەوتنیان هەیە و دەیانەوێت لەگەڵ بەغدا بگەنە ڕێککەوتنی کۆتایی.

ئەنجوومەنی وەزیرانی هەرێمی کوردستانیش لە دوا کۆبوونەوەی خۆیدا لە ڕۆژی یەکی تەمووز لە ڕاگەیاندراوێکدا بڵاویکردەوە کە، ئەنجوومەنی وەزیران بڕیاریدا کە حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە گفتوگۆکانی بەردەوام بێت بۆ گەیشتن بە ڕێککەوتنێک لەگەڵ حکوومەتی فیدراڵ کە ماف و شایستە دەستوورییەکانی هەرێمی کوردستانی تیادا پارێزراو بێت.



لە سنووری پردێ جووتیارێکی کورد لەلایەن داعشەوە ڕفێندرا

لە سنووری ناحیەی "پردێ"ی سەر بە پارێزگای کەرکووک، جووتیارێکی کورد لەلایەن چەکدارانی داعشەوە ڕفێندرا. بەپێی زانیارییەکانی خەبات کە لە ناوچەکەوە وەری گرتووە، لە گوندی (کۆڵدەرە)ی سەر بەناحیەی پردێ، چەند چەکدارێکی داعش هاوواڵاتیەکی کوردیان بە ناوی (فازڵ محەمەد کەیم) تەمەن 70ساڵ، کە پیشەی جووتیارە، بۆ شوێنی نادیار ڕفاندووە.

تا دوێنێ سێشەممە 7/7/2020ڕفێندراوەکە هیچ پەیوەندییەکی بە کەسوکارەکەیەوە نەکردووە و چارەنووسی نادیارە.

هەندێک گۆڕانکاری بە ئامانجی پتەوترکردنی ئاسایشی کەرکووک ئەنجام دەدرێت

سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق: بوونی ناوەندی هەماهەنگی لەگەڵ پێشمەرگە، ئاسایش و سەقامگیری پارێزگای کەرکووک پتەوتر دەکات



سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق، فەریق ڕوکن عەبدولئەمیر ڕەشید یارەڵلا ڕایگەیاند کە بوونی ناوەندی هەماهەنگی لەگەڵ پێشمەرگە، ئاسایش و سەقامگیری پارێزگای کەرکووک پتەوتر دەکات.

فەریق ڕوکن عەبدولئەمیر ڕەشید یارەڵلا لە لێدوانێکی ڕۆژنامەوانییدا باسی لە سەردانەکەی بۆ کەرکووک کرد و گوتی: سەردانەکەی بۆ بارەگای پۆلیسی فیدراڵ لە پارێزگای کەرکووک سەرکەوتوو بوو. یارەڵلا گوتیشی: بوونی ناوەندی هەماهەنگی لەگەڵ پێشمەرگە، ئاسایش و سەقامگیری پارێزگای کەرکووک پتەوتر دەکات.

سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق، فەریق ڕوکن عەبدولئەمیر ڕەشید یارەڵلا لە سەردانەکەی بۆ کەرکووک، پەیوەندیی نێوان هێزەکانی فیدراڵ و پێشمەرگە لەگەڵ شێوازی کارکردن لە نێوان هەردوولادا تاوتوێکردووە و گوتیشی: هەندێک گۆڕانکاری بە ئامانجی پتەوترکردنی ئاسایشی کەرکووک ئەنجام دەدرێت.

جێی باسە ڕۆژی دووشەمە سەرۆک ئەرکانی سوپای عێراق، فەریق ڕوکن عەبدولئەمیر ڕەشید یارەڵلا بە سەرۆکایەتی شاندێکی باڵا، بەمەبەستی ئاگادارکردنەوەی لە ڕەوشی ئەمنی و گرتنەبەری ڕێوشوێنەکانی تایبەت بە بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنای نوێ سەردانی شاری کەرکووکی کردبوو.

پێشتریش وەزارەتی پێشمەرگە ئاشکرای کردبوو کە لەگەڵ بەغدا لەسەر دەستپێکردنەوەی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکانی نێوان هەردوولا بە ئامانجی ڕاوەدوونانی تیرۆریستانی داعش لە سنووری پارێزگاکانی دیالە، سەڵاحەددین و کەرکووک ڕێککەوتوون.

بانگەوازە نێودەوڵەتییەکان بۆ دەستگیرکردن و بەسزاگەیاندنی بکوژانی هیشام هاشمی



ئاژانسی ئەسۆشیێتد پرێس:

داوا لە هیشام هاشمی کرابوو بۆ رزگارکردنی خۆی بچێتە هەولێر

داوا لە توێژەر و پسپۆڕی ئەمنیی عێراقیی تیرۆرکراو هیشام هاشمی کرابوو بۆ رزگارکردنی خۆی، خۆی بگەیەنێتە هەولێر. ئاژانسی (ئەسۆشیێتد پرێس) لە راپۆرتێکدا بڵاوی کردووەتەوە، کە هیشام هاشمی چەند هەفتەیەک بەر لە کوژرانی، بە هاوڕێ و کەسوکاری خۆی گوتووە ترسی لەوە هەیە میلیشیاکانی حەشدی شەعبی، کە ئێران پاڵپشتییان دەکات، بیکوژن. هەروەک ئەسۆشیێتد پرێس بڵاوی کردووەتەوە، هاوڕێکانی هیشام هاشمی داوایان لێکردووە بەهۆی ئەو مەترسییانەوە، چیتر لە بەغدا نەمێنێت و ڕوو بکاتە هەولێر و لەوێ دریژە بە ژیانی بدات.

ئێوارەی ڕۆژی دووشەممە 6-7-2020 ژمارەیەک چەکدار، بە سواری دوو ماتۆرسکیل، لە بەردەم ماڵەکەی خۆیدا لە گەڕەکی زەیبونەی بەغدا تەقەیان لە هیشام هاشمی، پسپۆڕ و توێژەری ئەمنی و میلیشیا و گرووپە تیرۆریستییەکان کرد و دەستبەجێ گیانی لەدەست دا.

کەنالی (ئەلحورە) لە زاری ڕۆژنامەنووسێکی هاوڕێی هیشام هاشمی بڵاوی کردووەتەوە، هاشمی دوو هەفتە بەر لە ئێستا بەو ڕۆژنامەنووسەی ڕاگەیاندبوو، کە ئەبو عەلی عەسکەری، بەرپرسێکی ئەمنیی میلیشیای حزبوڵڵای عێراقی هەڕەشەی لێکردبوو و پێیگوتبوو، «لە ماڵەکەی خۆت دەتکوژم».

هیشام هاشمی لە ساڵی 1973لە بەغدا لەدایک بووە و لە ساڵی 1997ەوە توێژینەوەی لەبارەی ڕێکخراو و گرووپە تیرۆریستییەکان دەکرد.

بەهۆی ناکارایی هێزە ئەمنی و سەربازییەکانی عێراق، گرووپ و میلیشیا تووندڕەو، تائیفی و تیرۆریستییەکان بەبێ هیچ ترسێک لە بەغدا و شارەکانی دیکەی ئەو ووڵاتە کردەی تیرۆریستی و تاوانکاری بۆ بەرژەوەندیی ئەو لایەنانەی کاریان بۆ دەکەن، ئەنجام دەدەن.

هەریەک لە نەتەوە یەکگرتووەکان، ئەمەریکا و بەریتانیا داوایان لە دەسەڵاتدارانی عێراق کرد، بکوژرانی شرۆڤەکاری بواری ئەمنیی، هیشام هاشمی دەستگیر بکەن بۆ ئەوەی سزای تووند بدرێن، هاوکات سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی بەڵێنی دا، بکوژانی هیشام هاشمی دەستگیر بکات.

ڕۆژی دووشەممە شرۆڤەکاری بواری ئەمنیی، هیشام هاشمی لە بەردەم ماڵەکەی خۆی لە ناوچەی زەیونە لە شاری بەغدا لەلایەن ژمارەیەک چەکداری نەناسراوە، تیرۆرکرا. لای خۆیەوە نێردەی تایبەتی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ عێراق، جینین هینیس پلاسخارت لە توێتێکدا سەبارەت بە ڕووداوی تیرۆرکردنی هیشام هاشمی نووسیوویەتی "تووشی شۆک بووین کاتێک هەواڵی تیرۆرکردنی دکتۆر هیشام هاشمی-مان بیست و بەتوندی ئەو کردە چەپەڵ و قێزەوەنە ئیدانە دەکەین و سەرەخۆشی خۆمان ڕاستەی کەسوکار و دۆستانی هیشام هاشمی دەکەین".

لە بەشێکی دیکەی توێتەکەیدا، جینین هینیس-پلاسخارت داوای لە حکوومەتی عێراق کردووە کە بەپەلە بکوژانی هیشام هاشمی دەستگیر بکات بۆ ئەوەی بدرێن بە دادگا.

لە لایەکی دیکەوە باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاماژەی بەوە داوە کە نێردەی ئەمەریکا لە عێراق لە هەمبەر تیرۆرکردنی شرۆڤەکاری بواری ئەمنیی، هیشام هاشمی هەست بە نیگەرانییەکی قوڵ دەکات. لە ڕاگەیەندراوەکەی باڵیۆزخانەی ئەمەریکا لە بەغدا داوا لە حکوومەتی عێراق کراوە، ئەو کەسانەی کە بەرپرسن لە تیرۆرکردنی هیشام هاشمی دەستگیر بکات بۆ ئەوەی بدرێن بە دادگا.

لای خۆیەوە باڵیۆزی بەریتانیا لە بەغدا، ستیفن هیکی لە هەژماری تایبەتی خۆی لە تۆڕی کۆمەڵایەتیی تویتەر سەبارەت بە تیرۆرکردنی هیشام هاشمی نووسیوویەتی "بیستنی هەواڵیی تیرۆرکردنی هیشام هاشمی زۆر ئازاری دام، چونکە عێراق یەکێک لە باشترین کەسە ئازا و خاوەن هزرەکانی لەدەست دا". ئەوەیشی نووسیووە "نابێت ڕێگە بدرێت ئەو هێرشانە بەردەوام بن، پێویستە حکوومەتی عێراق بە پاڵپشتی کۆمەڵگای نێودەوڵەتیی، تاوانبارانی ئەو ڕووداوە دەستگیر بکات تا سزای تووند بدرێن".

هاوکات سەرۆکی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق، محەمەد حەلبوسی لە ڕاگەیەندراوێکدا داوای لە لایەنە پەیوەندارەکانی حکوومەت کرد، بەزووترین کات لێکۆڵینەوەکانی تایبەت بە تیرۆرکردنی هیشام هاشمی بۆ ڕای گشتیی ڕابگەیەنن و ئەو کەسانەیش کە تێوەگلاون لە تیرۆرکردنی هیشام هاشمی ئاشکرا بکەن. هاوکات سەرۆکوەزیرانی عێراق، مستەفا کازمی لە هەمبەر تیرۆرکردنی هیشام هاشمی بەڵێنی دا، بکوژانی هیشام هاشمی دەستگیر بکات، هەروەها ڕێگە نەدات شەپۆلی دووەمی تیرۆر سەرهەڵبدات و هەوڵەکانیشی دەخاتە گەڕ بۆ ئەوەی چەک تەنها لە دەستی دەوڵەت دا بێت.

خورماتوو.. گەڕەکە کوردییەکان لە پڕۆژە خزمەتگوزاریەکان فەرامۆش کراون

ئەرسەلان عەلی بۆ «خەبات»: لە ئێستادا زۆربەی زۆری پڕۆژەکان لە گەڕەکە تورکمان و عەرەب نشینەکانی خورماتوو ئەنجام دەدرێت



سەپێندراوی خورماتووەوە فەرامۆش کراوە، بەتایبەت باس لەوە دەکرێت کە لە دوای 16ی ئۆکتۆبەری 2017ەوە هەشت ملیار دینار وەک بودجەی پەرەپێدانی هەرێمایەتی بۆ ئەنجامدانی پڕۆژە بۆ خورماتوو خەرج کراوە، بەڵام کەچی دەبینین هیچ بۆ گەڕەکە کوردییەکان نەکراوە. گوتیشی: لەو بڕە پارەیەش کە بۆ ئەنجامدانی خزمەتگوزاری بۆ خورماتوو خەرج کراوە هەم هەدردانی تێدا کراوە و هەمیش ئەوەی کە بکرێت بۆ پڕۆژە بۆ ناوچە تورکمان و عەرەب نشینەکانە، دانیشتوانی گەڕەکە کوردییەکانیش زۆر ناڕازیبان لەسەر ئەوەی کە هیچ خزمەتگوزاریی و پڕۆژەیەکیان بۆ ئەنجام نادرێت.

لە خورماتوو، ئیدارەی سەپێنداروی شارەکە هیچ پڕۆژەیەکی خزمەتگوزاری بۆ گەڕەکە کوردییەکان ئەنجام نادات، بەرپرسێکیش ڕایدەگەیەنێت، لە خورماتوو پڕۆژە بۆ گەڕەکە تورکمان و عەرەبنشینەکان ئەنجام دەدرێت، بەڵام گەڕەکە کوردییەکان پشتگوێ خراون.

ئەرسەلان عەلی، بەرپرسی ناوچەی خورماتووی پارتی دیموکراتی کوردستان، بە خەباتی ڕاگەیاند: ئێستا زۆربەی زۆری پڕۆژەکان لە گەڕەکە تورکمان و عەرەب نشینەکانی خورماتوو ئەنجام دەدرێت و گەڕەکە کوردییەکانی شارەکەش بەتەواوەتی لەلایەن ئیدارەی نەخۆشخانەیان جێهێشتووە.

سیما سادات لاری ئاماژەی بەوەیش کرد کە تا ئێستا تێکڕا، یەک ملیۆن و 846 هەزار و 739 پشکنین ئەنجامدراوە.

لە لایەکی دیکەشەوە سەرۆکی زانکۆی زانستە تەندروستییەکان لە پارێزگای ئازەربایجانی خۆرئاوا لە ئێران، جەواد ئاغازادە، ئاشکرایکرد کە دوو نەخۆشخانەی تەرخانکراو بۆ نەخۆشانی قایرۆسی کۆرۆنای نوێ لە ورمێ پڕبوون.

بەرزترین ئاستی گیانلەدەستدانی لە ڕۆژێکدا تۆمارکرد

ئێران 200 کەسی دیکە بەهۆی کۆرۆنا گیانیان لەدەست دا

لە ئێران لە میانی 24 کاتژمێردا، 200کەسی دیکە بەهۆی پەتای قایرۆسی کۆرۆنای نوێ گیانیان لەدەستداوە، ئەمەیش بەرزترین ئاستی گیانلەدەستدانە لە ڕۆژێکدا تاکو ئێستا بەهۆی قایرۆسەکە لەو وڵاتە. گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران، سیما سادات لاری ڕایگەیاند کە لە میانی 24کاتژمێردا، 200 کەسی دیکە بەهۆی پەتاکە گیانیان لەدەستداوە و دوو هەزار و 637حاڵەتی نوێی تووشبوون بەو پەتایە تۆمارکراوە.

سیما سادات لاری ئەوەیشی خستەڕوو کە تێکڕای ژمارەی گیانلەدەستدان بە پەتاکە گەیشتووەتە، 11 هەزار و 931کەس و ژمارەی تووشبووانیش بەرزبووەتەوە بۆ 245هەزار و 688کەس.

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستیی ئێران هەروەها باسی لەوە کرد کە ڕەوشی تەندروستیی سێ هەزار و 270تووشبوو ناجێگیرە و 207هەزار تووشبووش چارەسەریان وەرگرتووە و بەزەکە کایا لە ناوچەی تەپەئۆرەن سەربە قەزای نسێبین لە پارێزگای ماردین، شوێنەواری میژوویی.

– چەمکا هۆیغو لە سنووری ناوچەی ئیلیسو لە سنووری قەزای دارگێچیت سەربە پارێزگای ماردین.

– ئەو شوێنەی دەکەوێتە ناوچەی یوکاری هامەدان سارنچلار لە سنووری کانی ناوچەی یوکاریهامەدان لە قەزای ئەیوبیە سەربە پارێزگای ئورفا.

–پایاملێ سارنچلار و تاش ئۆجاغی لە ناوچەی پایاملێ لە پارێزگاکانی ئورفا و ماردین لە باکووری کوردستان، ژمارەیەک ناوچە وەک شوێنەواری میژوویی بە پلەی یەک و دوو تۆمارکران. بەپێی ڕاگەیەندراوێکی وەزارەتی کولتوور و گەشتوگوزاری تورکیا کە لە ژمارەی دوێنێ سێشەممەی ڕۆژنامەی فەرمی تورکیادا بڵاوکراوەتەوە، ئەو ناوچانەی وەک شوێنەواری میژوویی دیاریکراون بەم شێوەیەیە::

ناوچەی نیشتەجێبوونی قەزای ئەیوبیە و کنالێتەپە هارابەلەر لە ناوچەی کنالێتەپەی قەزای ویرانشەهر و بۆبەی ناوچەی بۆبەی قەزای ئاکچاکالە سەربە پارێزگای ئورفا.

– گۆنولو هۆیوغو لە ناوچەی یۆلبیلەن و تەپەدوزو هۆیوغو لە ناوچەی تەپەدوزو لە قەزای ویرانشەهر سنووری پارێزگای ئورفا وەک شوێنەواری میژوویی پلە دوو تۆمارکران.

باکووری کوردستان...

تۆمارکردنی ژمارەیەک ناوچە وەک شوێنەواری میژوویی لە پارێزگاکانی ئورفا و ماردین



دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی پارتی دیموکراتی کوردستان ئیدانەی تیرۆرکردنی شرۆڤەکاری سیاسی(هیشام ئەلهاشمی) دەکات

تیرۆرکردنی شرۆڤەکاری سیاسی و کاروباری ئەمنی عیراق و ڕۆژنامەنووس(هیشام ئەلهاشمی) دڵگرانی کردین، ئێمە لە کاتێکدا ئەو تاوانە قێزەونە زۆر بەتوندی ئیدانە دەکەین و بە کردەوەیەکی تیرۆریستی دادەنێین، داواکارین لە لایەنە پەیوەندیدارەکانی حکومەتی عێراقی فیدراڵ تاوانباران بە سزای خۆیان بگەیەنن و ڕێگری بکەن لە دووبارەبوونەوەی تاوانی دیکەی لەو جۆرە. هاوکات پرسە و سەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی خوالێخۆشبوو دەکەین و، لە خوای گەورە داواکارین بەبەهەشتی بەرین شاد بکات.

دەزگای ڕۆشنبیری و ڕاگەیاندنی
پارتی دیموکراتی کوردستان
٧ی٧ی٢٠٢٠



خەبات بەدواداچوون بۆ کێشەی کەمئاوی لە هەولێر دەکات

نزیکەی 1200 بیری ئاو لەنێو گەڕەکەکانی هەولێر هەیە

بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر کەمبوونەوەی کارەبا بەهۆکاری کەمئاوی دەزانێت

بەدواداچوون: فاتیح بەرزنجی

وێڕای ئەوەی پێداویستییەکی ژیانی ڕۆژانەی هەموو تاکێکە، ئاو سامانێکی نیشتیمانی گرنگەو نابێ بەئاسانی بەفیڕۆی بدەین، بۆیە لەسەر هەموو تاکێکی کۆمەڵگا پێویستە ئاو بەهەدەر نەدات، لە ئێستادا بەشێکی گەڕەکەکانی هەولێری پایتەخت کێشەی کەمئاوییان هەیەو ڕۆژنامەی خەبات بۆ بەدواداچوونی ئەو کێشەیە سەردانی بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێری کرد.

بەپێی قسەکانی ئەندازیار ئاری ئەحمەد بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر، لەسەر دڕووستبوونی کێشەی کەمئاوی و بەمەبەستی چارەسەرکردنی کێشەی کەمئاوی کە لە چەند گەڕەکێکی هەولێر دڕووستبووە، لە پارێزگای هەولێر بەسەرپەرشتی دکتۆر فرسەت سۆفی پارێزگاری هەولێرو جێگری پارێزگار و بەڕێوەبەری گشتی ئاو و ئاوەڕۆ و بەڕێوەبەری گشتی کارەبای هەولێر و بەڕێوەبەری ئاوی سۆران، کۆبوونەوەیەکی فراوان دەربارەی کێشەی کەمئاوی و دۆزینەوەی ڕێگەچارەی کێشەکە سازکراوە.

ئەندازیار ئاری ئەحمەد بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر دەربارەی کێشەی کەمئاوی و چۆنیەتی چارەسەرکردنی دەڵێت: ساڵانە لە وەرزی هاوین ژمارەیەک لە هاوڵاتیان سەردانمان دەکەن بەهۆی نەبوون و کێشەی کەمئاوی گەڕەکەکان لەشاری هەولێر، ئێمەش بەشێوەیەکی بەردەوام پێشوازی لە هاوڵاتیان دەکەین و گوێ لە سکاڵاو کێشەو گرفتی هاوڵاتیان دەگرین.

بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر دەشڵێت: بەپێی توانا چارەسەری کێشەی کەم ئاویان بۆ دەکەین و لای هەموومان ئاشکرایە کە لەوەرزی هاوین خواست لەسەر ئاو زۆر زیاد دەکات و هۆکاری سەرەکی کەمئاویش خۆی لەچەند تەوەرێک دەدۆزێتەوە، جگە لەوە کێشەیەکی دیکەش، کە بریتییە لە کەمی تەزووی کارەبا هەبوونی بەشێوەی پچڕپچڕ، کە کێشەی زۆری بۆ دروست کردووین، هەروەها هۆکاریکی دیکە نەبوونی پێوەری ئاو و تەوافەی ناو تانکی ئاوی ماڵانە، کە ڕۆژانە ئاوێکی زۆر بە فیڕۆ دەڕوات، ئەگەر هاوڵاتیانی ناو گەڕەکەکان هاوکاری یەکتر بکەن کێشەی کەمئاوی تا ڕادەیەک چارەسەر دەبێت، بەڵام بەداخەوە لە هەندێک گەڕەک هاوڵاتیان هاوکاری یەکتر ناکەن و (مزەخە) کانیان ناکۆژێننەوەو ئاو بەفیڕۆ دەدەن و بەردەگاو کۆڵان دەشۆن و ئاوەکە ناگاتە هەموو ماڵەکان.

ئەندازیار ئاری ئەحمەد لەبارەی چۆنیەتی دابەشکردنی ئاو بۆ خەبات گوتی: دابەشکردنی ئاو بۆ هاوڵاتیان بە ئاوی ئیفرازو بەهۆی بیرە ئاوەکانە، لەشاری هەولێر زیاتر لە هەزار بیری ئاو هەیە، ئەگەر هاتوو کارەبای نیشتیمانی نەبڕێت کێشەی کەمئاوی دروست نابێت.

لە بەشێکی دیکەی قسەکانیدا بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر دەڵێت: ڕۆژانە پێشوازی لەهاوڵاتیان دەکەین و لە ئێستادا هەموو ڕۆژێک ژمارەیەکی زۆر لە هاوڵاتیان بەهۆی کێشەی کەمئاوی سەردانیمان دەکەن ئێمەش بەدواداچوون بۆ کێشەکانیان دەکەین. لە کۆبوونەوەی ئەمجارەماندا لەگەڵ پارێزگاری هەولێر باسی کێشەی کەمئاویمان کرد و پارێزگاری هەولێر ئامادەی بە لێدانی 23 بیری ئاو کرد بۆ ئەو شوێنانەی کە زۆر پێویستن، دیارە ئەو بیرە ئاوانە لەلایەن ژمارەیەک لە خێرخوازان لێدەدرێت و ئامادەییان دەربڕیوو، بیرە ئاوەکانیش بەم شێوەیە دەبێت : لەو 23 بیرە، 15 بیری ئاو بۆ ناو شاری هەولێرەو چوار بیریش بۆ ئاوی دەوروبەرەو چوار بیرە ئاویش بۆ فەرمانگەی ئاوی سۆرانەو بیرە ئاوەکانی هەولێر لێدانی (5) بیری تازەیە لەگەڵ لێدانەوەی (10) بیری کۆنی ئاو، بەلێدانی ئەو هەموو بیرە ئاوانە کێشەی کەمئاوی لە هەولێرو دەوروبەری چارەسەر دەکات.

ئەو گەڕەکانەی کە بیرە ئاوەکانی بۆ لێدەدرێت

دواتر ئەندازیار ئاری ئەحمەد قادر بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر سەبارەت بەبیرە ئاوە تازەکان ڕوونیکردەوە: بیرە ئاوەکان لە هەریەکە لە گەڕەکەکانی خاتوونناوەو تۆبزاوەی ئەحمەدی و گەڕەکی نالی و هەشت هەزاری و سەربەستی و بنەسڵاوە 41 و دارەتوو 12و عەنکاوە 49 و کونەسیخورە یەک و شاوەیس 21 و کورانی عەنکاوە ناو مەشتەل، کە ئاو بە کورانی عەنکاوە دەدات، لەگەڵ خەبات 9 و بیری عەدالەی تازە، لەگەڵ فەرمانبەران 21 .

هەروەها بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر باسی ئەوەشی کرد، کە بیری یەدەگیشیان هەیەو دەڵێت: هەرکاتێک یەکێک لەو بیرە ئاوانە گرنگی خۆی هەیە، جگە لەوەی بیری 13ی ڕاپەڕینیش هەیەو ماوەیەکە ئاوی زۆر کەمی کردووە و کێشەی هەیە هەموو ئەو بیرە ئاوانە بەڕادەیەکی بەرچاو چارەسەری کێشەی کەمئاوی دەکات، ئەگەرچی لەهەولێر نزیکەی هەزارو 164 بیرە ئاومان هەیەو ژمارەیەکی زۆری ئەو بیرە ئاوانە موەلیدەیان نییە لەو ژمارەیە تەنیا 94 بیرە ئاو موەلیدەی لەسەر هەیە و نزیکەی 260 بیرە ئاویشمان هەیە دوو سەرچاوەی کارەبای هەیە وەک سەرچاوەی متناوبی کارەبای ماڵان.

پێویستە هاوڵاتیان ئاو بەفیڕۆ نەدەن و قەرزی ئاو بدەن

ئەندازیار ئاری ئەحمەد بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر، بۆ خەبات ڕوونیکردەوە: هاوڵاتیان تەنیا لەوەرزی هاویندا تووشی کێشەی ئاو دەبن، تیمەکانی ئێمەش بەدواداچوونی تەواو بۆ کێشەی ئاو دەکەن، ئەو ئاوەی کە بۆ هاوڵاتیان دابیندەکرێت بەهۆی ئەو سێ پرۆژە گەورانەی ئیفرازەوە دابیندەکرێت، وەک (ئاوی ئیفرازی یەک و دوو سێ) جگە لە هەبوونی (هەزار و 161 بیری ئاو) لەناو گەڕەکە جیاجیاکان لەگەڵ هەبوونی پرۆژەی (ئاوی قەندیل ـ پیرمام ـ سەری بڵند ـ شەقڵاوە) ئاو بۆئەو شارۆچکانە دابیندەکات، لەگەڵ هەبوونی پرۆژەکانی ئاوی ئیفراز، لەوەرزی هاویندا خواست لەسەر ئاو زیاد دەبێت و هاوڵاتیانیش لەو وەرزەدا ئاوێکی زۆر بەکاردەهێنن و دەست بەئاوەوە ناگرن، بۆیەپاڵپەستۆیەکی زۆر دەکەوێتە سەر تۆڕەکانی ئاوی خواردنەوە، لەهەندێ شوێنیش تووشی کێشەی ئاو دەبین، ئەگەر بەراوردێک لەنێوان ساڵانی (2016و2017و 2018و 2019) دا بکەین لەبەر نەبوونی پێوەری ئاو کێشەی زۆر گەورەمان هەبوو، ڕۆژانە ژمارەیەکی یەکجار زۆری هاوڵاتیان سەردانیان دەکردین بۆ کێشەی ئاو، بەتایبەتی لە ساڵانی 2017و 2018 خەڵکێکی زۆر بۆ کێشەی ئاو سەردانیان دەکردین و ئێمەش چارەسەری کێشەکانمان بۆ دەکردن، بەڵام لەساڵی 2019 کێشەکانی ئاو تا ڕادەیەک چارەسەربوو، بەتایبەتی لە ڕێکەوتی 1/1/2019 پێوەری ئاو خۆیندرایەوەو کار بەسیستەمی پێوەر کرا، خەڵکێکی زۆر خۆی لەگەڵ ئەو سیستەمە ڕاهێناو هەوڵیدا کەمێک دەست بەئاوەوە بگرێت و هەندێ ماڵیش توانیان تەوافە لەناو تەنکیەکانی ئاو دابنێن تا لەکاتی پربوونی تانکی ئاو چیتر ئاو بەفیڕۆ نەڕوات، بەستانی ئەو پێوەرە وادەکات کە چیتر هاوڵاتیان ئاو بەفیڕۆ نەدەن، دیارە لەساڵی 2019 ڕێژەی ئەو کەسانەی کە کێشەی ئاویان هەبوو ڕووی لە کەمبوونەوەیەکی بەرچاو کردو بۆ لەمەودا کێشەی ئاو نامێنێ و داناتی پێوەری ئاوی ماڵانیش دڕێژەی هەیەو پڕۆسەکەش بەردەوامی هەیە، پێویستە هاوڵاتیان سیستەمی پێوەری ئاویان لەلا ڕوونبێت، ئەویش بریتییە لە دوو بابەت، یەکێکیان بریتییە لە خۆیندنەوەی پێوەرو ئەوی دیکەشیان بەستانی پێوەرە، ئەو پڕۆسەیە لەساڵی 2015 پڕۆژەیەک کرا لەسنووری بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر کە 11 فەرمانگەی ئاو لەخۆ دەگرێت و زیاتر لە 205 هەزار پێوەری ئاو بەستڕا و لە سەرەتای ساڵی 2019 تاوەکو ئێستا زیاتر لە 30 هەزار پێوەری دیکە بەستراوە و بەشێک لەو پێوەرە کۆنانەش بەهۆی بوونی کێشەی تەکنیکی یاخود شکان و هتد، کە بەکەڵکی بەکارهێنان نەبوون، ئەوا ئەو پێوەرانە گۆڕدران و لەبەر زیاد بوونی ژمارەی دانیشتووان و زیاد بوونی خانوو دروستکردن، ژمارەی بەشداربووانی ئاو بۆتە 235 هەزار هاوبەشی ئاو و 230 هەزار پێوەر و ژمارەی ئەو کەسانەی کە خاونەتە ناو سیستەمی پێوەر، بریتییە لە 140هەزار هاوبەشی پێوەر خاونەتە ناو پێوەرەوە و بەشەکەی دیکەش بەمەتر چوار گۆشە دەخۆیندرێنەوە، بەڵام بارکۆدی هەیە، ژمارەی هاوبەشانمان دەگاتە نزیکەی 290 هەزار هاوبەشمان لەسنووری بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێرو لەئێستادا ئەو کەسانەی کە کێشەیان لە پێوەر هەبوو دەتوانن سەردانیمان بکەن، کێشەی پێوەر خۆی لە سێ بابەت دەدۆزێتەوە و هەر هاوڵاتیەک ئەگەر زانی کێشەکەی پارەیەکی زۆری پێوەری هەبوو ئەوا بۆی هەیە سەردانی ئێمە بکات ئەوا بەدواداچوونی تەواوی بۆ دەکەین، هەڵەی دووەم هەڵەی تەکنیکیەو لەوانەیە پێوەرەکە تێکچوو بووبێت یاخود کێشە لە پارچەکانی هەبوو بێت، ئەو بابەتەش چارەسەر دەکرێت و وەرشەی تایبەتمان هەیە کە بڕیار لەسەر کێشەی پێوەرەکە دەدات، بابەتی سێیەمیش ئەوەیە کە هاوڵاتی خۆی بڕێکی زۆر ئاوی بەکارهێنابێت، بۆیە لەوانەیە کێشە لەبەکار هێنانەکەی هەبێت، داواش لە هاوڵاتیان دەکەین کە خۆیان لەگەڵ ئەو پێوەر ڕابهێنن و دەست بە ئاوەوە بگرن و ئاو بەفیڕۆ نەدەن، پلانی ئێمە تەنها هەر پرۆژە نییە، بەڵکو پلانمان زیادکردنی سەرچاوەکانی ئاوە وەک دروستکردنی پرۆژەی (ئاوی هەولێر چوار) دروستبکرێت کە توانای 25 هەزار مەتر سێجایە لە کاتژمێرێکدا، دیارە توانای ئەو پرۆژەیە بەقەد هەر ئەو هەموو بیرە ئاوانەی کە هەمانە، لەگەڵ هەر سێ پرۆژەکەی ئاوی ئیفراز، هەر کێشەیەکیش لە بیرەکانی ئاو هەبێت ئێمە دەمو دەست بۆیان چارەسەر دەکەین، پلانی دیکەمان لە ڕووی فراوانبوونی شار زیادکردن و فراوان کردنی تۆڕەکانی ئاو و گەیاندنی هێڵە سەرەکیەکانی ئاوە بۆ ئەو شوێنانەی کە تۆڕەکانی ئاوی لێ هەیەو بەبەردەوامی کار بۆ گەیاندنی ئاوی پاک و خاوێنە بۆ هاوڵاتیان و بەستانی ئامێری تازە بۆ پشکنینی ئاو و ئەو ئاوەش بەباشترین جۆری ئاو دەژمێردرێت.

تا ئێستا 30%ی هاوبەشانی ئاو پارەی ئاویان داوە

دواتر بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر گوتی: ڕۆژانە هاوبەشانی ئاو دەخرێنە ناو سیستەمی پێوەری ئاو، لەو ژمارەیەی کە خراونەتە ناو سیستەم و لەو 235 هەزارەشی کە ژمارەی هاوبەشانەو هێشتا کاری بەستانی پێوەری ئاو دڕێژەی هەیەو تا ئێستا 30%ی هاوڵاتیان پارەی ئاویان داوەو لە70%ی هاوڵاتیان پارەی ئاویان نەداوە،پێویستە ئەو هاوڵاتیانەی کە پارەی ئاویان نەداوە پارەی ئاوبدەن، بۆ ئەوەی لەسەریان کۆنەبێتەوە، هەر هاوڵاتیەکیش ئەگەر کێشەی لەپێوەری ئاو هەبوو ئەوا دەتوانێ سەردانیمان بکات، تا بتوانین ئاسانکاری بۆ بکەین لە هەر کاتێکی لەسنووری بەڕێوەبەرایەتی ئاوی هەولێر کە 11 فەرمانگەی ئاو لەخۆ دەگرێت و زیاتر لە 205 هەزار پێوەری ئاو بەستڕا و لە سەرەتای ساڵی 2019 تاوەکو ئێستا زیاتر لە 30 هەزار پێوەری دیکە بەستراوە و بەشێک لەو پێوەرە کۆنانەش بەهۆی بوونی کێشەی تەکنیکی یاخود شکان و هتد، کە بەکەڵکی بەکارهێنان نەبوون، ئەوا ئەو پێوەرانە گۆڕدران و لەبەر زیاد بوونی ژمارەی دانیشتووان و زیاد بوونی خانوو دروستکردن، ژمارەی بەشداربووانی ئاو بۆتە 235 هەزار هاوبەشی ئاو و 230 هەزار پێوەر و ژمارەی ئەو کەسانەی کە خاونەتە ناو سیستەمی پێوەر، بریتییە لە 140هەزار هاوبەشی پێوەر خاونەتە ناو پێوەرەوە و بەشەکەی دیکەش بەمەتر چوار گۆشە دەخۆیندرێنەوە، بەڵام بارکۆدی هەیە، ژمارەی هاوبەشانمان دەگاتە نزیکەی 290 هەزار

ئەندازیار ئاری ئەحمەد:

ژمارەیەک بیر ئاو لە گەڕەکە تازەکان لێ دەدرێت، کە چارەسەری کێشەی کەمئاوی دەکات

بەڕێوەبەری ئاوی هەولێر: لە هەندێک گەڕەک هاوڵاتیان هاوکاری یەکتر ناکەن و ئاوێکی زۆر بەفیڕۆ دەدەن.









گەڕەکێک تۆڕی کۆنی ئاو هەبێت ئەوا لەپلانماندایە کە ئەو تۆڕە کۆنانەی ئاو بگۆڕین، هەر لەساڵی 2007ەوە زۆر بە فراوانی کار بۆ گۆڕینی تۆڕەکانی ئاوی خواردنەوەی هاوڵاتیان دەکەین و لەساڵانی 2013و2014و 2015لەڕێگەی پرۆژەی قەرزی ژاپۆنی نزیکەی 200 کیلۆ مەتر تۆڕی ئاوی سەنتەری شار گۆڕدراوە و هێشتا پلان و بەرنامەی تازەمان ماوە بۆ گۆڕینی تۆڕەکانی ئاوی خواردنەوەی هاوڵاتیان.

بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی و بەرپرسی بەرەی تورکمانی تەئکیدیان لەهەماهەنگی و پەیوەندی نێوانیان کردەوە



دوێنێ عەلی حسین بەرپرسی مەکتەبی پەیوەندییەکانی کوردستانی و عێراقی پارتی دیموکراتی کوردستان بەیاوەری بەرپرسی دیسکی پارتە تورکمانیەکان و ئەندامانی مەکتەب، سەردانی بەرەی تورکمانی عێراقیان لە شاری هەولێر کرد لەلایەن ئایدن مەعروف ئەندامی مەکتەبی سیاسی و وەزیری هەرێم بۆ کاروباری پێکهاتەکان و هیمداد بیلال سەرۆکی فراکسیۆنی بەرەی تورکمانی و بەرپرسی هەولێری بەرەکە پێشوازی کرا .

لەدیدارێکدا ڕەوشی ناوچەکەو پرسە سیاسیەکانی ئەمڕۆی هەرێمی کوردستان و عێراق و بارودۆخی ئابووری و تەندروستی تیشکی خرایە سەر، هاوکات پەیوەندییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و بەرەی تورکمانی و پاراستنی یەکریزی و پتەوکردنی گیانی برایەتی و پێکەوە ژیانی کوردو تورکمان و تەواوی پێکهاتەکان لە پێناو خزمەت کردن بەئەزموونی دیموکراسی و خەلکی کوردستان تەئکیدی لەسەر کرایەوە، هەرلەو دیدارەدا تەئکید لەبەشداری کارای پێکهاتەکان لەحکومەتی کوردستان کەهەمیشە جێگای بایەخ بوە بۆ هەرێمی کوردستان لەپێناو ئاشتی و برایەتی و ڕەنگدانەوەی بەرپرسیارەتی دیموکراسی و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی پێکهاتەکان سەرکەوتنی ئەم پرۆسەیە دەخاتەروو، هاوکات ئایدن مەعروف خۆشحالی خۆیان بەم هەنگاو و پێشوە چوونانەی نێوان هەردوولا دەربڕی و پالپشتی و هەماهەنگی خۆیان بۆ سەرکەوتنی حکومەتی کوردستان تا دواین هەنگاوەکانی ئەم کابینەیە لەپێناو زیاتر خزمەت کردن بەخەلکی کوردستان و پاراستنی بەرژەوەندی و مافی هەموو پێکهاتەکان بەگشتی دووپات کردەوە، هەر لەم دیدارەدا بەرپرسی پەیوەندییەکانی پارتی تەئکیدی کردەوە ستراتیژییەت و ئامانجی سەرۆک بارزانی و پارتی و حکومەتی هەرێمیش خزمەت بوە بۆ پاراستنی ماف وبەرژەوەندی تەواوی پێکهاتەکان لە هەرێمی کوردستان و عێراق ئەمەش بەکردەوە بۆ هەموو پێکهاتەکان و تایبەت بۆ برا تورکمانەکان هەنگاوی جدی بۆ نراوە..



سەرجەم ڕێگا سەرەکییەکانی هەرێمی کوردستان نۆژەن دەکرێنەوە

گوتەبێژی وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکومەتی هەرێمی کوردستان رایدەگەیەنێت، پلانێکیان داناوە بۆ ئەوەی سەرجەم ڕێگاکانی هەرێمی کوردستان، ئەوانەی سەرەکین، هاوشێوەی سالّی ڕابردوو هەموان نۆژەن بکەنەوە.

مەریوان مەلاحەسەن گوتی: «وەکو وەزارەتی ئاوەدانکردنەوەی حکوومەتی هەرێمی کوردستان، پلانێکیان داناوە بۆ ئەوەی سەرجەم ڕێگا گشتییەکان لە هەرێمی کوردستان نۆژەن بکەینەوە هاوشێوەی سالّی ڕابردوو، کە سەرجەم ڕێگاکان تێکچووبوون و نۆژەن کرانەوە، ئەمسالّیش کە بە هۆی زستانەوە بەشێکیان تێکچوونە، ئەوانیش نۆژەن دەکرێنەوە».

مەلاحەسەن گوتیشی: «بڕیار بوو سەرەتای مانگی شەشی ئەمسالّ دەست بە نۆژەنکردنەوەی ڕێگاکان بکەین، بەلاّم بە هۆی ڕاگرتنی بودجەی وەبەرهێنان جارێ ڕاگیراوە و هەر کاتێک دەست بە خەرجکردنی بودجەکە کرایەوە، ئێمەش دەست بە نۆژەنکردنەوەی سەرجەم ڕێگاکان دەکەین و لە هەر شوێنێک تێکچووبن، نۆژەنیان دەکەینەوە».

حکومەتی هەرێم خەرجی قوتابیانی پۆلی 12ی شنگال و دەوروبەری مووسڵ لە ئەستۆ دەگرێت

وەزارەتی پەروەردەی حکومەتی هەرێمی کوردستان لە ڕاگەیەندراوێکدا ئاشکرای کرد سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزیری پەروەردە و پارێزگاری دهۆکی ڕاسپارد کە حکومەت خەرجی قوتابیانی پۆلی 12 لە ئەستۆ دەگرێت، کە لە شنگال و دەوروبەری مووسڵ بۆ تاقیکردنەوەکان دێنە دهۆک.

ئەمەش دەقی ڕاگەیەندراوەکەی وەزارەتی پەروەردەیە:

سەبارەت بە قوتابیانی قۆناغی 12 ی ئامادەیی - خوێندنی کوردی کە لەقەزای شنگال و دەوروبەری موسڵ، لە پارێزگای دهۆک تاقیکردنەوەکان ئەنجام دەدەن، ڕێزدار مەسرور بارزانی، سەرۆکی حکومەتی هەرێمی کوردستان، بەڕێزان وەزیری پەروەردە و پارێزگاری دهۆک-ی ڕاسپارد، کە بە تەواوی خەرجی ڕێکارە تەندروستییەکان و گواستنەوە و مانەوە و خواردنی قوتابیان لە ئەستۆی حکومەتی هەرێمی کوردستان بێت .



فەرماندە و خاوەن شەهید (ڕەشید میتۆ ستوونی) کۆچی دوایی کرد

خەبات: سەفەر ژاژوکی

لە قەزای سۆران دوای ملمالانێکی زۆر سەخت لەگەڵ نەخۆشی پێشەمەرگە و فەرماندەی ماندوونەناسی گەلەکەمان(ڕەشید میتۆ ستوونی) کۆچی دوایی کرد، تەرمی خوالێخۆشبوو لە یەکێک لە گۆڕستانەکانی ناحیەی مەزنی سەربە دەڤەری بارزان بەخاک سپێردرا

خوالێخۆشبوو فەرماندەی دڵسۆز(ڕەشید میتۆ ستوونی) لە سالّی 1953 لە بنەماڵەیەکی کوردپەروەر لە گوندی ستوونی سەربەدەڤەری بارزان لە دایکبووە، لەسەردەمی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لە سالّی 1961لە تەمەنی منداڵی دابووە کە باپیری قارەمانی ئەحمەد زینەل ستوونی شەهید بووە، لە سالّی 1968 لە تەمەنی 15سالّی کە تەمەنی لاویەتی بووە دەبێتە پێشمەرگە لە شۆڕشی مەزنی ئەیلوول لەگەڵ باوکی قارەمانی شەهیدی فەرمانده میتۆ ستوونی ومامی فەرمانده زینەل ستوونی، باوکی قارەمانی دەیان داستانی بووە و فەرماندەیەکی باوەڕپێکراو لای بارزانیی نەمر بووە،دوای نسکۆی شۆڕشی مەزنی ئەیلوول ئاوارەی ئێران دەبن و لەگەڵ باوکی قارەمان و مامی بەشدار لە شۆڕشی گوڵان کردووە سەربەقوەتی بارزان و کە باوک و مام و بەخۆی زۆر نزیک بوون لە سەرکردەی نەمر ئیدریس بارزانی و جەنابی سەرۆک بارزانی وە ڕۆڵیان لە چەندەها داستان هەبووە و بەشداری لە ڕاپەرین سالّی 1991 دەکەن و دوای ئاوارەیی چەندەها سالّ لە ڕاپەرین دەگەڕێنەوە کوردستان و لە قەزای سۆران نیشتەجێ دەبن ولە سوپای بارزان چەند ئەرکی سەربازی وبەرپرسیارەتی وەرگرتووو. هەروەها باوکی فەرماندەی لەبەر ئازایەتی و بریندار بوونی لە 16ی ئابی 1996 لە لایەن جەنابی سەرۆک بارزانی مەدالیای بارزانیی نەمر پێ بەخشراوە، خوالێخۆشبوو تێکۆشەر ڕەشید میتۆ ستوونی دوای شەهیدبوونی باوکی بەردەوام لە ئەرکی پێشمەرگایەتی بۆ خزمەتکردن بە ڕێبازی بارزانیی نەمر دابووە، هەروەها بۆ ڕاگەیاندنی مەجید میتۆ ستوونی لە سالّی 1997لە پێناو کوردایەتی شەهید بووە، لەبەر خەبات وقارەمانیەتی لە لایەن فەرماندەیی بارزان بە فەرماندەی کەم ئەندام خانەشین کراوە،لەگەڵ دەستپێکی شەڕی تیرۆریستانی داعش بۆ کوردستان وەک فەرماندەیەک ڕۆڵی هەبووە، جگە لە پێشمەگایەتی کەسایەتی ڕۆشنبیر و کۆمەڵایەتی دەڤەری بارزان بووە و هەموو کاتێک جەماوەری هان دەدا خزمەت بە ڕێبازی بارزانیی نەمر بکەن، بنەماڵەکەیان خاوەن خەبات و میژوویەکی پرسەروەرینە کە کورِ و کەسوکاریشی پێشمەرگەنە،ماوەی چەندسالّ لە بەرخەبات و بریندار بوونی تووشی نەخۆشی ببوو لە تەمەنی67 سالّی دا کۆچی دوایی کرد.

بە تۆمەتی ساختەکاری تۆمەتبارێک دەستگیر کرا

دوێنێ دووشەممە 6/7/2020، هێزەکانی پۆلیسی کەرکوک بە سەرپەرشتی فەرماندەی پۆلیسی کەرکوک لیوا عەلی کەمال توانیان تۆمەتبارێک بە تۆمەتی ساختەکاری دەستگیر بکەن. کە بەپێ ئاگاداری خاوەن مولّک مامەلّەی بەمولّکەکانیانەوە کردووە. ڕاشیگەیاند: تۆمەتبارەکە بە ناوی(ئ.خ.ئ) هەلّساوە بە کاری ساختەکاری و چەندین گرێبەست و تاپۆی ساختە و نوسراوی کڕین و فرۆشتنی دروستکردووە کڕین و فرۆشتنی بە مولّکەکان کردووە . پۆلیسی کەرکوک ئاماژەی بەوەشکردووە تۆمەتبارەکە لە بەردەم داوەری لێکۆڵینەوە دانی بە هەموو تاوانەکانیدا ناوە و بەپێ مادەی ۲۹۸/۲۹۲ یاسای سزادانی عێراقی زیندانی کراوە. ئەو هاوڵاتیانە و نوسینگانەی خانوبەرە و زەوی و زار ئاگادارکراونەتەوە لە ئەگەری مامەلّەی کڕین و فرۆشتن لەگەڵ ئەو تۆمەتبارە.



زۆربەی تووشبووانی کۆرۆنا لە کوردستان لە خوار تەمەنی 40 سالّیدان

زۆربەی ئەو کەسانەی لە هەرێمی کوردستان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا بوون، تەمەنیان لەنێوان 30 بۆ 39 سالّیدایە و کەمترین منداڵیش تووشی ڤایرۆسەکە بوون.

گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی باس لەوە دەکات بەشێکی زۆری ئەو کەسانەی ئێستا لە نەخۆشخانەکانی هەرێمی کوردستان چارەسەر وەردەگرن و، هیچ نەخۆشییەکی دڕێژخایەنیان نییە، بەلاّم نیشانەی تووشبوونیان بە ڤایرۆسی کۆرۆنا بە روونی پێوەدیارە.

محەمەد قادر، گوتەبێژی وەزارەتی تەندروستی دەڵێ «زۆربەی ئەوانەی گیانیان لەدەستداوە تەمەنیان لەسەروی 50 سالّەوە بووە و نەخۆشیی دڕێژخایەنیان هەبووە، بەلاّم خاڵێکی گرنگ هەیە کە دەبێت باس بکرێت؛ گەنج هەبووە بە کۆرۆنا گیانی لەدەستداوە کە هیچ نەخۆشییەکی دیکەی نەبووە و ئەمەش نیشانەیەکی ترسناکە».

شارەزایانی تەندروستی دەڵێن کۆرۆنا مەترسیدارە بۆ هەموو تەمەنێک، بەلاّم کەمتر مەترسی لەسەر ژیانی منداڵان دروست دەکات و، ئەوان باشتر چارەسەر وەردەگرن.

بەگوێرەی داتاکانی وەزارەتی تەندروستی، بەشی زۆری تووشبووان بە کۆرۆنا لە کوردستان تەمەنیان لەنێوان 30 بۆ 39 سالّە، بەشی زۆری مردووان لە سەروی 50 سالّییەوەن و لە خوار تەمەنی 40 سالّیشدا 15 حالّەتی مردن تۆمارکراون، چەند حالّەتێکی مردنیش تۆمارکراون کە هیچ نەخۆشییەکی دڕێژخایەنیان نەبووە.



هەولێر..خێرخوازێک کرێنی تەماتەی جووتیارانی قەزای خەبات لەئەستۆ دەگرێت

بەسەر کەمپی ئاوارەکان و خەڵکانی کەم دەرامەت دابەش دەکرێت

شێخ باز بەرزنجی، سەرمایەدار، بە هەماهەنگی لەگەڵ قایمقامیەتی قەزای خەبات و پارێزگای هەولێر، پرۆژەیەکی بۆ کرینی تەماتەی جووتیارانی قەزاکە راگەیاندووە کە لەسەبەینێوە دەستپێدەکات.

قایمقامی قەزای خەبات گوتی، 500 دۆنم تەماتە لەو سنوورە هەیە، بڕیارە لە ئەمڕۆوە لە چواربانی کەورگۆسک تەماتەی ئەو جووتیارانە بکڕدرێت و پاشان تەماتەکە بەسەر کەمپی ئاوارەکان و خەڵکانی کەم دەرامەت دابەش بکرێت.

ئاماژەی بەوەشکرد، رەنگە دوو رۆژی دواتر، تەماتەی جووتیارانی ناوچەی شەمامک و چەند ناوچەیەکی دیکە وەربگیرێت، بەڵام سبەی و دوو سبەی تایبەت دەبێت بە جووتیارانی خەبات.

لە ماوەی چەند رۆژی رابردوو، جووتیارانی هەرێمی کوردستان ناڕەزایی زۆریان دەربڕی بەوەی بەرهەمی تەماتەکەیان، پارە ناکات و خواستی لەسەر نەبووە ئەمەش بەهۆی هاوردەکردنی تەماتەی وڵاتانی دراوسێ.

هەر لەو بارەوە، لیژنەی کشتوکاڵی پەرلەمانی کوردستان لە کۆنفرانسێکی رۆژنامەوانی داوای لە هاووڵاتیان کرد، تەنها بەرهەمی ناوخۆ بکڕن و پشتگیریی لە جووتیاران بکەن.





سیامەند کەریم

پاراستنی بەرووبوومی خۆماڵی و چەند پێشنیارێک بۆ حکوومەت

لە تەواوی وڵاتانی جیهان پاڵپشتی جووتیار دەکرێت لە (بەبازارکردن، پاڵپشتی دارایی، دابینکردنی پێویستی کشتوکاڵی، گواستنەوەی بەرووبووم بۆ بازار)، ئەوەی لای هەمووان ئاشکرایە دەزانین باری دارایی حکوومەتی هەرێمی کوردستان لە ئێستادا خراپە، بەڵام دەکرێ لە ئێستاو بۆ ئایندەش چەند هەنگاوێکی گرنگ هەن جێبەجێ بکرێن بۆ ئەوەی حکوومەت، جووتیار ، فرۆشیار و کڕیاریش سوودمەندبن.

1ـ پڕۆژەکردنی جووتیاران: واتا جووتیاری تەماتە لەگەڵ پەتاتە و خەیار و بەرهەمەکانی دیکە جیابکرێنەوە و بەپێی پێویستی ناوخۆ و بڕی بەبازارکردن بگونجێن، کە ئەمەش دەکرێ حکوومەت چەند ڕێکخراوێکی تایبەت دابنێت بۆ پڕۆژەکردنیان.

2ـ بە بازارکردنی بەرووبوومەکان: دوو ساڵی رابردوو پەتاتە و هەنگوین و هەنار هەناردەکران بەشێکی لەڕێگەی وەزارەت و زۆینەکەشی خودی جووتیار خۆی کردی، بەڵام خۆ ئەمەش ئاسانە ئەگەر چەند کۆمپانیایەکی تایبەتمەند دەستنیشان بکرێن بەسەرپەرشتی حکوومەت بۆ کرینەوەی بەرووبوومەکان دۆزینەوەی بازاڕی دەرەکی.

3ـ کرێی گواستنەوە: ئەگەر حکوومەت ناتوانێت کرێی گواستنەوە بداتە جووتیار خۆ دەتوانێت سووتەمەنی بۆ گواستنەوە دابین بکات بەمەش باری سەرشانی جووتیار کەمێك سووك دەبێت.

4ـ خانووی پلاستیکی: ئەو وڵاتانەی کە لە هەموو وەرزەکان تەماتە و خەیار و پەتاتە دەنێرن بۆ ئێمە ئەوانە بەشێوازێکی جوان کە خانووی پلاستیکی ستانداردیان هەیە، بۆیە حکوومەت ئەگەر خۆشی پارەی نەبێت خۆ دەتوانێ بە هەماهەنگی سەرمایەدار و خاوەنکاران خانووی پلاستیکی ستاندارد بۆ جووتیاران دابین بکات بە کرێیەکی گونجاو بۆ هەردوولا.

5ـ زیادکردنی ساردخانە: کە ئەمەیان سەرەکیترینە ئەگەر لەوەشیان حکوومەت ناتوانێت خۆی بیکات کەرتی تایبەت و لەژێر ڕکێفی خۆی بۆئەوەی بارگرانی لەسەر جووتیار دروست نەکەن. بۆیە بە بڕوای من ئەگەر حکوومەت ئەم هەنگاوانە بگرێتەبەر بەدڵنیایی جێگرەوەی بۆ نەوت دەبێت.

پارێزگەڕێ دهۆکێ دگەل ڕێڤەبەرێن گشتی کومبو و داکوکی ل سەر نەهێلانا روتینێ کر



ل هولا کوچکا میهڤاندارێا د.عەلی تەتەر پارێزگەڕێ دهۆکێ کومبونەك دگەل ڕێڤەبەرێن گشتی یێن فەرمانگەهێن میری ئەنجامدا .

دکومبونێدا بەحسێ رەوشا ئێمناهیێ ل دەڤەرێ وێدڤیێن خەلکێ پارێزگەهێ ب پروژێن خزمەتکاری و سەردەدریا روژانە یا فەرمانگەهێن حکومیی دگەل خەلکی و چاوانیا بڕێڤەبەرنا داخازی و ماملێن وەلاتیان ب گشتی هاتە کرن .

دلایەکێ دیێ کومبونێدا بەحسێ وان قەیران و ئاستەنگان هاتە کرن یێن ب سەر هەرێمێ وپارێزگەهێ دا هاتین و بوینە هۆکار وەکو پێدڤی خزمەتکاری نە هاتینە پێشکێشکرن. پارێزگەڕێ دهۆکێ پەسنا رولێ ڕێڤەبەرێن گشتی یێن خزمەتکاری کر کو ل سالێن دەربازبوی ل دوڤ شیانێن بەردەست خزمەتا خەلکێ پارێزگەهێ کریە و تەکەزی ل سەر بەردەوامیا گەهاندنا خزمەتکاریا بو هاولاتیان کر وگوت: دڤێت هەموو فەرمانگەە وەکو ئێك تیم کار و خزمەتان دچارڤێ قانونێ دا پێشکێش بکەن.

هەروەسا تەکەزی ل سەر پێگریکرنا فەرمانبەران ب دەوامە فەرمی کر وگوت : دڤێت ئەم هەموو پشتەڤانیێ ل بەرنامێ چاکسازیێ یێ حکومەتا کوردستانێ بکەین وخو ل گلە وگازندێن هاولاتیان بکەین خودان و داخازییێن وان لبەر چاڤ وەرگرین و هەولدەین پروژێن نیڤەروو توماکەین هەروەسا یێن نوو ژی بجهێنین وبەردەوامیێ دەینە سەخبێرکرنا پروژێن خزمەتکاری و هەموو کار و پروژە ب کولیتیەکا باش بهێنە چێکرن و هەموو ئاسانکاری دچارچوڤێ قانونێ دا و بێ جیاوازی بو وەلاتیان بهێنە کرن و روتین بهێتە کێمکرن نەخاسمە دەمێ مامەلە دهێنە بڕیڤەبرن و پشتەڤانیا کارگێریا پارێزگەهـا دهۆکێ نیشان دا بو گەهاندنا هەموو خزمەتکاریان بو هاوەلاتیان.



ئەمڕۆ یەکێک لە پارێزگاکانی کوردستان بەرزترین پلەی گەرمای تێدا تۆمار دەکرێت

بەڕێوەبەرایەتی کەشناسی و بوومەلەرزەزانی هەرێمی کوردستان پێشبینییەکانی کەش و هەوای بۆ ئەمڕۆی پارێزگاکانی هەرێمی کوردستان خستە ڕوو و بە پێی پێشبینییەکانیش بۆ ئەمڕۆ چوارشەممە ئاسمانی هەرێمی کوردستان لە نێوان ساماڵ و پەلە هەوردا دەبێت. هەروەها بە پێی پێشبینییەکان ئەمڕۆ پلەکانی گەرما لە کەرکوك دەگەنە 45 پلەی سیلیزی و بەمەش بەرزترین پلەی گەرما بۆ ئەمڕۆ لە پارێزگای کەرکوك تۆمار دەکرێت.

274 شوێن لە پارێزگای هەولێر داخران



لە سنووری هەر 10 قایمقامیەتەکەی پارێزگای هەولێر، لەماوەی هەفتەیەکدا، 274 شوێن لەلایەن لیژنەکانی چاودێری و تەندروستی بەهۆی پابەند نەبوون بە ڕێنماییە تەندروستییەکان و ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا داخران.

ژووری ئۆپەراسیۆنی پارێزگای هەولێر لە ڕاگەیەندراوێکدا بڵاویکردەوە، بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا هەموو هەوڵ و توانایەکی خۆمان بۆ پاراستنی گیانی هاوڵاتیان و جێ بەجێکردنی ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا خستۆتەگەڕ. ئاماژەی بەوەش کردووە، لە ڕێگەی لیژنەکانی چاودێری و تەندروستی لەسنووری هەر 10 قایمقامیەتەکە، لە بەدوا داچوون و پشکنین و چاودێریکردنی شوێنەکان بەردەوامن داواش لەهاووڵاتیانی سنووری پارێزگای هەولێر و کاسبکاران و هەموو ئەو شوێنانەش کە بۆ خزمەتی هاوڵاتیان کراوەن دەکات، لەم دۆخە ناهەموار و مەترسیدارەدا بەو پەڕی هەست کردن بە بەرپرسیاریەتی لە پێناو پاراستنی سەلامەتی و ئاسایشی تەندروستی شارەکە و هاوڵاتییانی، پابەندی ڕێنماییە تەندروستییەکان بن و دەمامک ببەستن، تاوەکو دووچاری سزادان و ڕێکاری یاسایی نەبنەوە.

چەند بڕیارێک لە بەرژەوەندیی جووتیاران دەدرێت

بۆ کڕینی بەرهەمی تەماتە کارگەی قوتوبەندی هەریر بەگەڕ دەخرێتەوە



لە ڕاگەیندراوێکدا، کە لە نووسینگەی پارێزگاری هەولێر دەرچووە، چەند بڕیارێک لە بەرژەوەندیی جووتیاران و پاراستنی بەروبوومی خۆماڵی درا، ئەمە دەقەکەیەتی:

دوا بە دوای ئەوەی پێرێ کۆبوونەوەمان لەگەڵ نوێنەری بەشێك لەو جوتیارانە کرد، کە کێشەی ساخبوونەوە و هەرزانی نرخی بەربوومی کشتوکاڵیان هەبوو، بە هەماهەنگی لەگەڵ بەڕێز وەزیری کشتوکاڵ و سەرچاوەکانی ئاوی حکومەتی هەرێمی کوردستان و بەڕێوەبەرایەتی گشتی کشتوکاڵی هەولێر، گەیشتینە ئەو دەرەنجامانەی خوارەوە.

یەکەم/ بۆ ساخکردنەوە و کڕینی بەرهەمی تەماتە لەجوتیاران، کارگەی قوتوبەندی هەریرلە نزکترین کات بەگەڕدەکەوێتەوە و دەست دەکرێت بە کڕینی تەماتە لەجوتیاران بۆ کارگەکە.

دووەم/ بەڕێز شێخ باز بۆ هاندانی بەرهەمی جوتیارانی ناوخۆ بڕیاریدا ڕۆژانە (45) تەن تەماتە بۆ ماوەی (6) ڕۆژ بکرێتەوە و وەک کاری خێرخوازی لە کەمپ و گەڕەکە هەژارنشینەکانی هەولێر دابەشی بکات، ئەم هەڵوێستەش شایستەی ڕێزلێنان و سوپاسە.

سێیەم/ بۆ پشتگیریکردن لە فرۆشتنی بەرهەمی جوتیاران لە سنووری پارێزگای هەولێر، بڕیاردرا کارئاسانی بۆ هاتنی سەرجەم بازرگانانی ناوەڕاست و خواروووی عێراق بکرێت بۆ هەولێر، بۆ ئەو مەبەستەش قایمقامی هەولێر ئەمڕۆ سەردانی عەلوەی هەولێری کرد و میکانیزمی گونجاو دانرا بۆ هاتنە ژوورەوەی کڕیارانی تەماتە و بەربوومی کشتوکاڵی.

چوارەم/ بڕیاردرا لەمەدوا لەبەرامبەر هەر سندوقێکی بەتاڵی تەماتە و میوە (250) دینار لەلایەن بەقاڵەکانەوە بۆ جوتیاران بگەڕێندرێتەوە، هەروەها بڕیاردرا بە دابەزاندنی نرخی سندوقی هەڵگرتنی سەوزە و میوە بەشێوەیەکی گونجاو.

گەرمیان..پێنج مانگە 12 کارمەندی دەستگیرکراوی تەندروستیی گەرمیان کەیسەکانیان یەکلانەکراوەتەوە

پێنج مانگە 12 کارمەندی تەندروستیی گەرمیان بە تۆمەتی دیارنەمانی کەرەستەی پزیشکیی نەخۆشخانەی کەلار دەستگیرکراون. بەهۆی ڕێکارەکانی خۆپارێزی لە ڤایرۆسی کۆرۆنا و پشووی فەرمانگەکانەوە تاوەکو ئێستا تەنیا جارێک دادگایی کراون. کەسوکارەکانیان داوا دەکەن کەیسەکانیان یەکلا بکرێتەوە و بڕیار لە چارەنووسیان بدرێت.

کەسوکاریان دژی یەکلاییەنەکردنەوەی دۆسییەکانیان لەبەردەم دەرگا داخراوەکەی دادگای بەرایی کەلار گردبوونەوە.

کەسوکاری گیراوەکان لەوە دەترسن تاوەکو یەکلاییکردنەوەی دۆسیەکانیان زیندانییەکان تووشی ڤایرۆسی کۆرۆنا ببن، چونکە هەواڵی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا لە زیندانی گرتن و گواستنەوەی کەلاردا بڵاو بووەتەوە.

هیوا عوسمان، هاونیشتمانییە و باس لەوە دەکات، ٥براکەم ژیانی لە مەترسیدایە. ڤایرۆسی کۆرنا لە ئارادایە. ئەوان بێتاوانن و دەبێت دادگا تاوەکو ڕۆژی دادگایی ئازادیان بکات».

بەڕێوەبەرایەتیی زیندانی گرتن و گواستنەوەی کەلار دڵنیایی دەدات کە دۆخی گرتووخانەکە و سەلامەتیی گیراوەکان پارێزراوە.

رائید سلێمان عەزیز، بەڕێوەبەری زیندانی گرتن و گواستنەوەی کەلار بە تۆڕی میدیایی ڕووداوی ڕاگەیاند، ٥کۆرۆنا لێرە نییە. هەواڵەکە لە ڕاستییەوە دوورە. هەر کاتێک دادگاش فەرمانی ئازادکردن بۆ ئێمە بنێرێت، بێ یەک و دوو ئازادیان دەکەین».

دەنگۆی بردنە دەرەوەی چەند کەرەستەیەکی پزیشکیی نەخۆشخانەی گشتیی کەلار و بەکارهێنانیان لە نەخۆشخانەیەکی تایبەتی پێکهێنانی لیژنەیەکی تایبەتی لێکەوتەوە کە تێیدا 12 کارمەند بەپێی ماددەی 316ی یاسای سزادان دەستگیران کە تایبەتە بەو فەرمانبەرانەی پۆستەکانیان خراپ بە کارهێناوە.



ئاورنگ شێخ عەلی:
جیهان بەرەو ئەوە دەچێت ئافرەت رۆڵی گرنگ لە دامەزراوەکاندا ببینێ

دیمانە/ محەمەد عومەر بەرزنجی

بوێری و تواناکانی ئافرەتان بووەتە هۆی بەهێزکردنی پێگەیان لە کۆمەڵگە و باوەڕی جەماوەر بەوەیکە توانا پەیوەست بە ڕەگەز نییە. لە کۆمەڵگەی ئێمەش کۆمەڵێک ئافرەتمان هەیە کە بوونەتە پێشەنگ و توانیویانە شوێنی خۆیان لە زۆربەی کایەکانی وڵاتدا جێگیر بکەن. ئاورینگ شێخ عەلی یاساناس و نووسەر وەک نموونەیەکی ئەو توانایە لەم دیمانەیەدا بۆ خەبات دەدوێ.



تاکە ئافرەت کەچووە بۆشایی ئاسمان و قوڵترین شوێنی زەوی



گەردوونناسی پێشووی ناسا یەکەم مرۆڤە کە هەم چووەتە بۆشایی ئاسمان و هەمیش سەفری بۆ قوڵترین شوێن لەسەر گۆی زەوی کردووە.

دکتۆر (کەتی سۆلیوانیا) بە چوونی بۆ قوڵترین شوێن لە زەویدا لە زەریای هێمن کە بە چاڵی ماریانا ناسراوە، ناوی خۆی لە مێژوودا تۆمارکرد.

کەتی 68 ساڵان هەشتەمین کەس و یەکەم ئافرەتە کە چووبێتە قوڵایی یانزە کیلۆمەتری لە زەریای هێمندا.

دکتۆر سۆلیوانیا ساڵی 1979 لە ناسا گەردوونناس بووە و لە کارێکی مێژووییدا لە ساڵی 1984 یەکەم ئافرەتی ئەمریکی بوو کە توانی لە بۆشایی ئاسمان پیاسە بکات. ئەو ئافرەت زیاتر لە 532 کاتژمێر لە بۆشایی ئاسمان ژیاوە و ساڵی 2004 ناوی لە ڕیزی گەردوونناسە بەناوبانگەکانی ئەمەریکا تۆمارکرا.

دواتر بووە ئەندامی ئیدارەی میللی زەریاکانی نەتەوەیەکگرتووەکان و دواتر بووە بەڕێوەبەری ئەو دەزگایە.

دکتۆر کەتی ئاسمان و زەریاکان بە دوو پانتایی فیزیکی بەردەمی مرۆڤ دەزانێت و شادومانە کە یەکەم کەسە کە هەر دوو پانتایی تاقیکردۆتەوە و چووەتە ناویان.

دکتۆر سۆلیوانیا بەر لەوەی ببێتە گەردوونناس خۆیندنی خۆی تا قۆناغی دکتۆرا لە بەشی زەوی ناسی زانکۆی دالهاوزی بە کۆتا هێناوە و بەشداری چەند کاری لێکۆڵینەوەی زەریاناسی کردووە.

• ئافرەت بوون چی پێبەخشیوی و چی لێ سەندوویتەوە؟

- ئەوەی لە نزیکەوە من بناسێ دەزانێ من ئافرەتێکم هەرگیز خۆم بەدەستەوە نەداوە، ڕەنگە لە هەندێکار دەرفەتم نەدرابێ، بەڵام بنەماڵەکەی خۆم و باوکم زۆر زۆر پاڵپشتم بوون و هەر کاتێک کارێکم کردووە دەستخۆشیان لێکردووم. من خۆم ڕێزم لە ئافرەت بوونی خۆم گرتووە، ڕێزم لەوە گرتووە کە من دایکم، ڕێزم لەوە گرتووە کە من ئافرەتێکی کوردم. وەکو هەر ئافرەتێکی کورد هەموو کاریگەرییەکانی وڵاتەکەم کاری لە منیش کردووە بە خۆشیەکان دڵخۆش بووم و بە ناخۆشیەکان غەمبار. لە ژیانی خۆمدا ئاماژە بەتەمەن نادەم، چونکە تەمەنی من لە دوای دەستپێکی خۆشی و سەربەخۆیی بۆ وڵاتەکەم، هەستدەکەم دوای ستەم لە چل ملیۆن کورد تەمەن تەنها بەڕێکراوە و ئەوکاتەی سەربەخۆیی بۆ وڵاتەکەم بەدیهات ئەوکات دڵخۆشی ڕاستەقینە دەست پێکات. شانازی دەکەم کە ئافرەت بوونم بۆتە مایەی شانازی هەم خێزانەکەم هەم بنەماڵەکەم. هەر ئافرەتێک دەبێ بزانێ ئەرک و مافی چیە لە نێو کۆمەڵگە، کاتێ تۆ ئەرک و مافی خۆت زانی کارەکانت بەڕێوەی ڕاست دەڕوا. منیش سەرەتا تووشی کەمێک ناخۆشی بوومەوە، بەڵام بە دانیشتن و بەردەوام خۆیندنەوە و حەزی شارەزابوون وا لەبەرامبەر دەکات کاتێ بزانێ شتێکت پێیە تێدەگات ئەمرۆش نەبێ سبەی تێدەگا و بە ڕای من تاکە جیاوازی ئافرەت و پیاو ئەوەیە ئافرەت سۆزی زۆرترە لە پیاو، بەڵام ئەوە نابێتە ڕێگر و دەبێت هەوڵی زیاتر بدات تا بە ئامانجەکانی بگات.

• باسی خۆیندنتان کرد بۆ بیر لەوە ناکەنەوە زیاتر خۆیندنەکە بەرەو پێش بیەن؟

- ڕاستە، من زۆرجار ئەم پرسیارەم لە خۆم کردووە، بەڵام ڕاستییەکەی من لە قۆناغەکانی کۆلیژ بووم کاتێ هاوسەرگیریم کرد دوای ئەوەی بوومە دایک وام هەستکرد گەر بیم بە دایکێکی باش ئەوەش خزمەتێکە بۆ نەتەوەکەم، چونکە پێشکەشکردنی منداڵێکی باش و نیشتیمانپەروەر کە لە دواڕۆژ خزمەت بە وڵاتەکەی بکات خزمەتێکی گەورەیە بۆ نیشتیمان. گەر من گرنگیم بە خوێندنەکەم بدایە یا زۆر بواریتر ئەوکات نەمدەتوانی ئەو بایەخە بە منداڵەکانم بدەم تا بە هەستی نیشتمانپەروەری لە خزمەت وەڵاتدا بن. بۆ نمونە کوڕەکەم لەم تەمەنەدا دەستی کردووە بە گەڕان بە دوای چەند سەرچاوەیەکەوە بۆ ئەوەی کتێبێک دروست بکات کە باس لە مێژووی کورد و کوردستان و هەروەها باسی خەباتی باوکی ڕووحی نەتەوەی کورد بارزانی نەمر دەکات کە لە زمانی کوردی وەریدەگێڕێتە سەر زمانی ئینگلیزی تا خوێندەری بیانی ئاشنا بن بە مێژووی کورد و کوردستان و مێژوو و خەباتی باوکی نەتەوەیی و ڕووحی بارزانی نەمر. ئەمەش وەک بڕوانامەی ماستەر و دکتۆرایە بۆ من، هەڵبەت لەگەڵ گەورەبوونی منداڵان لە پلانم دایە دەست بکەمەوە بە خوێندن و زیاتر بەرەو پێش بچم.

• ڕۆڵی ئافرەت لە کۆمەڵگای کوردی چۆن دەبینی؟

- ڕۆڵی ئافرەتی کورد جیاوازە وەک لە ئافرەتانی تر لە جیهاندا، لەبەر ئەوەی زۆربەی نەهامەتی و دەردەسەری بەشی ئافرەتی کورد بووە لەگەڵ ئەوەی پیاوەکانمان بەدەستی ڕژێمی بەعس کوژراوە یا چەوسێنراونەتەوە ئافرەتانیش بەهەمان شێوە بووە بەڵام بەشی ئافرەت لە نەهامەتی و چەوساندنەوە دوو بەرامبەر بووە، ئافرەتی وا هەبووە پیاوی ئەنفال کراوە یا بێسەروشوێن کراوە، بەڵام ئەو وەک دایکێک تەنها منداڵەکانی خۆی بەخێوکردووە، ئێستا پۆستی زۆر گرنگ لە کوردستان کەسانێک وەریانگرتووە مناڵی ئەنفال یا شەهید. ئافرەت بێجگە لەوەی پیاوەکەی پێشمەرگە بووە ئەو ئەرکی بەخێوکردنی منداڵەکانی لە ئەستۆ گرتووە، ئێستاش لەم ڕۆژگارە ئافرەتان هەم ئەرکی منداڵەوە هەم ئەرکی دەرەوەش بەسەرکەوتویی ڕادەپەڕێنێنن.

لە دامەزراوە ئیدارییەکانی پێشدا بۆ ئافرەت ئیدارێترە لە پیاو. گەر سەیری ئەو فەرمانگانە بکەین کە ئافرەت بەڕێوەی دەبات زۆر بێ کێشە و جوانتر بەڕێوەدەچێ، بۆیە وەک بینیمان لە ساڵی ڕابردوو وڵاتی ئیسپانیا ٧٠ ٪ کابینەی حکومەتەکەی ئافرەت بوو. هێدی هێدی سیستەمی جیهان بەرەو ئەوە دەچێت کە ئافرەت ڕۆڵی گرنگ لە دامەزراوەکاندا ببینێ.

• ئایا بەڕای تۆ مافی ئافرەت لەم کوردستان پارێزراوە؟

- بەڕای من نەتوانراوە بەڕادەی پێویست مافی ئافرەت بپارێزرێت، ڕاستە لە کۆندا ئێمە کلتورێکی جوانمان هەبوو کاتێ لە گوندەکان ئافرەت و پیاو پێکەوە کاریان کردووە، وەک دەگێڕنەوە شان بە شانی پیاو تێکۆشاون، بەڵام ئێستا هەستەکەم ئەو مافە بەو شێوە نییە لە حکومەت و حزبدا، واتە لە کۆمەڵگەی کوردی هەستی پێدەکرێ پێشتر زیاتر یەکسانی و دادپەروەری لە نێوان ئافرەت و پیاو هەبووە. ڕاستە ئافرەت هەموو کات چەوسێنراوەتەوە و نادادپەروەری بەرکەوتووە، بەڵام بەم شێوەی ئێستا نەبووە. ئێستا بەراورد بە پێشتر جیهان زۆر پێشکەوتووە، دەبوایە کێشەی ئافرەت زۆر کەمتر بوایە. ڕاستە پەرلەمانی کوردستان چەند مادەیەکی زیاد کرد لە بەرژەوەندی ئافرەت، بەڵام هێشتا نەگەیشتووینە ئەو ڕادەیەی کە مافی ئافرەت بە تەواوی بدرێ. هەروەها لە لایەنی حزبی ڕێژەی بەشداریپێکردنی ئافرەت ٢٥٪ بەڵام لە پارتی دیموکراتی کوردستان گەیشتووە بە ٣٠٪ ، کە من ٥٠٪ م پێشنیازم کردووە واتا یەکسانی تەواو لەبەرئەوەی ئافرەت هیچی لە پیاو کەمتر نیە.

• کار و پرۆژەی تایبەت بە ئافرەتانت هەبووە؟

- بەڕای من پەروەردەکردنی منداڵێکی سەرکەوتوو کارکردنە بۆ داهاتووی ئەو نەتەوەیە کە ئەو ئەرکە گرنگەی لە ئەستۆ گرتووە بە شێوەیەکی باش بەڕێوەببات و ئەو ئەرکانەی لە ئەستۆی گرتووە بە باشی جێبەجێ بکات، ئەوە بۆ من خۆشی و دڵخۆشی گەورەیە.

• ئایا ئافرەت لە ئاستی ئەرکەکانی خۆیدایە؟

- ئافرەت لە ئاستی ئەرکەکانی خۆیدا نییە، ئافرەت هەم لە ماڵ و هەم لە کۆمەڵگە ئەرکی زۆری لەسەر شانە، ئەرکی ماڵ و منداڵ و کۆمەڵگە، ئافرەت هەم ئەرکی ماڵ و منداڵ و کۆمەڵگەی لە ئەستۆ گرتووە، بەڵام ئەرکی ماڵ و منداڵ و کۆمەڵگە بەسەر پیاوەکانەوە نییە، ئەرکی ماڵ و منداڵ و کۆمەڵگە بەسەر ئافرەتەوە هەیە، ئافرەت هەم ئەرکی ماڵ و منداڵ و کۆمەڵگەی لە ئەستۆ گرتووە، ئەوە ئافرەت ناتوانێ بە تەواوی ئەرکەکانی خۆی بەجێبگەیەنێ، ئەگەر پیاوەکانیش هاوکاری ئافرەت بکەن لە ئەرکەکانی ماڵ و منداڵ و کۆمەڵگە ئەوا ئافرەت دەتوانێ بە باشی ئەرکەکانی خۆی بەجێبگەیەنێ.

• ئەگەر ئافرەت ئەرکەکانی خۆی بەجێبگەیەنێ ئەوا ئەرکەکانی پیاو بەجێ دەمێنێ؟

- ئەرکەکانی پیاو بەجێ دەمێنێ، ئەرکەکانی پیاو ئەوەیە کە بەرگری لە خاک و نیشتمان بکات، ئەرکەکانی پیاو ئەوەیە کە بەرگری لە ئافرەت بکات، ئەرکەکانی پیاو ئەوەیە کە بەرگری لە ئاسایش و سەقامگیری بکات، ئەرکەکانی پیاو ئەوەیە کە بەرگری لە ئابووری بکات، ئەرکەکانی پیاو ئەوەیە کە بەرگری لە ئاسمان و زەوی بکات، ئەرکەکانی پیاو ئەوەیە کە بەرگری لە ئاو و ئاوەڵا بکات، ئەرکەکانی پیاو ئەوەیە کە بەرگری لە ئاژەڵ و ڕووەک بکات، ئەرکەکانی پیاو ئەوەیە کە بەرگری لە ئاسایشی دەریا بکات، ئەرکەکانی پیاو ئەوەیە کە بەرگری لە ئاسایشی ئاسمان بکات، ئەرکەکانی پیاو ئەوەیە کە بەرگری لە ئاسایشی ئاو بکات، ئەرکەکانی پیاو ئەوەیە کە بەرگری لە ئاسایشی خۆراک



بەسەرپەرشتی سەرۆک بارزانی هێزی پێشمەرگە لە بری هەموو جیهان شەڕی تیرۆریستانی داعشی کرد

خەبات: تریفە ئازاد

سەرەڕای هەوراز و نشێوییەکان، سەرەڕای بەربەست و ئاستەنگەکان، سەرەڕای خیانەت و پیلانەکان، بەڵام لەوتەی دەستی تفەنگی گرتووە تاوەکو ئەمڕۆ جەنابی سەرۆک مسعود بارزانی وەکو بەرزترین کێوی کوردستان سەربەرز و سەرفەراز بووە، بەرانبەر گەل و وڵاتەکەی خۆی و بەرانبەر بژاڵی رزگاریخوازی کوردستان، ئەمڕۆش لەلایەن خەڵکی کوردستان و هەموو جیهان مسعود بارزانی وەکو سەرکردەیەکی بەئەزموون و کاریزما و رابەر و قەگەڕی نیشتمانی تەماشا دەکرێت. دوێنێ و ئەمڕۆش لە شەڕ و داستانەکانی بەرگری و هێرش و ئازادکردنی خاکی کوردستان لە دەستی تیرۆریستانی (داعش) لە ساڵانی 2014 - 2017 جەنابی سەرۆک بارزانی ڕۆڵێکی پێشەنگ و گرنگی هەبووە. هەروەها قوربانیدانی پێشمەرگەی کوردستان لەژێر سەرکردایەتی سەرۆک بارزانی و داڕشتنی پلان و بەشداری ڕاستەوخۆ و چاودێری سەرۆک بارزانی لەقارەمانێتی و داستانەکانی بەرگریکردن و ئازادکردنی خاکی کوردستان، پێشمەرگەی کوردستان توانییان دێوەزمەی تیرۆربستانی (داعش) بشکێنن. داستانەکانی ڕەبیعە و زومار و ئازادکردنی چیای شنگال و شاری شنگال و ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای دیجلەو میحوەرەکانی باشیک و خازر و ناوەران و گوێر و مەخمووڕ و کەرکووک و سەعدیە و جەلەولا، هەروەها ئۆپەراسیۆنی ئازادکردنی شاری (موسڵ) و ئازادکردنی (کۆبانێ) و داستانەکانی پردێ و سحێلا و مەحمودیەو....هتد، هەموو ئەمانە بەسەرپەرشتی جەنابی سەرۆک بارزانی و پێشمەرگەی کوردستان بوون.

لیوا زریان شێخ وەسانی: بە سەرپەرشتی سەرۆک بارزانی هێزی پێشمەرگەی کوردستان ئەفسانەی داعشی تێکشکاند



لیوا زریان شێخ وەسانی فەرماندە لە میحوەری مەخمووری هێزی پێشمەرگەی کوردستان لە بارەی بەشداریکردنی سەرۆک بارزانی لە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: بەشداریکردنی سەرۆک بارزانی لە شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش ڕۆڵێکی کاریگەر و پاڵپشتییەکی گرنگ بوو بۆ هێزی پێشمەرگەی کوردستان، ئەو کاتەی تیرۆرستانی داعش ویستیان هێرش بکەنە سەر کوردستان، جەنابی سەرۆک وەک پێشمەرگەیەک خۆی و کوڕو برا برازاکانی هاتنە سەنگەری بەرگری و چەکیان کردەشان بۆ بەرگریکردن لە خاکی پیرۆزی کوردستان، ئەو کاتەی تیرۆریستانی داعش زیاتر جموجۆڵیان فراوانتر بوو، هاوپەیمانان هاتنە سەر هێل، پەیوەندی لەگەڵ هەموو وڵاتان بەست و داوایکرد هاوکاری هێزی پێشمەرگە بکەن، چونکە هێزی پێشمەرگە لە بری هەموو جیهان شەڕی تیرۆریستانی داعشی کرد.

لیوا زریان شێخ وەسانی گوتیشی: ئەوبوو هاوپەیمانان هاوکاری زەمینی و ئاسمانی هێزی پێشمەرگەی کوردستانیان کرد، سەرۆک بارزانی لە شنگال تا میحوەری ڕۆژئاوای کەرکوک سەرپەرشتی هەموو میحوەرەکانی دەکرد و پلانەکانی سەرکەوتنی پێشمەرگەی دادەڕشت و هەمیشە لە خەمی پێشمەرگە بوو، زۆربەی کات لە سەنگەرەکان بوو لەنێو پێشمەرگەو لە نزیکەوە بەسەری دەکردنەوە، کاتێک کۆبانی کەوتە مەترسی سەرۆک بارزانی داوای کرد ڕێگە بە هێزی پێشمەرگە بدرێت بچێت کۆبانی لەژێر دەستی تیرۆریستانی داعش ڕزگار بکرێت، ئەوەبوو هێزی پێشمەرگەی کوردستانی لە باشوورەوە بۆ ڕۆژئاوا بەڕێکرد و لەوێش لەسەر هێڵ بوو لەگەڵیان و بە خۆینی شەهیدێکی قارەمانی باشوور و هیممەتی پێشمەرگە توانرا کۆبانی لەدەست تیرۆریستانی داعش ئازاد بکرێت، ئەوەی سەرۆک بارزانی و هێزی پێشمەرگە کردیان هیچ وڵاتێک نەیانتوانی بیکەن بۆ تێکشاندنی تیرۆریستانی داعش، بۆیەش شکاندنی ئەفسانەی داعش بە سەرپەرشتی سەرۆک بارزانی و هیممەت و قارەمانێتی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، چووە میژوو و کەس ناتوانێت نکۆڵی لێ بکات، لە شەڕی دژ بە داعش تەواوی وڵاتانی هاوپەیمانان ڕاستەوخۆ پەیوەندییان بە جەنابی سەرۆک بارزانی دەکرد.

مقدم ئامۆژگار تاهیر: سەرۆک بارزانی لە بەرەکانی شەڕ هێزی مەعنەوی و بڕوا بەخۆبوونی لای پێشمەرگە دروستکرد



مقەدم ئامۆژگار تاهیر، بەشداربووەکی شەڕی دژ بە تیرۆریستانی داعش لە بارەی گرنگی بەشداریکردنی سەرۆک بارزانی لە شەڕی تیرۆریستانی دژ بە داعش لە لێدوانێکی تایبەت بۆ ڕۆژنامەی خەبات گوتی: جەنابی سەرۆک بارزانی سەرمایەیەکی گەورەی مەعنەوی بوو بۆ پێشمەرگەو لەسەروبەندی شەڕی داسەپێندراوی تیرۆریستانی داعشدا، ئەو ڕاستییەمان بەکردار بینی. لەچوارچێوەی ئەو هاوپەیمانیەتییە نێودەوڵەتی و کۆدەنگییە جیهانییەی دژ بەداعش هاتە ئارا، تەواوی سەرکردەکانی وڵاتانی هاوپەیمانان، ڕاستەوخۆ مامەڵەیان لەگەڵ جەنابی سەرۆک بارزانی دا دەکرد، چونکە بڕوایان بەلێهاتوویی و ئەزموونی جەنابی سەرۆک هەبوو. لەسەر ئاستی ناوخۆشدا بەتایبەتی لەناو هێزی پێشمەرگەی کوردستان، بوونی سەرۆک لە بەرەکانی پێشەوەی شەڕ، هێزی مەعنەوی و لووتکەی بڕوا بەخۆبوونی لای پێشمەرگەو جەماوەر دروست کردبوو، بۆیە من پێموایە، ئەگەر سەرۆک بارزانی نەبوایە، لێکەوتەو دەرەنجامەکانی شەڕ، بەمجۆرە نەدەبوو، نابێ ئەو ڕاستییە مێژووییەش نادیدە بگرین، کە ئەو سەرمایە ڕۆحی و مەعنەوییە هەروا بەسانایی دروست نەبووە، بەڵکو دڕێژکراوەی ئەو پەروەردە پاک و بێگەردەی قوتابخانەی کورداییەتییە، کە ڕێچکەو ڕێبازی پارتی و بارزانی، نەوە لەدوای نەوە، ڕۆڵەی قارەمان و خۆنەویستی وەک سەرۆک بارزانی پێشکەش بەنەتەوەکەی کردووە.

مقەدەم ئامۆژگار تاهیر گوتیشی: نهێنی سەرکەوتنی هێزی پێشمەرگەی کوردستان، دەگەڕێتەوە بۆ خودی سەرۆک بارزانی، چ وەک سەرۆک و ڕابەر، چ وەک پێشمەرگەیەکی قارەمانی ناو کوانووی شۆڕش و بەرخودان لەبەرەکانی پێشەوە، نەک هەر ئێمەش، بەڵکو تێکڕای وڵاتانی هاوپەیمانان هەمان بڕواو متمانەیان بەڕۆڵ و سەرکردایەتیکردنی سەرۆک بارزانی هەبوو، بۆیە دنیابوون لەسەرکەوتن بەسەر داعشدا، بێگومان ئێمەیش و ئەوانیش بەهەڵەدا نەچووبووین، کاتێک ئەو متمانەیەمان بە جەنابی سەرۆک هەبوو، لێکەوتەکانی سەرکەوتن بەسەر داعش، ئەگەرچی بەسستی بەدەردەکەون، بەڵام دواجار دەبینین چەندە دۆزی ڕەوای گەلەکەمانی بردۆتە پێشەوەو لە ئایندەش دا ئەو کاریگەرییە زیاتر دەبینین.



تەیب زرار شێرۆانی*

ڕۆڵ و گرنگی پێگەی سەرۆک بارزانی لە شەڕی دژ بە تیرۆرستانی داعش

سەرۆک مسعود بارزانی هێشتا تەمەنی نەبووبە ١٨ ساڵ کاتێک چەکی پێشمەرگایەتی کردە شانی و چووە ناو دونیای ئاڵۆزی سیاسەت، لەکاتێک ئەو بووە پێشمەرگە شۆڕشی کورد بەقۆناغی جیاجیا تێپەڕی کە ڕژێمە یەک لەدوای یەکەکانی عێراقی بەهەموو توانای دەوڵەت و تەنانەت بەچەکی(ناپاڵم) ی قەدەغەکراویش لە پێشمەرگەیان داوە، ناوە ناوەش دانوستاندن و ڕێککەوتن و ئاگربەستیش هەبووە، تا لەکۆتاییدا شۆڕش سەرکەوت و یەکەم دیکیۆمێنتی فەرمی کە دان بە مافی کورد بنێ لە١١ی ئاداری ١٩٧٠ ئیمزا کرا، پاشان حکوومەتی عێراقی لەبەڵێنەکانی پاشگەز بووەوە و ویستی کەرکووک لەکوردستان دابببڕێت. ئەوە بوو بارزانیی نەمر دەربارەی کەرکووک فەرمووی (کەرکووک دڵی کوردستانە)، پاشان لە ئەنجامی خیانەتی نیشتمانیی عێراقی کە ناسراوە بە ڕێککەوتنی جزائیر لە٦ی ئاداری ١٩٧٥ شۆرش تووشی نسکۆ بوو. لەدوای ئەم ڕووداوانە بەڕێز مسعود بارزانی ماوەیەک لە ئەمریکا لەخزمەت «مستەفا بارزانی»دا بوو لە نەخۆشخانە، لەهەموو ئەو ڕووداوانەدا ڕێزدار مسعود بارزانی لەناو دڵی ڕووداوەکان بووە، یان خۆی ڕاستەوخۆ تێدا بەشدار بووە یان لە نزیکەوە ئاگادار بووە. سەرۆک بارزانی و شەهیدی هەردەم لەیاد ئیدریس بارزانی لەدوای نسکۆ ڕێبەرایەتی شۆرشی گوڵانیان دەکرد. بەڵام لەدوای کۆچی دوایی بارزانی و کاک ئیدریس بارزانی. سەرۆک مسعود بارزانی بەسەرۆکی پارتی هەڵبژێرایەوە و بەکردەیی سەرکردایەتیی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیی کوردی کردووە تا ئەمڕۆ. جگە لەو مێژووە پڕ سەروەرییەی سەرۆک بارزانی، ڕۆڵەی بنەماڵەی سەربەرزی بارزانە کە هەر لە باپیرەی گەورەیانەوە سەرکردایەتیی شۆڕشی چەکداری و سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئاینی کوردستانیان کردووە لەپێناو (یەکسانی، ئازادی، لێبوردەیی، خۆشەویستی، نیشتمانپەروەری، مرۆڤ دۆستی، ژینگەپارێزی ...هتد). ئەم خەسڵەتانە (ساڵانی تەمەنی کە لەسیاسەت و پێشمەرگایەتی بەسەری بردووە کە پڕە لەهەوراز و نشێو، لەگەڵ کەلەپوری دەوڵەمەندی مێژووی خەباتی بنەماڵەی بارزان) لەکەسایەتی سەرۆک مسعود بارزانی ڕەنگی داوەتەوە، بەشێوەیەک کە پێگەیەکی جەماوەری بەرز و فراوانی لەناو کوردی هەر چوار پارچەی کوردستان هەبێت، هەروەها ڕۆڵێکی کاریگەری لەلوتکەی دەسەڵاتی سیاسی و حوکمڕانی لەهەرێمی کوردستان هەیە و بۆتە کەسایەتییەکی سیاسی ناسراو و کاریزما لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و جیهان. پێش ئەوەی بچینە ناو ناوەرۆکی بابەتەکەمان دەمانەوێ ئاماژە بەوەش بکەین کە جەنابی سەرۆک بارزانی هەموکات پێشمەرگایەتی بە گرنگترین شت زانیوە لەژیانی خۆی، لە ڕێنۆڕەسمی سوێندخواردنی وەک سەرۆکی هەرێم لە ٢٠٠٥/٦/١٤دا ڕووی قسەکانی لە پێشمەرگە کرد و فەرمووی (پێشمەرگەی کوردستان، ئێوە ئازیزترین کەسانی ئێمەن، پێشمەرگە، تێکۆشەرانی ڕۆژانی سەخت و ڕۆژانی هات و نەهاتن، منیش پێشمەرگەیەکم وەک ئێوە و شانازی دەکەم کە لەپریزی ئێوەدام، جێگەی ئێوە لە لوتکەدایە و لەناو دڵ و دەروونی میللەت و لەناو ماڵی شەهیدانە). بەم باگراوندەی بنەماڵە و خەبات و بیرکردنەوە، جەنابی مسعود بارزانی سەرکردایەتیی پێشمەرگەی کرد لەشەڕی تیرۆرستانی داعش، سەرکردایەتی کردنی ئەو تەنها لەدوورەوە نەبوو بەڵکو لەنزیکەوە لەگەڵ پێشمەرگە بەشدار بوو، ئەو هەر پێشمەرگە بوو، لەدانانی پلانی سەربازی بۆ بەرگری کردن و هێرش کردن و دانانی هێڵەکانی تەماس ئەو خۆی سەرپەرشتی دەکرد و بۆ ماوەی ١٩٨ ڕۆژ بەسەر یەکەوە لەبەرەکانی شەڕدا بووە. ئەم هەڵوێستەی بەڕێزیان هێز و ورەیەکی پۆڵاینی بە پێشمەرگەکان بەخشی لەبەرەکانی شەڕ و تەنانەت ورەی هاووڵاتیانیشی لەشەقامی کوردستانی بەرزکردەوە، ئەو هەموو هێزی دیپلۆماسی خۆی بەکارهێنا بۆ ئەوەی هاوپەیمانان بێنە سەرخەت و هاوکاری پێشمەرگە بکەن، چونکە لەهەقیقەتدا لەسەرەتادا شەڕەکە لەڕووی جۆری چەک و تەقەمەنی زۆر نابەرامبەر بوو و هاوسەنگی تێدا نەبوو، لەبەرئەوەی تیرۆرستان چەک و جبەخانەی(ئەمریکی پێشکەوتوو)لە سوپای عێراقیان دەستکەوتبوو لەئاکامی کەوتنی موسڵ، کە باشترین چەک و نوێترین چەک بوون و بەشی ئەوەی دەکرد دەوڵەتێکی پێ بڕوخێنرێ!. لەبەرانبەردا پێشمەرگە چەک و تەقەمەنی ئەوتۆی نەبوو کە بتوانێت بەرامبەر ئەو چەکە پێشکەوتووانە بوەستێت، بەڵام بە هەوڵی جەنابی سەرۆک هەر زوو هاوپەیمانان هاتنە سەر خەت و لە ئاسمانەوە هاوکاری پێشمەرگەیان کرد و چەک و تەقەمەنییان بۆ کوردستان ڕەوانە کرد و پاشان چەندین دەوڵەتی هاوپەیمانی دژی داعش ئامادەییان دەربڕی بۆ پێشخستنی تواناکانی پێشمەرگە بە ڕاهێنان و ناردنی ڕاوێژکار. ئامادەبوونی جەنابی سەرۆک لەبەرەکانی شەڕ هاندەرێکی گەورە بوو بۆ هێزەکانی پێشمەرگە و هەستی بەرپرسیارێتی و ئەرکی نیشتمانی لای زیاتر کرد. ئەو ڕۆڵەی جەنابی سەرۆک بارزانی لە شەڕی دژ بە داعش و لە ئازادکردنی خاکی کوردستان لە دەستی تیرۆریستان لە ساڵی ٢٠١٤ بەدواوە گێڕای، ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر بوو لەسەر ئاستی ناوچەکە و جیهان، ئەو ڕۆڵەی بووە هۆی ئەوەی کە ئەمریکا و هاوپەیمانان بڕیاری هاوکاری سەربازی لەگەڵ هێزەکانی پێشمەرگەی کوردستان بدەن و ئەو هاوکارییە سەربازییە بەرفراوانە بەردەوام بێت تا ئەو کاتەی هێزەکانی پێشمەرگە توانای تەواویان هەبێت بۆ بەرگریکردن لە خاک و گەلەکەیان و

وون بوون

پسوولەی شارەوانی ٦ی هەولێر ژمارەی پسوولە ٩٩٤٣٠ بەروار ٢٠١٩/٤/٢٥ بەبری ١,٠٠٠,٠٠٠ بەناوی عثمان برکات ببیرۆ وون بووە تکایە هەرکەسێک دۆزیەوە بیگەڕێنێتەوە شوێنی دەرچوونی.

***

فەرمانگەی دادنووسی (یەکەمی هەولێر)
ئاگاداری

بەروار: ٢٠٢٠/٧/٦
بەپێ ئەو داواکارییەی کە پێشکەش کراوە بۆ ئەم فەرمانگەیە لەلایەن (ئاسۆ اسماعیل حمید) لە بەرواری ٢٠٢٠/٦/٢٤ کە داوای تۆمارکردنی ئامێرەکانی کردووە دەگڕێتەوە بۆ خۆی وتێستا دانراوە لە (رێگای گەرە) و وسفەکانی لە خوارەوەدا دیاریکراوە, بۆیە ئەوکەسەی پەیوەندی بەمە و کەلوپەلە وسفکراوەکان هەیە پێویستە ڕێوشوێنی یاسایی بگرێتەبەر بۆ سەلماندنی و گەواهیەک پێشانی ئەم فەرمانگەیە بدات بەمەبەستی ڕاگرتنی تۆمارکردن لەماوەی پازدە ڕۆژدا, واتە ڕۆژێک دوای بڵاوکردنەوەکە, وە تۆمارکردنەکە بەدواکەوتوو دادەنرێت تاکاتی یەکلاکردنەوەی داواکەو ناڕازییوون بۆماوەی حەوت ڕۆژ لەلایەن دادگای پەیوەندیدار, بە پێچەوانەوە کەلوپەلەکانی تۆمار دەکرێت بەناوی داواکاری تۆماەکرێت بەناوی داواکاری تۆمارکردنەکە بەگوێرەی یاسا دادنووسی ژمارە (٣٣)ی سالّی ١٩٩٨ و بڕوانامەی تۆمارکردنیشی پێ دەدرێت.

دادنووسی یەکەم
مریوان قرەنی ابراهیم

ئامێرەکان:

١- دوو میکسەری تێکەلکردنی موادی منظفات دروستکراوی سینین مۆدێلی ٢٠١٩ و جۆری سوتەمەنی کارەبایی, توانای کارەبایی k.w ٢,٥.

٢- ئامێری لێدان و دانانی قەپاغ لە بوتل دروستکراوی سینی و مۆدیلی ٢٠١٩, توانای کارەبایی, توانای کارەبایی K.W ١,٥.

٣- ئامێری لێدانی لێبل لەزگە لە بوتل دروستکراوی سینی, مۆدێلی ٢٠١٩, جۆری سوتەمەنی کارەبایی, توانای کارەبایی k.w ٢,٥.

ا- تعبئە تێکردنی پاککەرەوە ١٠ سەرکی , دروستکراوی سینی, مۆدێلی ٢٠١٩, کارەبایی , توانای کارەبایی k.w١٠.

٥- کۆمپرێسەری هەوایی, ژمارە ٥٩٨٥٢٤٢٢٠٧٤٩ دروستکراوی تورکی مۆدێلی ٢٠١٩, کارەبایی , توانای کارەبایی k.w٨,١ ٢ پارچەیی.

٦- سیستەمی ئاگرکوژێنەوە ٤ پارچەیی ٢ ترومپا و ٢ خەزان تورکی مۆدێلی ٢٠١٩. کارەبایی , توانای کارەبایی k.w٢.

٧- مۆلیدەی کارەبایی گاز کاتم ژمارە FBPOA٨٦٢٧٨٥ دروستکراوی تورکی مۆدێلی ٢٠١٨ کارەبایی, توانای کارەبایی K.V.A ٢٠٠.

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٧/٣٦٠٦
ڕێکەوت/٢٠٢٠/٧/٧
جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولّکی ژمارە ٣٣/١٤١ کە کەوتوەتە کەرتی ٤٥ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار سربست بایز عباس کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی هاشم احمد جاسم بەبڕی/ ٤٨٠,٠٠٠ $ دۆلار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / احمد محمد فرزی
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ئازادی ١/٢٠٤ ک ٤٥ وارش
٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ ئازادی هەر وەک لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ پێک دێت لە دوو خانوو، خانووی یەکەم هۆڵ ژوور و ناندین و حمام و مرافق لە خوارەوە دوو ژوور حمام مرافق لەسەرەوە لەبلۆک کۆنکریت پێک دێ خانووی قەرزار لە دوو ژووڕو مطبخ و حمام و مرافق لە خوارەوە سێ ژوور لە سەرەوە مرافق و حمام
٥ – ڕووبەرەکەی/ ٣٠٥م٢

٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/
٨ – نرخی قرساو/ ١٦٨,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار.

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەکردنی هەولێر
ژمارە: ٢٠٢٠/٩٤١
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٧/٦
جاردان

ئەم بەڕێوەبەرایەتی لە دۆسیەی جێبەجێکردن ژمارە ٢٠٢٠/٩٤١ هەڵدەستێت بە فرۆشتنی (پشکەکانی قەرزار لە کۆمپانیای توسکانا / بۆ بازرگانی گشتی و خزمەتگوزاری نەوت/ سنوردار) قەرزار (رقیب عمر محمد صالح) بەبری (٣٣٠٠٠٠) دینار قرساوە بەلێک زیادکردنی ئاشکرا لەجیاتی قەرزی خاوەن قەرز (محمد عمر محی الدین) کە بڕەکەی ٤٠,٨٠٠٠٠٠ دیناره جا هەر کەسێک ئارەزووی کرینی هەیە لە ماوەی ٧ ڕۆژ دوای بڵاوکردنەوەی ئەم ئاگاداریە ئامادەبێت لەم بەڕێوەبەرایەتیەوە بارمتەی یاسایی لەگەڵ خۆی بهێنێت و بەڕوفاژیا ڤێ چەندێ دێ ئەم بڕیارە هەڵدەوەشێتەوە و بارمتەکە بگەڕێنرێتەوە بۆ خاوەنی.

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی
دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی
گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
ژمارە ١٠/١٠٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٧/٧
ئاگاداری

لیژنەی سەرەوە هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (١) شوێنی بینایەتی (کۆشتارگەی قوشتەپە) مولکی شارەوانی لەسەر بەشێک زەوی خزمەت گوزاری ژمارە (٢٩/ ٧ک ١٠١ قوشتەپە) بەرووبەری (٤٥٠م٢) وە بەکرێی سالانەی خەمڵێنەراو (٨٠٠٠) هەشت هەزار دینار بۆ (١م٢) بۆ ماوەی (٣) سالّ ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی قوشتەپە بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/١٠ کاتژمێر (١٢:٣٠) دوانزە و نیوی نیوەڕۆ لە ڕۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەمڵێنەراو لەگەڵ خۆی بهێنێ هەروەها کرێی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.

ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی شارەوانیەکانی هەولێر
لیژنەی فرۆشتن و بەکرێدانی
دووەم لە بەڕێوەبەرایەتی
گشتی شارەوانییەکانی هەولێر
ژمارە ١١/١٠٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٧/٧
ئاگاداری

لیژنەی سەرەوە هەڵدەستێ بە بەکرێدانی (١) شوێنی (عەلوەی سەوزە و میوە) لەسەر بەشێک لەپارچە زەوی ژمارە (٢٦٥ ک ٢ گەرمک) لەسنوری شارەوانی تەق تەق بەم شێوەی کە لە خوارەوە دیاری کراوە ئەو کەسەی نیازی بەشداربوونی هەیە لە زیادکردنی ئاشکرا با سەر لە سەرۆکایەتی شارەوانی تەق تەق بدات مزایدەکە ئەنجام دەدرێت لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٨/١٢ کاتژمێر (١٢) دوانزەی نیوەڕۆ لە ڕۆژی دیارکراو کرێگرتەش دەبێ بارمتەی یاسایی بە ڕێژەی (٢٠٪) لە کرێی خەمڵێنەراو لەگەڵ خۆی بهێنێ هەروەها کرێی بڵاوکردنەوە و خەرجی تریش دەکەوێتە ئەستۆی خۆی.

١- ژمارە و جۆری مولک و شوێن/ شوێنی (عەلوەی سەوزەو میوە) دروستکراو لەسەر بەشێک لە پارچە زەوی ژمارە (٢٦٥ ک ٢ گەرمک) لە سنوری شارەوانی تەق تەق ڕووبەری زەوی/٢٤٠٠م٢ کرێی سالانەی خەمڵێنەراو بۆ کۆی ڕووبەر بۆ ١م٢/ ٥٠٠٠٠٠٠٠ پەنجا ملیۆن دینار ماوەی بەکرێدان/ ١ سالّ بەزیادکردنی ئاشکرا.

ئەندازیار/ نەبەز محی الدین نافذ
بەڕێوەبەری گشتی شارەوانیەکانی هەولێر

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی فەرمانگەکانی داد
فەرمانگەی دادنووسی میرگەسۆر
ئاگاداری

داواکار (عبدالرحیم شندو شوالی) داوای تۆمارکردنی ئەم ئامێرانەی خوارەوەی کردووە لە کارگەی بەرهەم هێنانی هەنگوین بەناوی (industrial revolution) لە میرگەسۆر_ شانەدەر , ئاکارەکانیان لە خوارەوە دیاری کراوە بە پێی تۆماری میکانیکی ژمارە (٣٣) ی سالّی (١٩٩٨) بڵاو دەکەینەوە هەرکەسێک خۆی بە پەیوەندیدار یان خاوەنی هەر یەک لەم ئامێرانەی خوارەوە دادەنێ لە ماوەی پازدە ڕۆژ سەردانی ئەم فەرمانگەیە بکات بە پێچەوانەوە بە ناوی داواکار تۆمار دەکرێت.

ئامێرەکان :

١/ ئامێری Electrical lidfilter / کارەبا/ ژمارە/١٩٩/١٠٠١١٩٩ ٧٠٠ ڤ/٢٠١٨/نوێ بۆ قەپاتکردنی سەری شوشە/دانمارک.

٢/ ئامێری Screw Press/کارەبا/ ژمارە/ ١٨٠٧٢٣/ ٢٣٠ڤ/ ٢٠١٨/ نوێ/بۆ جیاکردنەوەی شیلەی هەنگوین لە شانە / دانمارک/ ١٨٠٣٠٠٥٧.

٣/ ئامێری Heater for Hony Dreir/کارەبا/ ژمارە ٢٠١٨/٩٩٩٠٠٠١/ نوێ/ بۆ گەرمکردنی شیلەی هەنگوین وە ئامێری Chiller for Hony Preir/ بۆ سارکردنەوەی شیلەی هەنگوین/پاشکۆ.

٤/ ئامێری / Miltter کارەبا/ژمارە/L ١١٦١٦١٦٩٠٠١٣٠٥٠/ ٢٠١٨/نوێ/بۆ خاوێن کردنەوەی شیلەی هەنگوین لە شانە/ایتالی.

٥/ ئامێری Miltter/کارەبا/ژمارە / L ١١٦١٦١٦٩٠٠١٣٠٤٠/٢٠١٨/نوێ/ بۆ خاوێن کردنەوەی شیلەی هەنگوین لە شانە /ایتالی لەگەڵ ئامێری CHaeger for spinflout Heater

٦/ ئامێری تەشخیس کردنی سەری شوشە / ژمارە / ١٠٠٠٨٠٥/٢٠١٧/نوێ/کارەبا.

٧/ ئامێری Laboring machin/ کارەبا/ ژمارە / ٢٠١٨/١٧٤٦٤/نوێ بۆ لێدانی ریکلام لە سەری شوشە.

٨/ ئامێری spinflout Hony wax/ کارەبا/ ژمارە/ ١٠٥١٤٢cfm/نوێ/ بۆ سوراندنی شانەی هەنگ بە مەبەستی دەرچوونی شیلەی لێی لەگەڵ ئامێری Swienty Hony Dreir / ژمارە / ١٠٠٢٢١٦/ نوێ / کارەبا / ٢٠١٩١٠.

٩/ ئامێری Extractor Self Turn/کارەبا/ ژمارە/١٠٥١٤٢/نوێ/بۆ لێکردنەوەی شیلە لە شانە.

١٠/ ئامێری Homo Genizer / کارەبا/ نوێ/ بۆ مەبەستی خەزن کردنی شیلەی هەنگ/ ١٠٥٢٠٤cfm/لەگەڵ ١٢ تانکی هەنگوین.

دادنووسی میرگەسۆر/ اقدم دینو میرزا

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ١٣٣ /ش/ ٢٠٢٠
ڕێکەوتی / ٥ / ٧ / ٢٠٢٠
ڕاگەهاندن
بو / داوالێکراو : دلشان عبید احمد

ئێ دادگەهێ بریاردا ل کێشا ژمارە (١٣٣ /ش/٢٠٢٠) ل ڕۆژا (٢٠٢٠/٣/٢) ژێک ڤەبوونا دادی (تفریق قضائی) دناڤبەرا تە و داواکار (سهام فیصل یوسف) ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبوونا تە ول دیف دەڤێ یاسایی کو پێتنیە ئاگەهداریا تە دەمێ دەرکەتنا بریاری زی ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامەیێت ڕۆژانە و تە مافێ نە رازیبونێ وپێداچوونی یێ هەیی دماوەی یاساییدا و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ بریار پلا بنەبر وەرگرت.

دادوەر / دارا طاهر توفیق

***

دادگای باری کەسایەتی بەردەرەش
ژمارە / ٩٠/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت ٢٠٢٠/٧/٧
جاردان
بۆ / داوالێکراو (عصام نبو درویش)
شوێنی دانیشتووی نادیار.

داواکار (فاطمە حسن صالح نبو حاج ابرهیم) داوای شەرعی ژمارە (٩٠/ش/٢٠٢٠) لەم دادگایە لە سەرت تۆمار کردووە کە داواکە بریتیە (لێک جیابوونەوە بە هۆی کۆچکردن) (تفریق بسبب الهجرة) وە لە بەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونی نادیارە بە پێی نووسراوی (کارگێری کەمپی گەویلان) وە نووسراوی خالی پۆلیسی کەمپی بەردەرەش ژمارە (٢٦)لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٨ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بە خۆت یان نوێنەرێکی یاسایی ئامادە بێت لە ڕۆژی دادبینی ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٧/٢٩ بە پێچەوانەوە دادبینی وەکو پێویست ئەنجام دەدرێت بە پێی یاسا لە گەل ڕێزدا .

دادوەر / نزار خلیل ابراهیم

***

دادگای باری کەسایەتی بەردەرەش
ژمارە / ١٤/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت ٢٠٢٠/٧/١
جاردان
بۆ / داوالێکراو (نوریە قادر عباس) شوێنی دانیشتووی نادیار.

داواکار (داود سلیمان یاسین) دوای شەرعی ژمارە (١٤/ش/٢٠٢٠) لەم دادگایە لە سەرت تۆمار کردووە کە داواکە بریتیە (پەسەند کردنی تەلاقی دەرەکی) بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لە ڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بە بریاری پاشملە ژمارە (١٤/ش/٢٠٢٠) کە لە ڕێکەوتی ٢٠٢٠/٦/٢٤ دەرچووە وە دوای (١٠) دە ڕۆژ لە پێراگەیاندن پلەی کۆتایی وەردەگریت بە پێی یاسا لە گەل ڕێزدا .

دادوەر / نزار خلیل ابراهیم

***

دادگای باری کەسی خەبات
ژمارە: ١١٣/ش/٢٠٢٠
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٣/١
جاردان
بۆ داوالێکراو (محمود احمد الدیری)

ئامازە بە داوای ژمارە (١١٣/ش/٢٠٢٠) کە تایبەتە بە داواکار (ایە ولید العمر) کە جۆری داواکەی بریتییە لە (تفریق) لەبەر ئەوەی شوێنی نیشتەجێبوونت نادیارە، بەدەلالەتی داواکار (بۆیە ئەم دادگایە بڕیاریدا لە بەروارى (١٦/٣/٢٠٢٠) بە پێراگەیاندنت بەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ناوخۆیی بۆ ئامادەبوونی خودی خۆت یاخود بریکاردارت لەجیاتی خۆت ڕەوانە بکەی لەڕۆژی دادگایی ڕێکەوتی (١٦/٣/٢٠٢٠) کاتژمێر (٩) ی بەیانی بە پێچەوانەوە دادگایی پاشملەو ئاشکرا دەرهەقت ئەنجام دەدرێت بە پێی یاسا.

دادوەر/مسعود سعید صدیق

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی دهۆک
ژمارە/ ٦٦٤/٢٠٢٠
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٧/٦
پێراگەهاندن
بۆ قەردار/ بشری ابراهیم محمد

ژ بەر نەزانینن نەدیاریا جهێ ئاکنجیبونا تە، لەورا لدیف ماددیا ٢٧ یا یاسایا جێبەجێکرنێ بریار هاتە دان ڕێیا دوو ڕۆژنامێن نافخۆ ئاگەهداریا تە بکەین بۆ ماوێ ١٥ ڕۆژا ژ ڕۆژا بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ ئامادەبی لڕیڤەبەریا مە بۆ ئەنجامدانا ڕێکارێن جێبەجێکرنێ و بەروڤاژی دێ نەچاری ڕێکێن یاسایی بێن جبری بین.

ژڤان عزیز محمد
ڕێزەبەر (جێبەجێ کاری داد)

***

***

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی/هەولێر
ژمارەی دۆسیە/٢٠١٩/١٠٤٣
ڕێکەوت/٢٠٢٠/٧/٧
جاڕدان

بەڕێوەبەرایەتی جێبەجێکردنی هەولێر مولّکی ژمارە ١٠٩/١٣٣٧ کە کەوتوەتە کەرتی ٤٥ وارش دەفرۆشێت, خاوەنەکەی قەرزار مصطفی ریدار ازاد کە گلدانەوەی خراوەتەوە سەر لەجیاتی قەرزی صباح سلیم علی بەبڕی/ ١٥٠,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار هەرکەسێ ئارەزوومەند ٣٠ سی ڕۆژ لە ڕۆژی دوای ئەم بڵاوکردنەوەیە لەگەل بارمتەی یاسایی کە ١٠٪ نرخە قرساوەکەیەتی عێراقی ئامادە بێت و پارەی تۆمارکردن و دەلالیش لەسەر کڕیارە.

جێبەجێکاری داد / احمد محمد فرزی
ئاکارەکان:
١ – شوێن و ژمارەی/ هەولێر ١٠٩/١٣٣٧ ٤٥ وارش
٢ – ڕەگەزو جۆری/ مولکی تەواو
٣ – سنوورو ئاگاداری/ ئازادی هەر وەک لەنەخشەکەدا هاتووە
٤ – پێکهاتەکەی/ خانووی قەرزار پێکدێت لە دوو نهۆم دەستوور سلێمانی
٥ – ڕووبەرەکەی/ ٢٥٠م٢
٦ - پلەی ئاوەدانکاری/
٧- نیشتەجێکەی/ کەس لەماڵ نەبوو
٨ – نرخی قرساو/ ٩٦,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن دینار خەملاندنی بۆ کراوە.

***

دادگای باری کەسی هەولێر
ژمارە/ ٩/ت/٢٠٢٠
بەروار/ ٢٠٢٠/٧/٧
جاردان

ئەم دادگایە هەڵدەستێ بە فرۆشتنی ئۆتۆمبێلی ژمارە ٣٤٢٠١٦/ اربیل/خصوصی جۆری تویوتا یارس مودیل ٢٠١٢ ڕەنگی سپی کە بەناوی خوالێخۆشبوو سعدی خضر حمشین لە ڕۆژی ٢٠٢٠/٧/٢٧ کاتژمێر ١٢ی نیوەڕۆ جا هەرکەسێک دەیەوێ بەشدارای کڕینی بکات با ئامادەبێت لەم دادگایە لەکات و شوێنی دیاریکراوە و پارەی یاسایی ١٠٪ لەگەڵ خۆی بهێنێت. وە ئۆتۆمبێلەکە خەملێنراوە بەنرخی ٧,٢٠٠,٠٠٠. دینار.

دادوەری یەکەم/ دیار محمد علی

***

دادگای بەرایی هەولێر/٥
ژمارە/ ٢٦٣٢/ب/٢٠١٩/٦
ڕێکەوت/ ٢٠٢٠/٧/٧
پێراگەیاندن
بۆ داوالێکراوە/ ادریس محمد حسین

داواکار ازاد و نوزاد و طلعت و روناک و خونو روباک و مژدە و کوڕان و کچانی یحی سعید داوای ژمارە ٢٦٣٢/ب/٢٠١٩ی لەم دادگایە تۆمارکردووە لەسەر ادریس محمد حسین وە لەبەر ئەوەی شوێنی دانیشتنت نادیارە بەپێی اشعاری مختاری هەولێر گەرەکی عەرەبی کۆن و نوێ و سعدوناوە لە ٢٠٢٠/٥/١٩ بۆیە ئەم دادگایە بریاری دا بە پێراگەیاندنت لەڕێگای دوو ڕۆژنامەی ڕۆژانەی ناوخۆیی بەمەبەستی ئامادەبوونت لەبەردەم ئەم دادگایە بۆ ڕۆژی دادبینی ٢٠٢٠/٨/٢٤ کاتژمێر ٩ی بەیانی بەپێچەوانەوە دادبینی بەپاشملە ئەنجام دەدرێت.

***

دادگای باری کەسایەتی لە دهۆک
ژمارە/ ٢٠٧/ش/٢٠٢٠
ڕێکەفت/ ٢٠٢٠/٧/٦
ڕاگەهاندن
بۆ داوالێکراو/ یاسین محمد خالد

ل دیف داخازیا داواکار انتصار عواد محمود و کێشا ژمارا‌وێ ل سەری دیارکری تێدا داخازیا بریارا تفریق للهجر کری و ژ بەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجی بوونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا هەلبژێرێ تاخ زەری لانە ل ریکەفتی ٢٠٢٠/٢/٢٣ ئەڤجا بریار هاتەدان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕۆژانە دا ئامادەبی ل ڕۆژا ٢٠٢٠/٧/٢١ یان بریکارەکی پێش خوڤە ئامادەبکە و بەروڤاژی ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن.

دادوەر/ مروان عادل اسماعیل

***

ڕێزەبەریا گشتی یا باژێرڤانییا ل پارێزگەها دهۆکێ
بەشێ مولک و زەڤی و زار
ژمارە: ١١/٣٠٠/١/١
ڕێکەفت: ٢٠٢٠/٦/٢٩
ئاگەهداری

لدویڤ یاسا فروتن و کرێکرنا مولکێن دەولەتێ ژمارە ٣٢ یا سالا ١٩٨٦ و ئەو دەستورکارێن لسەر ڤی بابەتی هاتینە دان لێژنا فروتن و کرێکرنێ دوویێ ڕادگەهینیت کو سەرئیک زێدەکرنەکا ئاشکەرا یا هەی ژبو کرێدانا (١٨) دوکان بۆ ماوێ (٢) دوو سالا هەر کەسێ بڤێت پشکداری یێ دڤێ سەرئێک زێدەکرنێدا بکەت بلا داخوازێت خو دگەل دابینکرنێ کو کێمتر نەبیت ژ ٢٠٪ ژبهایێ خەملاندنێ پێشکێشی سەروکاتیا باژێرڤانیا باتیفا بکەت د ماوێ ٣٠ سیەڤ روژا دا ژ بەلافکرنا ڤێ ئاگەهداریێ د روژنامێ دا و ئەڤ سەرئێ زێدەکرنە دێ هێتە کرن ل سەروکاتیا باژێرڤانی یا باتیفا دەم ژمێر دوازدەی نیڤڕۆ و هەرکەسێ بو بکەڤیت دێ بهایێ ئاگەهداری یێ و هەمی خەرجێت بێتڤی دێ کەڤنە ستوێ وی.

ئەندازیار/ دیار بحری رسول
ڕێڤەبەرێ گشتی

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە /٢٤٣/ش/ ٢٠٢٠
ڕێکەوتی /٧/٧/ ٢٠٢٠
ڕاگەهاندن
بو / داوالیکراو : هیهات شبلی ذیاب

ل دیف داخوازیا داواکار (نیروژ خورشید جلبی) وکێشا ژمارە (٢٤٣/ش/٢٠٢٠) تێدا داخوازا پەسەندکرنا تەلاقا دەرەکی (تصدیق الطلاق الخارجی) ل (٢٠٢٠/٦/٢٥) دناڤبەرا وی و تە و ژبەر نەدیار بونا جهێ ئاکنجیبونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهی پولیسین کاریز یا ژمارە (٢٠٧٣) ل (٢٠٢٠/٦/٣٠) و نڤیسارا بەربژارێ تاخ (پەیمان ١/) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕۆژانە دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا (٢٠٢٠/٧/١٩) ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیکارەکێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن.

دادوەر / دارا طاهر توفیق

***

دادگەها باری کەسایەتی ل زاخو
ژمارە / ٢٣٤/ش/ ٢٠٢٠
ڕێکەوتی /٧/٧/ ٢٠٢٠
ڕاگەهاندن
بو / داوالیکراو : روندک شریف ابراهیم

ل دیف داخوازیا داواکار(اسماعیل حسن ناصر) وکێشا ژمارە (٢٣٤ /ش/٢٠٢٠) تێدا داخوازا کەتنا تەلاقا وی ژتە بەرامبەری ڤێ دادگەهێ دکت و ژبەر نەدیار بوونا جهێ ئاکنجیبونا تە بو دادگەهێ ل دیف نڤیسارا بنگەهێ پولیسین (سیالکا) یا ژمارە (١٦٦٢) ل (٢٠٢٠/٦/٢٨) و نڤیسارا بەربژارێ تاخ (رکافا نوێ) ئەڤجا بریار هاتە دان کو ئاگەهداریا تە بێتە کرن ب ڕێکا دوو ڕۆژنامێت ڕۆژانە دا ئامادە بی ل ڤێ دادگەهێ ل ڕوژا ١٣ /٧/ ٢٠٢٠ ل دەمژمێر ٩ سپێدێ یان بڕیکارەکێ ژ پێش خو ڤە ئامادەبکی و بەروڤاژیا ڤێ چەندێ دێ دادگەها تە پاشەملی هێتە کرن .

دادوەر / دارا طاهر توفیق

***

بەڕێوەبەرایەتی گشتی تۆمارکردنی کۆمپانیاکان
بەڕێوەبەرایەتی کۆمپانیای هەولێر
هۆبەی یاسا
ژمارە: ٥٨٩٨
ڕێکەوت: ٢٠٢٠/٦/١٥
بڕیاری پاکتاوکردنی کۆمپانیای (فهمی مجید ابراهیم)
بۆ پاککردنەوە و دابینکردنی خۆراك/ تاك)

پاڵپشت بەناوەڕۆکی بڕیاری دەستەی گشتی کۆمپانیای (فهمی مجید ابراهیم) بۆ پاککردنەوە و دابینکردنی خۆراك/ تاك) لە ڕێکەوتی (٢٠٢٠/٦/٢٢) تایبەت بەدانانی کۆمپانیا لەڕێڕپاکتاوکردن و دانانی بەڕێز (شوان برهان الدین حسام الدین) بەپاکتاوکاری کۆمپانیای نابراو, من بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر بریاری ناوبراوی سەرەوەم پەسەندکرد بەمەرجێک بڵاوبکرێتەوە بەپێی ئەحکامی ماددەی (١٦٠) لەیاسای تۆمارکردنی کۆمپانیاکان ژمارە (٢١) سالّی ١٩٩٧ی هەموارکراو. ئەم بریارە نووسراوە لەبەروارى ٢٠٢٠/٦/١٥

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری کۆمپانیاکانی هەولێر

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەكەینەوە كە كۆمپانیای (فهمی مجید ابراهیم) بۆ پاككردنەوە و دابینكردنی خۆراك/ تاك) بریاری پاكتاوكردنی كۆمپانیای داوە، بۆیە هەر كەسێك یان هەر لایەنێك مافێكی لەسەر كۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی دا ئاگاداری پاكتاوكار بكاتەوە لە (پارێزگای هەولێر)

پاكتاوكار/ شوان برهان الدین حسام الدین
ناونیشان/ هەولێر- ژووری پارێزەران
ژمارەی مۆبایل/ ٠٧٥٠٤٠١٨٩٤٩

ئاگاداری

ئاگاداری گشت لایەك دەكەینەوە كە كۆمپانیای (عبدالرزاق كریم مصطفی) بۆ بازرگانی گشتی و هێنانی كەل و پەلی خۆراك/ تاك) بریاری گۆرینی (ناوی كۆمپانیا و جۆری)ی كۆمپانیای داوە لە كۆمپانیای (عبدالرزاق كریم مصطفی) بۆ بازرگانی گشتی و هێنانی كەل و پەلی خۆراك/ تاك) بۆ كۆمپانیای (نبع الرحمە) بۆ/ بازرگانی گشتی و هێنانی كەل و پەلی خۆراك/ سنوردار) بۆیە هەر كەسێك یان مافێكی لەسەر كۆمپانیا هەیە با لە ماوەی یاسایی سەردانی بەڕێوەبەرایەتی كۆمپانیاكانی هەولێر بكاتەوە لە شاری (هەولێر- جووت سایدی بەختیاری- تەنیشت سوپەرماركێتی ماجستی) بۆ یەكلایكردنەوەی كێشەكان.

پشتیوان مصطفی قادر
بەڕێوەبەری كۆمپانیاكان هەولێر

کاری کنەو پشکنین و پاککردنەوەی پەرستگایەکی زەردەشتیی لە دەربەندیخان

کەمال نوری مەعروف

بەشی دووەم

ناوچەی (دەربەندیخان)ی سەر بە پارێزگای سلێمانی لە کوردستانی باشوور، دەوڵەمەندە بە پەرستگای زەردەشتیی، پاشماوە دێرینەکانی (بانقەڵای بانیبی)، کەدەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتی گوندی (بانیبی) و (قەڵای باوەخۆشێن) لە خۆرئاوای دەربەندیخان، یان رۆژئاوای گوندەکە، لەسەر ئەو رێگایەی کە دەربەند بەقەرەداخەوە دەبەستێت، بەڵگەیەکی تر بۆ بەرفراوانیی سنووری بڵاوبوونەوەی ئایینەکە لەناوچەکەدا. گەلی کوردیشمان یەکێکە لەو گەلانەی کە بەزوویی چووەتە ناو ئایینەکەو لە خزمەتیا بووە، لەبەرئەوەی تاکەپەرستیی بووەو سەرچاوەکەی لە خۆرپەرستییەوە سەرچاوەی هەڵگرتووەو سەرەتاکەی بۆسەردەمی میتانییەکان دەگەڕێتەوە، کە میترایی پەرستبوون. ئەو باوەڕەیش بۆ ئەو رۆژگارە هێنند مەزن بووە، چونکە زۆریتر لەگەلانی دەڤەرەکە، لەسەر باوەڕی فرەخوایەتی ژیاون، یان (تەوتەمی) پەرستبوون.

ناوی شوێنەوارەکە

وادیارە شوێنەواری ناوبراو، لای دانیشتوانی ناوچەکە ناوێکی تایبەتی نەبووبێت، جگە لەوەی بە قەڵا، یان خان، ناوی براوە، هەروەها لە سەرچاوەی (اسماو المدن و المواقع العراقیە)ی مامۆستا جەمال بابانیشدا، ناوی نەهاتووەو ناوی دەربەندیخانی بەستۆتەوە بە ناوی شوێنەواری ناوبراو هەروەکو دەڵێ: ناوەکە لە خانێکەوە هاتووە، کە بۆ سەردەمی عوسمانییەکان دەگەڕێتەوە، کە تیایدا کاروانچییەکان کەلوپەلەکانیان تیایدا ساغ کردۆتەوە، مەبەستی لێرەدا ئەو شوێنەوارە بووە. ئەو بۆچوزنەیش کنەو پشکنینەکانی شوێنەواری گەرمیان دەریخست، کە لە شوێنی خۆیدا نییەو لە ڕاستییەوە دوورە. جگە لەوەیش گەڕیدەکانیش کە هاتوونەتە ناوچەکە، وەکو ریچ و ئەدمۆندزو گەلێکی تر، ناوی ئەو شوێنەیان نەهێناوەو لە هیچ سەرچاوەیەکیشدا ئەو ناوهێنانەیان ساخنەبۆتەوە.

مامۆستایان، تەها باقرو فوئاد سەفەریش- کە لە شەستەکانی سەدەی پێشوودا بە ناوچەکەدا گەڕاون، نەهاتوونەتە دیمەنی شوێنەواری ناوبراو بۆ ئەوەی لەسەری بنوسن، یان بە چاوپێکەوتنیان ساغی بکەنەوە، کە ئەو پاشماوەیە چییەو بۆچی دروستکراوە، یان بۆ کام سەردەم دەگەڕێتەوە. ئەوەیش بەڵگەیەکی تر وەکو شوێنەوار، ناوچەکە باس‌و وێنکۆڵینەوەی لەسەر نەکراوە، بۆئەوەی لەنووسینەوەی مێژووی سەردەمە دێرینەکانمان سوودیان لێوەربگرین، بۆ زیادکردنی لاپەڕەیەکی تر لە مێژووی لەبیرچوومان.

وەسفێکی گشتیی پەرستگاکە

شوێنەوارەکە، پەرستگایەکی زەردەشتیی سەردەمی ساسانییەو نەخشەیەکی ناوازەی هەیە، کە لە بینایەکی گەورەدا کۆبۆتەوەو بەکەمیی لەوجۆرە پاشماوانە لەم ڕۆژگارەدا بەرچاودەکەون، بیناکەیش بەبەردی چاکنەکراوو قسڵ دروستکراوەو لە ناوچەیەکدایە لەوجۆرە کەرەستانەی زۆرە.

شوێنەوارەکە پێکهاتووە لەم بەشانە:

1ـ شوێنی ئاگرەکەی، یان هەیکەلی پیرۆز، کە ناوەڕاستی پەرستگاکەی ڕووەو خۆرهەڵات گرتووەو لەسەر سەکۆیەکی چوارگۆشەی بەرد و قوڕە و بەرزییەکەی لە باکوورو باشووریدا، دەگاتە (2) دوو مەتر، لەبااڵەکانی خۆرهەڵاتو خۆرئاوایدا، ئەو بەرزییەی کەمتر دەبێتەوە، یان بەشێوەیەکی تر بڵێین: بەرزی باڵی خۆرئاوای لەوەی خۆرهەڵاتی تۆزێک زیاترە، سەکۆکە بەپێی نەخشەی پەرستگاکە دریژ بۆتەوە ڕووەو باشووری خۆرهەڵاتی، لە شێوەی لاکێشەیەکی دریژکۆڵەیەو بەرزییەکەی دەگاتە (2) مەتر، سەری سەکۆکەیش بەقسڵ سواغدراوە بەئەستووری (5) سانتیمەتر، ئەوەش بۆ بەهێزکردنی بووە لەکاتی دانانی هەیکەلی پیرۆزدا، بەپێی ئەو نەخشەیەی بۆی سازکراوە.

هەیکەلی پیرۆز، یان شوێنی ئاگری زەردەشتیی، پیرۆزترین بەشە لەپەرستگای زەردەشتییدا، کە شێوەکەی چوارگۆشەیەو دریژی باڵێکی (10) مەترە و هەروەکو ئاماژەمان پێدا لەسەر سەکۆیەك بینا کراوە.

نێوانەکانی هەیکەلی پیرۆز، لەسەر چوار کۆڵەکە هاتووەتەوە و نێوانی کۆڵەکەیەك بۆ ئەوی تر چوار (4) مەترەو ئەو نێوانەش بەهەرچوارلادا دەروازەکانی هەیکەلی پیرۆزی کردۆتەوە، کە ژمارەیان (4) چوارەو بەهەر چوارلادا دابەشکراون، بەرزی دیوارەکانی هەیکەلەکە، (4) چوار مەترەو لەسەریەوە گومەزێکی نیوە بازنەیی بنمیچەکەی داپۆشیوە، کە لە بەرزی دیوارەکانیەوە (5ر2) مەترە، ئەوەش بەپێی ئەو پاشماوەیە دەرئەکەوێت کە بەسەر دیواری خۆرئاوای هەیکەلی پیرۆزدا ماوەتەوە، بەشی دەرەوەی گومەزەکە، بەپێی پاشماوەی ئەو قیرەی لەسەری ماوە، بەو کەرەستەیە سواغدراوە، بۆئەوەی دڵۆپەی باران نەگاتە ئاگرەکە، جگە لەوەیش لەبەشی سەرەوەی گومەزەکەدا پێدەچێت دوکەڵکێشێك هەبووبێت بۆ دەرچوونی دوکەڵی ئاگرەکەی.

نێوانی دەروازەکانی ئەم هەیکەلە، کە بە هەر چوارلادا کراوەتەوە، لەگەڵ نیوەتیرەی دەروازەکانیدا یەکدەگرنەوەو لە خوارەوەیاندا گۆشەیەکی 90 پلە دروستدەکات ئەوەیش هۆکارێکە بۆ ئەوەی پانی دەروازەکە سنوردار بکات، کە لە سنوری (2) مەتر، یان کەمتر دەهێڵێتەوەو بەرزییەکەشی (3) مەترێك دەبێت، کە بەشی سەرەوەی شێوەی نیوە بازنەیەك وەردەگرێ، کە سەری دەرگاکەیان پێ داپۆشیوە. ئەو دەروازانەی کە دەڕوانن بەسەر هەر چوارلادا، بەهۆی دوو بنکی سەکۆوە، کە پاشماوەکانی لای باکوور و خۆرئاوا و باشوور ماون، جگە لەوەی خۆرهەڵات نەبێت کە ڕوخاون. هەموو ئەمانە لەبەردەم دەروازەکەدا بەشێوەی نیوەتیرە یەکیان گرتۆتەوەو لەگەڵ سەربانی دەروازەکەشدا جارێکیتریش یەکدەگرنەوە، کە بوونەتە ڕێڕەوێکی گچکە بۆ چوونە ژوورەوەی ناو دەروازەکان. هەروەکو باسمانکرد، سەکۆکە لە دروستکردنی هەیکەلی پیرۆزدا، لە (3) لاوەی باشوور و خۆرهەڵات و باکووری، پشتێنەیەکی تیادا جێهێڵراوە، کە پانیەکەی (2) مەترە، ئەوەیش پەیوەندی هەبوو بەو ڕێو ڕەسمە ئایینییەوە، کە خولانەوەیە بەچوار دەوری ئاگرەکەدا لە لایەن نزا کەرانەوە، کە یەکێك بووە لە سیفاتی ئایینەکەو بەجۆرێك کە پشتیان لە ئاگرەکە نەبێت. چوار دەروازەکەی هەیکەلی پیرۆز، کە دەڕوانێت بەسەر چوار دەروازەکەی دەرەوەدا، بەرانبەری یەکترین و لەسەر هێڵێکی ڕێك هاتوون، دووریەکانیان بەپێی شوێنەکە جیاوازن. دەروازەی خۆرئاوا دووریەکەی لەوەی دەرەوە هەروا (20) مەترێك دەبێو پانیەکەشی(10) مەتر، بەڵام ئەوەی کە دەکەوێتە نێوان دوو پایە دریژەکەی، (10) مەترێك دەبێ و پانیەکەی (15) مەترو ڕێگاکەیش لە نێوان دوو پایەکەدا دەگاتەوە بە دەروازەی دەرەوە.

بەڵام ئەوەی خۆرهەڵات، دووری دەروازەکەی لەوەی دەرەوە (25)مەترێك دەبێت. ئەوەی لێرەدا جێگەی نیگەرانییە، ئەو بەشەی دەرەوەی پەرستگاکەیە، کە دەڕوانێت بەسەر باکووری خۆرهەڵاتداو لە شێوەی لاکێشەدایە، دریژییەکەی (25) مەترەو پانییەکەی (15) مەترە، تیایدا هیچ پاشماوەیەك لە شوێنەوارەکە نابینرێت، وادیارە یان هەر بەوشێوەیە بووبێتو بۆ کاری ڕۆژانەی پەرستگاکە بەکاریان هێنابێ، یا وەکو ڕاستە ئەوکاتەی لە ساڵی 1963 بنکەیەکی سەربازیی بووەو وێرانکراوە.











بەڵام، ئەوەش هەیە، لەکاتی پاککردنەوەی ئەو بەشەیدا، لە ناو گڵو خاشاکەکەیدا هیچ پاشماوەی دیوارمان بەرچاو نەکەوت، یا شتێك کە بەڵگە بێت بۆ بوونی، بۆیە بۆچوونی یەکەم پەسەند دەکەین، کە هەر حەوشە بووبێت. حەوشەی لای باکوور کە دەروازەکەی دەگاتەوە بە دەروازەی هەیکەلی پیرۆز، لەو لایەوە دەکەوێتە بەردەم سەکۆی ئاگرەکە، کە باشووری لێگرتووەو خۆرهەڵاتو خۆرئاوایشی، بە دیواری باڵی باکووری خۆرئاوای گیراوە، لەوێوە لە ڕێگای دەرگایەکی گچکەوە دەگاتەوە سەر حەوشەکە، کە دریژییەکەی (80) سانتیمەترەو پانیەکەی (60) سانتیمەتر.

لێرەدا ئەوەی هاتۆتە ڕووەوە، لە دەرگایەکەوە بووە دریژییەکەی 1,80 مەترو پانیەکەی 60 سانتیمەترو بەهۆی چوار پلیکانەی بەردین کە بۆ سەکۆکە دانراوە سەرکەوتووەو لە ڕێگای پشتێنەکەوە، کە ئاماژەمان پێدا دریژییەکەی (4) مەترە گەیشتووە بە دەروازەی هەیکەلی پیرۆز، کە لە دوولاوەی ژووری گچکە دەبینرێنو نێوانیشیان دوو کۆڵەکەیە، کە بنمیچەکەیان بە نیوە تیرەیەك لەگەڵ ئەوەی هەیکەلی پیرۆزدا یەکپێگرتۆتەوە.

دەرگای لای ڕاستی، کە دەڕوانێت بەسەر خۆرهەڵاتدا، لە پشتێنەی سەکۆکەوە بۆی سەرکەوتوون وا دیارە لە ڕێگای دوو پلیکانەی بەردینەوە بووبێت، کە لە باکووریەوە بۆ دەمی دەروازەکە لە خۆرهەڵاتیا هاتبن. جگە لەوەیش، وادیارە (3) پلیکانەی تریش بووبێت لە بەردەمی دەروازەکەوە بۆی سەرکەوتبن، لەگەڵ پاشماوەی دوو کۆڵەکە کە بەرچاو دەکەوێتو بە نیوە بازنەیەك سەرەکانیان گیرابێو لەگەڵ دەمی دەرگاکەدا لە سەرەوە هەر بەو نیوەیە یەکیان گرتبێتەوەو لەو شوێنەوە بووبنە شوێنی هاتنە ناوەوە.

لە هەیکەلی پیرۆزدا، کە ناوەڕاستەکەی چاڵی ئاگرەکەی گرتبوو، کاتێك پاککرایەوە چینێکی ئەستوور لە کەرەسەی سوتاومان تیادا هەڵکەند، بە ئەستووری نیو مەترێك کە هەموو هەیکەلەکەی گرتبوو، توانیمان دووری بخەینەوە، هەروەها لەو کەرەسە سوتاوانەیش پاککرایەوە، کە زیاتر بەشی باشووری پەرستگاکەی گرتبوو، وادیارە لە دوا دوای ژیانی مانەوەی پەرستگاکەدا، کەرەستە سووتاوەکان لە خۆڵەمێشەکەی بۆیان دوور نەخراوەتەوەو بەناو پەرستگاکەدا بڵاویان کردۆتەوە. ئەوەش بەڵگەیەکی تر کە گرنگیدان بە شوێنەکە، بەهۆی بارودۆخەکەوە کەمتر بۆتەوە، یان ئەوەتا دەسەڵاتی فەرمانڕەوایەتییەکە لە ناوچەکەدا کز بووە، بۆیە نەیانتوانیوە خزمەتی تەواوی پەرستگاکە بکەن، هۆکاریش بۆ ئەمە لەوانەیە لە ناوچەکەدا نەمابن.

2ـ باڵەکانی: ئەو بەشەی پەرستگاکە، یان بە شێوەیەکی تر بڵێین، هەیکەلی پیرۆز، کە شوێنی ئاگرەکەیەتی، بە دووباڵ بە خانووبەرەکە باکوور و باشووریەتی گیراوەو بەهێڵێکی هاوتەریب دریژ بوونەتەوە، جگە لەو بەشەی نەبێت، کە حەوشەیەکی بەتاڵە و دەکەوێتە باکووری خۆرهەڵاتیەوە. بۆ نووسینەوەی زانیارییەکانمان لەسەر دوو باڵەکەی، بەپێویستی ئەزانین لەسەر هەریەکێکیان قسە بەجیا بکەین:

أ-باڵی خۆرئاوا، باکووری خۆرهەڵات: ئەم باڵە دریژییەکەی (15) مەترەو پانییەکەی (9) مەترە، هەتا ئەو لایەی کە دەگاتەوە بە باڵی باشووری بەرانبەری، هەروەها بەشێکیشی دەچێتەوە ناو دەروازەی باکووری، کە لە ناوەڕاستیا جیاکراوەتەوەو لەنێوانیاندا دەرگای لاکێشی سەری نیوە بازنەیی دابەشیکردوون. ئەو بەشەی کە دەشڕوانێت بەسەر باکووردا، لەو بەشەی تری جیاکراوەتەوە، لە ڕێگای پلیکانەوە کە بۆی دابەزیون. ژوورەکانی بەشی ناوەوەی بەرانبەری باڵی باشوور لەوانەی ئەودیوی کە دەڕوانێت بەسەر باکووریدا، لە ژووری یەکەمیدا سەکۆیەکمان تیایدا دیوە کە شێوەی (L)ی ئینگلیزی پێچەوانەی وەگرتبوو، کە بەرزییەکەی خۆی دەدا لە 25 سانتیمەترو بە قوڕ دروستکرابوو، سەرەکەیشی بە قەوارەی (10) سانتیمەتر بە قسڵ بەرز کرابۆوە. وادیارە شوێنی دانیشتن بووبێت لە ڕۆژگاری زێڕینی پەرستگاکەدا، جگە لەوەیش لە دوا ژووریدا، کە ژمارەی ژووەکان چوارن، پاشماوەی ئاگر دانێکی لەبەرد دروستکراومان دیوە، وادیارە ئەم بەشە شوێنی پشوودانو بۆ خواردن ئامادەکردن بێت. هەروەکو باسمان کرد، ژووری چوارەم کە دەرگاکەی لە ناوەوە دەچێتەوە سەر دااڵنی دەروازەی باکوور، لەوە زیاتر هیچ پەیوەندییەکی تری بە ژووەکانی ترەوە نەبوو، واتە بە جۆرێك گچکە بوو، وەکو بۆ شوێنی پاسەوان دروست کرابێت. لە بەشی سەرەوەی داڵانەکەدا، لە ڕێگای(2) یان(3) پلیکانەوە کە کراوە، دیوارێکی شێوە دروستکراوی (L)ی ئینگلیزی، کە لە ڕاەوێك دەچوو، دەچووەوە سەر دەروازەی خۆرهەڵاتی هەیکەلی پیرۆز، کە دریژییەکەی پێدەچێت (5)مەتر بێت. ئەوەی دەبینرێت لێرەدا، پاشماوە ڕووخاوەکەیەتیو ئەوەی لێی ماوەتەوە تەنیا پاشماوەی بناغەکەیەتی، لەگەڵ هەندێك بەردی ڕیزکراو، کە پێدەچێت بەشێکبن لە سەکۆکەو باڵەکەیش لێرەدا کۆتایی دێ.

بەشی ناوەوەی ئەم باڵە لەم شوێنەدا، کە دەرگاکانیان ڕووەو باڵی باشوورن، تەختی ژووەکانیان بەرد ڕێژکراون و بە تۆزێك بە قسڵ سواغدراون. ژووەکانیان بەپێی دەرگاکانیان، پەیوەندییان لەگەڵ ژووەکانی دوای خۆیاندا هەیە، تەنیا ئەو بەشەیان نەبێت کە دەچێتەوە سەر دەروازەی باکوور. وادیارە ئەم ڕیزە ژووە شوێنی پیاوانی ئایینی تایبەت بە موغەکان بن، واتە ئەوانەی کاری ئاگر کردنەوەیان پێ سپێردراوە.

ب-باڵی خۆرئاوا، باشوور خۆرهەڵات: دەکەوێتە باشووری باڵی باکوور و هاوشانی دەڕوات، هەتاکو دەگاتەوە بە کۆتایی باڵەکە، واتە ئەو ژووە گچکەیەی کە لە ناوەوە بە پلیکانە بۆی دادەبەزن، کە بەژووری پاشکۆ ناو زەدمان کردو لە ناوبشەوە ژووڕێکی تری لێبۆتەوە، ژووەکەیش دەڕوانێت بەسەر باشووری خۆرهەڵاتی هێڵەکەداو لێرەدا کۆتایی دێ، کە دریژی باڵەکە دەگاتە (40)مەتر. ئەو باڵەیش پێکهاتووە لە 2 بەش، لە نێوانیاندا دەروازەی باشووری هەیکەلی پیرۆز دێ. بەشی یەکەمیان خۆرئاوا باشووروە بەشی دووەمیان باشووری خۆرهەڵاتە، کە دریژی هەریەکێك لەوانە 20 مەترەو پانییەکەشیان 12مەترە. ئەم باڵەیش لەناوەوە دابەشبووەتەوە بەسەر ژووڕێك بینە دووان و بەشی دواوەیان سەرتاسەری تاوەکو ئاستی دەروازەکە بەدیوار بەهەردوو لاوە بگیرێت. ئەوەش بەڵگەیەکی تر کە بەشی پێشەوەی باڵەکە، لەسەر دواوەی کراوەتەوە. سەرەتای باڵەکەیش بەتوولە ڕێگایەك دەستپێدەکات، کە دێتە ناو حەوشەی دەروازەی خۆرئاوا، کە دریژییەکەی (5) مەترە و پانی نیومەترە.

ئەم بەشە کە لە بەشەکەی تر زیاتر بەپێوە ماوەتەوە، تیایدا تاقی گچکە گۆشەی نووك تیژ بەرچاو دەکەوێت. ئەو ژوورەیش کە دەکەوێتە کۆتایی باڵەکەوە، واتە ژووری پاشکۆی باشووری خۆرهەڵاتە، تیایدا دوو گۆڕی کۆپەڵەییان لە قوڵی کەمتر لە مەترێك دییەوە. ئەو ژوورەیش کە دابەشبووە بەدووان، وەکو بۆ پاسەوان دروستکرا بێت وایە، جگە لەوەیش، لەبەرئەوەی ڕووەو خۆرئاوا دەرئەکەوێت، پیرۆزی خۆی هەبێت. پاشماوەی لەتە سواڵەتو دەمە شووشەی ڕەنگاوڕەنگیش زیاتر لەم بەشەدا دۆزرانەوە، ئەوەیش بەڵگەیەکی تری بۆ گرنگیی شوێنەکە لەناو باڵی پەرستگاکەدا. خۆ ئەگەر ئەو ژووە نەبوایە، ئێمە زانیارییەکانمان هەر لەسەر شێوە ئەندازیارییەکەی پەرستگاکەوە بگرتایە.

دوو دیاردەیش هەیە، کە لە ناو ئەم باڵەدا لەکاتی کنەو پشکنینو پاککردنەوەیدا ڕەچاومانکرد، یەکەمیان، باڵەکە بەگشتی زیاتر ئەو کەرەستانەی لە کردنەوەی ئاگرەکەدا سووتابوو، لە خۆڵەمێش و شتی تری لەخۆگرتبوو، کە بەناو ژووەکانیدا بڵاوببوونەوەو لەهەندێ شوێنیشیدا ئەوەندە زۆربوو، زیاتر لەمەترێك ئەستووربوایی بەرزبۆوە، وا دیارە نزیکی لە ئاگرەکەو پێویستی پاککردنەوەی ڕۆژانەی وایکردووە، کەبەو ناوەدا بڵاوییکەنەوە، کە بەو هۆیەوە ژووەکانی پڕکردبوو. دووەمیان بەدرێژکردنی تەختی ژووەکانی ئەو باڵە، ڕاڕەوی داروازەی باشووربوو لەگەڵیا.

لەلایەکی تر شوێنی ئەو باڵەو بەرزییەکەی، کە دەڕوانێت بەسەر ناوچەکەدا، ئەوەی دەهێنایەوە بیر، کە پێدەچێت ئەو باڵە شوێنی تایبەت بووبێت لەپەرستگاکەدا لەبەرئەوەی ڕووەو خۆرە، ئەوەیش وایکردووە بڵێین: لەکاتی دیاریکراودا لەوانەیە کرابێتەوە، یان ئەو جەژنانەی کە پەیوەست بووبێت بەئایینەکەوە.

ئەمڕۆ لە مێژوودا



سالّی 951:
شاری پاریس دامەزرا و کرا بە پایتەختی کۆماری فەرەنسا.



سالّی 1937:
ڕێککەوتننامەی سەعد ئاباد لە نێوان عێراق و تورکیا و ئێران و ئەفغانستان لە دژی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی کورد مۆر کرا.



سالّی 1940:
دوای داگیرکردنی ئۆسلۆ لەلایەن نازیەکان ، حکومەتی نەرویژ گوێزرایەوە بۆ لەندەن.



سالّی 1986:
کۆرت ڤالدهایمی ئەمیندارى پێشووتری نەتەوە یەکگرتوەکان بوو بە سەرۆکی نەمسا.




سالّی 2016:
لە شاری دالاس چەند نیشانشکێنێک تەقەیان لە پۆلیس کرد و 5کەسیان کوشت.



سالّی 2018:
لە شاری شورلۆی تورکیا رووداوێکی شەمەندەفەر رووید او و لە ئەنجامدا 24کەس گیانیان لەدەست دا.



ئەمریکا.. ململانێی دوو وڵات لە نێو یەک وڵاتدا



ئا: ڕەمزی میرەکانی

((وەلامدانەوەی تووندوتێژی بە تووندتیژی، دووقاتی دەکاتەوە، تاریکارییەکەش دەکاتە ئەنگوستەچاو، لە شەوێکی بێ ئەستێرەدا. ڕق و کینە ناتوانێت ڕق و کینە دەر بکات: تەنیا خۆشەویستی دەتوانێت ئەمە بکات)). ئەوە یەکێ لە ڕستە و وتارەکانی دکتۆر مارتن لۆسەر کینگ، بەناوبانگترین خەباتگێڕی ڕەشپێستی ئەمریکایە، کە گوزارشت لەژینوارێک دەکات، خەریکە بە شێوەیەکی بەردەوام بتەقێتەوە و لەگەڵ خۆی تووندتیژییەکی ڕەگەزپەرستانە خول پێبدات، لە بازنەیەکی بەتاڵ لە ئەمریکادا. مارتن لۆسەر کینگ، ئەو قەشەیە بوو، کە هەموو ژیانی خۆی بۆ بانگەوازکردن بۆ چاکسازیی بنەڕەتی یاساکان، گرتنەبەری بنەمای نا تووندتیژی و بەرخودانی ئاشتیانە تەرخان کرد. خۆیشی لەسەر دەستی دەمارگیرێکی سپیپێست کوژرا. ئەمڕۆکەش، ئەو تووندتیژییەی لە ماوەی دوایی لە شاری میناپۆلیس، یەکێ لە شارە گەورەکانی ویلایەتی مینیسۆتا سەری هەڵدا و پاشان چەند شارێکی گەورەی دیکەشی گرتەوە، دوای کوژرانی جۆرج فلۆید، دەبێتە دوایین بازنە لە لیستێکی درێژ و میژووییی، لە کارەکانی ئاژاوەگێڕی ڕەگەزپەرستانە لە ئەمریکادا. مردنی جۆرج فلۆید، ئەو پیاوە ئەمریکییە بە ڕەچەڵەک ئەفریقییە، لەکاتی ڕاگیرانی لە لایەن پۆلیسەوە، لە ژێر پێیەکانی پۆلیسێکی سپیپێست، کە قاچەکانی خستەبووە سەر قوڕگی هاواری لێ هەڵدەستا ، تیشکی خستە سەر کێشەیەکی سیاسیی، کە چەندین ڕەهەندی هەیە. کێشەکە لەبەر پەیوەست بوونی بە ڕێچکەی تووندوتیژی جاران و ئێستا لە دژی کەمینەکان، لەلایەن پۆلیس لە ئەمریکاوە هەڵکشا ، ئەوەش لە سایەی ئەو تۆمەتانەی ئاراستەی سەرۆک دۆنالّد ترەمپ کراون، بەوەی بەشێکی زۆری ئەو بەرپرسیاریەتە لە ئەستۆ دەگرێت، چونکە وای لە پیاوانی ئاسایش کردووە، هەست بە پارێزبەندی بکەن لە ئاست کردەوەکانیاندا. لەبەر ئەوەی ترەمپ لە سەرەتای بوونی بە سەرۆک، لە ئاهەنگێکدا کە پیاوان و ئافرەتانی پۆلیس ئامادەی ببوون وتی:"زیاد لە پێویست نەرم مەبن، دەتانبینم دەست دەخەنە سەر سەری ڕاگیراوەکان، لەو کاتەی بە کەلەپچەکراوی دەیانخەنە نێو ئۆتۆمبێلەوە، بۆ ئەوەی سەریان بە لێواری دەرگا نەکەوێت، واز لەوە بێنن.

بەشی دووەم و کۆتایی

ڕاست و چەپ تووندڕەون

میژووی تووندوتێژی ڕەگەزپەرستی لە دەیەکانی دواییدا، کە ڕووبەڕووبوونەوەی نیمچە ڕۆژانە لە نێوان تاکەکانی پۆلیس و کەمینەکان-بەتایبەتی ڕەشپێستەکان- ڕووی دەدا، ڕەگ و ڕیشەی بۆ چەندین سەدە دەگەڕێتەوە، ئەو دەمانەی کۆیلایەتی لەدژی ڕەشپێستەکان، سیستمی دەسەلاتی ئەمریکا بوو، بەر لە جیابوونەوەی لە بەریتانیادا. وەکو چۆن شۆڕشی ڕەشپێستەکان لەدژی ستەم هەبوو، ڕێکخراوەکانی ڕەگەزپەرستی سپیپێستەکانیش گەشەیان کرد، کە بەناوبانگترینیان ڕێکخراوی (کۆکلۆس کلان) بوو، ئەوەی لە ئاکامی کردەوەکانی سەرکوتکردن و کوشتنی بە کۆمەڵ، کە تاکەکانی لەدژی ڕەشپێستەکان ئەنجامیان دەدا ناوبانگی پەیدا کرد. هەروەها ڕێکخراوی (ک ک ک)، یەکێ لە کۆنترین ڕێکخراوەکانی ڕەگەزپەرستییە و تاکو ئێستاش هەر ماوە، هەرچەندە کردەوە تووندتیژەکانی پاشەکشەیان کردووە. هەر بۆیە وەکو چۆن ڕێکخراوەکانی داکۆکیکردن لە ڕەشپێستەکان، لە ژێر دروشمی (ژیانی ڕەشپێستەکان گرنگە) گەشەیان کرد، بزاوتنەوە چەپڕەوە تووندڕەوەکانی وەکو (ئەنتیفا) و (ئەنارکیون)یش لە ساڵانی دوایی، لە بەرامبەر ڕێکخراوە ڕاستڕەوە تووندڕەوەکاندا گەشەی کرد، کە پاڵشتی و بانگەشە بۆ سەرکەوتنی ئیتنی سپی دەکەن، هەندێکیشیان بیروباوەڕی نازیبان هەیە ، ئامادەییشیان بە گەشەکردنی شەپۆلەکانی ڕاستڕەوی تووندڕەو و بزوتنەوەکانی نازی تازە و فاشیستەکان، لە ئەورووپا و ئەمریکادا بەیەکەوە باشتر دەبێت.

میژووی ڕووداوەکانی ڕەگەزپەرستیی

ڕووداوەکانی ئەم دواییەی شاری مینیاپۆلیس، زۆر لە ڕووداوەکانی هاوشێوەی پێشوو دەچێت، کە نیو سەدەیە، لەنێو یەک بازنەی داخراو لە میژووی تازەی ئەمریکادا دەخولێتەوە. لێردەدا باسی هەندێک لەو ڕووداوە هاوشێوانە دەکەین.

- لە ساڵی **1965**دا، لە شاری لۆس ئەنجلۆس لە ویلایەتی کالیفۆرنیا ، ڕاگیرکردنی گەنجێکی ڕەشپێست بە ناوی، مارکێت فرای، لەلایەن پۆلیسێکی سپیپێستەوە، لە مەیانی کردەیەکی وردبینی پەیوەست بە سەرپێچییەکی هاتوچۆدا، بووە هۆی سەرهەڵدانی شەڕ لەگەڵ خزمەکانی، پاشان بووە یاخیبوونێک لە گەڕەکی (واتس)ی هەژارنیشن بۆ ماوەی شەش ڕۆژ، گەڕەکەکە بووە گۆڕەپانی شەڕ و تاکەکانی پاسەوانی نیشتمانی بە چەکی سووک و قورس لەنگەریان گرت، پاسەوانەکان بە ئۆتۆمبێلی سەربازیی دەسوورانەوە، قەدەغەی هاتوچۆ بۆ کۆنترۆڵکردنی کارەکانی تووندوتیژی پیادە کرا. ئەنجامی ئەو ڕووداوانەش **34**کۆژراو بوو، لەگەڵ بەندکردنی **4000** کەس، زیانەکانیش بە دەیان ملیۆن دۆلار خەملێندرا.

- لە ساڵی **1967**دا، دەمەقاڵی دوو پۆلیسی سپیپێست لە شاری نیوجێرسی، لەگەڵ شوفێری ئۆتۆمبێلێکی تاکسی ڕەشپێست، بووە هۆی هەڵگیرسانی کردەوەی ئاژاوەگێڕی و فەرهودکردن، کە ماوەی پێنج ڕۆژی خایاند، تێیدا **26**کەس کوژران و **1500** دیکەش بریندار بوون.

- هەر لە ساڵی**1967**دا، لە شاری دیترۆیت لە ویلایەتی میشیگاندا، کاری تووندتیژی سەری هەڵدا، دوای هاتنە پێشی پیاوانی پۆلیس لە شەقامی **12?**کە ڕۆربەی دانیشتووانی ڕەشپێستن. لە ماوەی چوار ڕۆژی ڕووبەڕووبوونەوەکاندا **43** کەس کوژران و نزیکەی **2000** کەسیش بریندار بوون. کارەکانی تووندتیژی ویلایەتەکانی دیکەی وەکو ئیلینۆی، نۆرس کارۆلینا، تینیسی و ماریلاندیشی گرتەوە.

- لە ساڵی **1968**دا، لە دوای لۆس ئەنجلۆس لە ویلایەتی کالیفۆرنیا ، ڕاگیرکردنی گەنجێکی ڕەشپێست بە ناوی، مارکێت فرای، لەلایەن پۆلیسێکی سپیپێستەوە، لە مەیانی کردەیەکی وردبینی پەیوەست بە سەرپێچییەکی هاتوچۆدا، بووە هۆی سەرهەڵدانی شەڕ لەگەڵ خزمەکانی، پاشان بووە یاخیبوونێک لە گەڕەکی (واتس)ی هەژارنیشن بۆ ماوەی شەش ڕۆژ، گەڕەکەکە بووە گۆڕەپانی شەڕ و تاکەکانی پاسەوانی نیشتمانی بە چەکی سووک و قورس لەنگەریان گرت، پاسەوانەکان بە ئۆتۆمبێلی سەربازیی دەسوورانەوە، قەدەغەی هاتوچۆ بۆ کۆنترۆڵکردنی کارەکانی تووندوتیژی پیادە کرا. ئەنجامی ئەو ڕووداوانەش **34**کۆژراو بوو، لەگەڵ بەندکردنی **4000** کەس، زیانەکانیشی بە دەیان ملیۆن دۆلار خەملێندرا.

- لە ساڵی **1967**دا، دەمەقاڵی دوو پۆلیسی سپیپێست لە شاری نیوجێرسی، لەگەڵ شوفێری ئۆتۆمبێلێکی تاکسی ڕەشپێست، بووە هۆی هەڵگیرسانی کردەوەی ئاژاوەگێڕی و فەرهودکردن، کە ماوەی پێنج ڕۆژی خایاند، تێیدا **26**کەس کوژران و **1500** دیکەش بریندار بوون.

- هەر لە ساڵی**1967**دا، لە شاری دیترۆیت لە ویلایەتی میشیگاندا، کاری تووندتیژی سەری هەڵدا، دوای هاتنە پێشی پیاوانی پۆلیس لە شەقامی **12?**کە ڕۆربەی دانیشتووانی ڕەشپێستن. لە ماوەی چوار ڕۆژی ڕووبەڕووبوونەوەکاندا **43** کەس کوژران و نزیکەی **2000** کەسیش بریندار بوون. کارەکانی تووندتیژی ویلایەتەکانی دیکەی وەکو ئیلینۆی، نۆرس کارۆلینا، تینیسی و ماریلاندیشی گرتەوە.

- لە ساڵی **1968**دا، لە دوای کوشتنی قەشە مارتن لۆسەر کینگ- بەناوبانگترین و گرنگترن خەباتگێڕی ڕەشپێستی ئەمریکا- لە شاری مەمفیس لە ویلایەتی تینیسی، لە ڕۆژی **4** نیساندا، کارەکانی تووندتیژی لە **125**شار سەریان هەڵدا، ئەوەش بووە هۆی کوژرانی **46** کەس و بریندارببوونی **2600** کەس. کارەکانی تووندتیژی گەیشتە واشنتنی پایتەخت، کە یەک لەسەر سێی ژمارەی دانیشتووانی ڕەشپێست بوون، ئاگر کەوتنەوە و دزییەکی زۆر کرا. لە ڕۆژی دواتریشدا، پشێویییەکانی گەیشتنە شوێنە بازرگانییەکان لە ناوەڕاستی شارەکەدا و نزیکەی **500** مەتر لە کۆشکی سپیییەوە دوور بوو. سەرۆکی ئەوەدەم، لیندۆن جۆنسۆن، بانگهێشتی سوپای کرد، کە دەستوەردانی لە نیویۆرک، شیکاگۆ، بۆستۆن و سنسناتیشدا کرد.

- لە سالّی **1980**دا، لە گەڕەکی ڕەشپێستەکان لە (لیبەرتی سیتی) لە شاری مەیامی لە ویلایەتی فلۆریدا، **18**کەس کوژرا و زیاتر لە **400** کەسیش بریندار بوون، لەماوەی سێ ڕۆژی تووندوتیژیدا. ئەو کردەوانەش لە دوای بێ تاوانکردنی چوار پۆلیسی سپیپێست هات، کە بە کوشتنی ماتۆرسوارێکی ڕەشپێست، بە هۆی بەزاندنی ترافیک تۆمەتبار کرابوون.

- لە ساڵی **1992**دا، لە شاری لۆس ئەنجلۆس، دوای بێ تاوانکردنی چوار پۆلیسی سپیپێست لە دادگا، لە کوشتنی ڕۆنی کینگ، کە شوفێرێکی ڕەشپێست بوو، لە **3**ئاداری **1991**دا، بووە هۆی گرگرتنی شارەکە و گەیشتە شارەکانی سان فرانسیسکۆ، لاس ڤێگاس، ئەتلانتا و نیویۆرک، کە بووە هۆی کوژرانی **59**کەس و بریندارببوونی **2328**کەس.

- لە ساڵی **2014**دا، کوژرانی گەنجێکی ڕەشپێست بەناوی ، مایکل براون، کە تەمەنی **18** ساڵان بوو، بە گوللەی پۆلیسێکی سپیپێست لە شاری فیرگۆسن لە ویلایەتی میزوری، بووە هەڵگیرسانی کاری تووندوتیژی کە **10**ڕۆژی خایاند، لەنێوان ڕەشپێستەکانی و پیاوانی ئاسایش کە چەکی هێرشکردن و ئۆتۆمبێلی گوللە نەپڕیان بەکارهێنا، لە کۆتایی مانگی تشرینی دووەمیشدا، دادگاپۆلیسەکەی بێ تاوان دەرچووانداو، ئەوەش بووە هۆی هەڵگیرسانی شەپۆلی دووەمی کارەکانی تووندوتیژی.

- لە ساڵی **2015**دا، لە شاری بالتیمۆر لە ویلایەتی ماریلاند، فرێدی گرای، کە گەنجێکی تەمەن **25**ساڵانی ڕەشپێستە مرد، دوای پێکانی بە شکانی بڕیرەکانی قورگی، لەکاتی گواستنەوەی لەلایەن پۆلیسەوە بۆ بنکە بە ئۆتۆمبێلێکی بارهەڵگری بچووکدا. دوای بڵاوبوونەوەی تۆماری ڤیدیۆیی ڕاگیرانەکەی، کە گوایە نیگاکانی بە دڵی پۆلیس نەبووە، کاری تووندوتیژی و فەرهودکردن لە شارەکە هەڵگیرسا ، کە دوو لەسەر سێی دانیشتووانی ڕەشپێستن. پاشان ڕەوشی تەنگەتاوی ڕاگەیاندرا و دەسەلاتداران بانگی سوپا و پاسەوانی نیشتمانیان، بۆ گێرانەوەی ئاسایش بۆ شارەکە کرد، کە بەدەست بارودۆخێکی ئابووری خراپ دەنالێنێت، هەر ئەوەش هۆکاری ئەو ڕەخنانە بوو، کە سەرۆک ترەمپ لە دیموکراتییەکانی گرت و بەوە تۆمەتباری کردن، کەمتەرخەمی لە باشترکردنی بارودۆخەکەیدا دەکەن.

= لە ساڵی **2016**دا، لە شاری شارلۆت، گەورە شاری ویلایەتی نۆرس کارۆلینا ، خۆپیشاندانی توند دەستیپێکرد، لەدوای کوژرانی کیت لامۆنت سکۆت، ئەو پیاوە ڕەشپێستە تەمەن **43** ساڵییە، لە کاتی دەرچوونی لە نێو ئۆتۆمبێل لەلایەن پۆلیسەوە کوژرا، پیاوانی ئاسایش وتیان، ناوبراو ڕازی نەبووە چەکەکەی ڕادەست بکات، بەڵام خزمەکانی دووپاتیان کردەوە، ناوبراو تەنیا کتێبێکی لەدەست بووە و لە شوێنی وەستانی پاسەکاندا، چاوەڕێی کورێکی خۆی کردووە. دوای چەندین ڕۆژ لە خۆپیشاندان، والی ویلایەتەکە ڕەوشی تەنگەتاوی ڕاگەیاند و داوای هێنانی سوپای نیشتمانی کرد.

- لە ساڵی **2017**دا، ئۆتۆمبێلێک کە کەسێکی تووندڕەوی سپیپێست لێی دەخوڕی، لە ئافرەتێکی دا و بووە هۆی کوژرانی، دوای بەڕەرچدانەوەی خۆپیشاندەرانی تووڕە بۆ ڕێپێوانێک لە شاری شارلۆتسڤیل لە ویلایەتی ڤێرجینیا ، کە بانگەوازیان بۆ یەکخستنی هێزی ڕاستڕەو و سەروەری سپیپێستەکان دەکرد، لەو خۆپیشاندانەدا چەندین گرووپی ڕاستڕەوی تووندڕەو، ڕاستڕەوی جێگرەوە، کۆنفیدارلیەتی تازە، فاشیستەکانی تازە، سەرانی نەتەوەخوازی سپیپێست، نازیيە تازەکان، کۆکلۆکس کلان و میلیشیای هەمەجۆر تێیدا بەشدار بوون. لە میانی ئەو خۆپێشاندانەدا، خۆپیشاندەران هوتافیان بە دروشمی ڕەگەزپەرستی و دژ بە شکۆمەندی لێدا، چەکی نیو ئۆتۆماتیکیان هەڵگرتبوو، چەندین سیمبولی نازییەت و ئالای کۆنفیدرالیەتی (لە سەردەمی جەنگی ئەهلی ئەمریکا)یان هەڵدابوو. ئامانجیان لادانی پەیکەری جەنەرال ڕۆبرت لی، یەکێ لە سیمبولەکانی جەنگی ئەهلی لە باخچەی (لی پارک) بوو، ئەمەو سەرۆک ترەمپ بەر ڕەخنەی توند کەوت، بەهۆی ئەوەی ڕازی نەبوو سەرکۆنەی خۆپیشاندانەکان بکات، کاتێک وتی:" لە هەدوولادا کەسی باش هەن".

سەرچاوە:
www.aawsat.com



فەرەنسا.. پێکهاتەی حکوومەتی نوێ ئاشکرا

سەرکۆماری فەرەنسا، ئیمانوێل ماکرۆن، حکوومەتەکەی جیان کاستێکس-ی پەسەندکرد.سکرتێری کۆشکی ئێلیزێ، ئالێکسیس کۆهلەر، پێکهێنانی کابینەی حکومی، لەلایەن جیان کاستێکس-ەوە، لە دوای دەستەکارکێشانەوەی ئێدوارد فلیپێ، بۆ پێکهێنانی کابینەی نوێ راسپێردرابوو، راگەیاند.بەگوێرەی ئەو روونکردنەوەیەی کە ئالێکسیس کۆهلەر لە کۆشکی ئێلیزێوە بڵاویکردووەتەوە، کابینە نوێیەکە لە 31ناو پێکدێت و 17ژن و 14پیاو لە خۆدەگرێت.

بە پێی روونکردنەوەکەی کۆهلەر کابینەکە لەم ناوانە پێکدێت:

- جیرارد دارمانین، وەزیری ناوخۆ
- باربارا پۆمپیلی، وەزیری ژینگە
- ئێریک دوپۆند-مۆرێتتی، وەزیری داد
- فلۆرێنس پارلی، وەزیری بەرگریی
- جان ئیڤ لۆدریان، وەزیری ئەوروپا و دەرەوە
- جاکلین گۆرۆڵت، وەزیری گونجاندن لەگەڵ خاک
- ئۆلیڤێر ڤێران، وەزیری تەندروستی
- رۆزبلیان باکلۆت، وەزیری رۆشنبیری
- بڕۆنۆ لی مایر، وەزیری ئابووری
- ئێلیزابێس بۆرن، وەزیری کار
- جان-مایکل بلانکور، وەزیری پەروەردە و وەرزش و لاوان
- لەو کاتەوەی کە ماکرۆن بووەتە سەرکۆماری فەرەنسا، ئەمە دووەم حکوومەتە کاری لەگەڵ دەکات. فلیپێ، کە لەدوای دەستبەکاربوونی ماکرۆن وەکو سەرکۆمار کرایە سەرۆکوەزیران لە 3ی تەمووز دەستلەکارکێشانەوەی خۆی و حکوومەتەکەی پێشکەشی ماکرۆن کرد و پەسەندکرا.سبەی کابینە نوێیەکە بە سەرۆکایەتی ماکرۆن یەکەم کۆبوونەوەی ئەنجامدەدا ت.



به کورتی..

گرووپی ئەنتیفا

ئا: هەندرێن شێرزاد

گرووپێکی نهێنی چەپ و دژایەتی فاشیزم دەکات. خاوەنی سەرکردایەتیەکی نەناسراو و نادیارە. سەرۆکی ئەمەریکا بەنیازە بیخاتە ناو لیستی تیرۆر.

سالّی 1919ئەم بزووتنەوەیە لە ئیتالیا سەری هەڵداوە .

دژایەتی ڕەگەزپەرستی و سەرمایەداری و جیاخوازی و بالّی ڕاستڕەوی توندڕەو و نازیە تازەکان دەکات.

زۆربەی چالاکیەکانی بە نهێنی و دوور لە چاوی هەموولایەک ئەنجام دەدات.

ئەندامانی ئەم گرووپە زیاتر لەکاتی ڕوودانی خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەردەکەون و پەنا دەبەنە بەر توندوتیژیی . دوای گەیشتنی دۆنالد ترامپ بە دەسەڵات ، ئەم گرووپە لە ئەمەریکا سەری هەڵدایەوە و لە ژمارەیەک لە ویلایەتەکانی ئەمەریکا ئەندامی هەیە. لە خۆپیشاندانەکانی ئەم دواییەی ئەمەریکا ڕۆڵی بەرچاویان هەبوو.





مانشێت



سکای نیوز:
سەرۆکی دەسەڵاتی جێبەجێکار لە هۆنگ کۆنگ رایگەیاند حکومەتەکەی یاسای ئاسایشی نەتەوەیی کە لەلایەن چینەوە بەسەریدا سەپێنراوە ، بە تووندترین شێواز جێبەجێ دەکات .



ئەی ئێف پی:
لە ویلایەتی ئایداهۆی ئەمەریکا دوو فڕۆکەی گەشتیاری بەر یەک کەوتن و لە ئەنجامدا 8کەس گیانیان لەدەست دا.



ئیلاف:
ئەمەریکا بڕیاری دا سێ فڕۆکەی جۆری هۆک ئای تایبەت بە ئاگادارکردنەوەی پێشوەخت بە فەرەنسا بفرۆشێ.



ڕۆیتەرز:
چین بوو بە ئەندام لە پەیاننامەی نێودەوڵەتی تایبەت بە بازرگانیکردن بە چەک .



ڕۆژنامەی ئەلشەرقولئەوسەت:
لە نزیک ڤیەنای پایتەختی نەمسا لە ڕووداوێکی تەقەکردندا کەسێک کوژرا ، حکومەتیش بە دووری نەزانی ڕووداوەکە تیرۆرستی بێ.



فرانس 24:
بەهۆی بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا ، هەریەکە لە ئوستراليا و ئیسپانیا قەدەغەی هاتوچۆیان لە چەند ناوچە و هەرێمێک ڕاگەیاند.

زیانەکانی کەرتی گەشتیاریی هەرێمی کوردستان لە 6 مانگی رابردوو



نادر روستی

کۆرۆنا زیانی بە سەرجەم کەرتەکان گەیاندوە، بەڵام زۆرترین زیانی بە کەرتی گەشتیاری گەیاندوە، کەرتی گەشتیاری لە مانگی ئازاری ٢٠٢٠ وە لە هەرێمی کوردستان پەکی کەوتووە، شۆپنەکانی گەشتیاریی یەکەم شۆپن بوون کە داخران و دواییش کەرتیشە کە رێکارەکانی لەسەر هەڵدەگیرێت. بەپێی خەملاندنە نافەرمییەکان تەنیا لە شەش مانگی یەکەمی ئەمساڵدا کۆرۆنا زیانی نیو ملیار دۆلاری لە کەرتی گەشتیاریی هەرێمی کوردستان و بازارِەکانی هەرێم داوە.

شەش مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠١٩، یەك ملیۆن و ٨٥٠ هەزار گەشتیار هاتبونە هەرێمی کوردستان، بەپێی خەملاندنی دەستەی گەشتوگوزار هەر گەشتیارێك ٣٠٠ دۆلار خەرج دەکات، بەو خەملاندنە بێت، ئەوا زیاتر ٥٥٥ ملیۆن دۆلار داهاتی کەرتی گەشتیاری بووە بۆ بازارەکانی هەرێمی کوردستان، بەڵام ئەمساڵ ژمارەی گەشتیاران لە مانگی ٣و ٤و ٥و ٦ سفر بووە، تەنیا لە مانگی ١ و ٢ بە رێژەی ٢٠٪ گەشتیاری هەبووە. بەڵام بەو هۆیەی لەم ٤ مانگەی رابردوو داهات نەبووە و خەرجی بۆ کارمەندان و بۆ کرێ و هەندێك بواری تر هەبووە، دەکرێ بڵێین هەردوو مانگی ١و ٢ داهەتەکەیان سفر بێتەوە، بۆیە دەکرێ بگوترێ ٦ مانگی رابردوو داهاتی گەشتیاری سفر بووە، کەواتە بەراورد بە ساڵی رابردوو زیاتر لە نیو ملیار دۆلار زیان بە شۆپنەکانی گەشتیاری و بە بازارِەکانی هەرێمی کوردستان کەوتووە.

لە هەرێمی کوردستان زیاتر لە ٣١٠٠ بنکە و شۆپنی گەشتیاری هەیە، ئەگەر هەر شۆپنێك ٥ کەس تێیدا کار بکەن، ئەوا زیاتر لە ١٥ هەزار کەس کە لەو کەرتەدا کاردەکەن و نیستا بێ کار ماون، لە هەمان کاتدا زیاتر لە ١٥ هەزار کەسیش ناراستەوخۆ بە هۆی هاتنی گەشتیار کاریان دەست دەکەوێت، واتە زیاتر لە ٣٠هەزار کەس یان کاری لە دەست داوە یان بە نیوەی ماوەتەوە. ئەو پرۆژانەش کە کار دەکەن داهاتیان نییە و تەنیا خەرجییان هەیە و پارە لە سەرمایەی گلدراوە خەرج دەکەن. دریژە دان بەم بارودۆخە ئەگەری هەیە ببێتە هۆی مایە پوچ بوونی ژمارەیەکی زۆر لە بنکە و شۆپنی گەشتیاری، هەروەها رەنگە ببێتە هۆی ئیفلیج بوونی کەرتی گەشتیاریی و بۆ چەند ساڵێك بۆ دواوە بگەڕێتەوە.



کۆرۆنا 120 ملیۆن هەلی کاری لە کەرتی گەشتیاری جیهان پەکخستووە

رێکخراوی جیهانی گەشتوگوزار راپۆرتێکی لە سەر کاریگەری زیانەکانی ڤایرۆسی کۆرۆنا لەسەر کەرتی گەشتیاری لە ماڵپەری تایبەتی خۆیدا بڵاوکردۆتەوە، راپۆرتەکە چەند ئاماژە و ئامار و داتا و زانیاریی گرنگ لە خۆگرتووە، هەروەها سیناریۆ و ئەگەرێکی بۆ نێستا و تاکو کۆتایی ساڵ لەسەر قەبارەی زیانەکان و کاریگەرییەکانی لەسەر ئابووریی جیهان لەخۆ گرتووە، لەم راپۆرتە کورتەی ناوڕۆکی ئەگەر و بۆچوونەکان دەخەینەروو.

کەرتی گەشتوگوزاری جیهانی زیاتر لە ٣٠٠ ملیۆن هەلی کاری دابین کردووە، بەڵام ڤایرۆسی کۆرۆنا و رێکارەکانی خۆپارێزی و راگرتنی هاتووچۆی هێلەکانی ئاسمانی و هاتووچۆی گەشتیاران و داخستنی شۆپنەکانی گەشتیاری، بۆتە هۆکار بۆ لەدەستدانی زیاتر لە ١٢٠ملیۆن هەلی کار لە کەرتی گەشتیاری. لە مانگەکانی ٣ و ٤ و ٥ و ٦ی ساڵی ٢٠٢٠دا ١٠٠٪ی شۆپنە گەشتیاریەکان سنووردارییان لەبواری گەشتکردندا جێبەجێکرد و بەو هۆیەوەش بەشی زۆری گەشتوگوزاری نێودەوڵەتی وەستا. هاوکات گەشتوگوزاری نێوخۆییش بەهۆی رێکارەکانی تایبەت بە رێگا گرتن لە بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا لە زۆربەی وڵاتان جێبەجێکران، بەمەش زیانی زۆر بە کەرتی گەشتیاری کەوت.

راپۆرتەکە ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، کە گەشتوگوزار یەکێکە لەو کەرتانەی بواری ئابووری، کە لەماوەی چەند ساڵی رابردوودا زۆر بەخێرایی گەشەی کردوو و فاکتەرێکی کاریگەری گەشەی ئابووری بووە لە هەندێك وڵات. بۆ نموونە ژمارەی گەشتیاران لە ساڵی ٢٠١٨ گەیشتە یەك ملیار و ٤٠٧ ملیۆن گەشتیار، کە بە رێژەی ٦٪ بەراورد بە ساڵی پێشوتر زیادی کردوە. داهاتی بواری گەشتوگوزاریش لە ٢٠١٨دا بە یەك تریلیۆن و ٤٨٠ ملیار دۆلار خەملێنراوە، کە بەرێژەی ٤,٤٪ زیادی کردووە. گواستنەوەی بواری گەشتوگوزاریش بە ٢٥٠ ملیار دۆلار مەزەندەکراوە. لە هەمانکاتدا، هەناردەی پێداویستیی تایبەت بە گەشتوگوزار نزیکەی ١,٧ تریلیۆن دۆلار بووە.

بەگوێرەی رێکخراوی جیهانی گەشتوگوزاری نەتەوە یەکگرتووەکان، دەکرێت کۆرۆنا بێتەهۆی نەهێشتنی ٨٥٠ ملیۆن بۆ ١,١ ملیار گەشتیاری نێودەوڵەتی، لە دەستدانی ٩١٠ ملیۆن تاوەکو ١,١ تریلیۆن دۆلار لە داهاتی هەنارەدە و لەدەستدانی ١٠٠ ملیۆن تاوەکو ١٢٠ ملیۆن دەرفەتی کار، ئەو جیاوازییەش لە ژمارە پشت بەوە دەبەستێت کە ئایا سنوورەکان لە مانگی تەموز دەکرێنەوە یان لە مانگی ئەیلوول یان کانوونی یەکەم.

راپۆرتەکە ئاماژە بە سێ گریمانە لەبارەی کاریگەرییەکانی کۆرۆنا لەسەر کەرتی گەشتوگوزار دەکات. گریمانەی یەکەم بە ٤ مانگ پیشەسازیی گەشتوگوزار ١,٢ تریلیۆن دۆلار زیانی پێدەکەوێت، گریمانەی دووەم ئەوەیە کە ئەگەر بارودۆخەکە بۆ ٨ مانگ بەردەوام بێت ٢,٢ تریلیۆن دۆلار لەدەست دەدات، گریمانەی سێیەمیش بەو جۆرەیە کە ئەگەر بۆ ساڵێك باردۆخەکە بەردەوام بێت، ئەوە ٣,٣ تریلیۆن دۆلار زیان بەر کەرتی گەشتوگوزار دەکەوێت، ئەوەش ٤,٢٪ کۆی گشتیی داهاتی نیشتمانی (GDP) جیهان دەکات.

راپۆرتەکە ئاماژەی بە ژمارەیەك دوورگەی جیهان داوە کە زیاتر لە نیوەی داهاتیان پشت بە کەرتی گەشتیاری دەبەستێت، بۆیە زیانی زۆر بەر ئابووریان دەکەوێت، وەك دوورگەکانی (ماکوا، ئەنتیگوا، ماڵدیڤ، ساین لۆسیا، گرینادا) کە هەریەك لەوانە بە ٧٤٪، ٦٠٪، ٥٨٪، ٥٣٪، ٤٥٪ داهاتی نیشتمانیان پیکهێناوە. هەندێك وڵاتیش وەك (جامایکا، کرواتیا، تایلەند) زیاتر لە ٢٠٪ داهاتی نیشتیمانیان لەسەر گەشتوگوزارە، بۆیە زیانی زۆر بەر ئەو وڵاتانەش دەکەوێت. چاوەڕێدەکرێت بەهۆی کاریگەرییەکانی کۆرۆنەوە بێکاریی لە هەندێك وڵات بۆ ٢٠٪ بەرزبێتەوە و هەندێك کەرتیش بە یەکجاریی داپرمێن، ئەگەر رێکارەکانی تایبەت بە بڵاوبوونەوەی کۆرۆنا تاوەکو کۆتایی ئەمساڵ بەردەوامبن.

راپۆرتەکە ئاماژەی بەوەش کردووە کە لە ٨٠٪ گەشتەکانی ئاسمانی وەستاندووە ، بەمەش زیاتر لە ٨٤ ملیار دۆلار زیانی بە کەرتی فرۆکەوانەی گەیاندووە.

کونەماسی ناوچەیەکی گرنگە بۆ گەشتیاران، بەڵام بە سادەیی ماوەتەوە



سەیرانگەی کونەماسی لە قەزای شارباژێرە، بە دووری ٥٦کم دەکەوێتە باکووری شاری سلێمانی، بە دووری ٣٠کم دەکەوێتە باشووری شارەدێی ماوەت. بە هۆی سەرچاوەی ئاوی زۆر بۆتە چەمێکی پڕ لە دارودرخت. دوو سەرچاوەی ئاوی هەیە، یەکێکیان لە لای قەڵاچوالان بۆی دێت و بەناوەڕاستیدا تێدەپەڕێت، دووەمیان سەرچاوەی ئاوی کانی کونە ماسییە، کە لە بناری شاخەکە دێتە دەرەوە، ئاوەکە ژمارەیەکی زۆر ماسی لەخۆ دەگرێت، بۆیە ناونراوە کونە ماسی. هەرچەندە بە شێوەیەکی سادە دانیشتوانی ناوچەکە لە دەوروبەری ٤٠ بۆ ٥٠ کەپر و شوێنی دانیشتنیان رێکخستووە، بەڵام ئەمە وایکردووە کە سالانە ژمارەیەکی زۆر لە هاوولاتییانی سلێمانی و گەشتیاران لە شوێنی ترەوە بۆ کات بەسەربردن و مەلەوانی و ڕاوەماسی ڕووی تێبکەن. لەبەر فراوانی ناوچەکە و بوونی ئاوهەوایەکی فێنك و دارودرەختی زۆرو دریژبونەوەی چەمی قەڵاچوالان، ناوچەکە توانای لەخۆگرتنی ژمارەیەکی زۆر لەگەشتیارانی هەیە، بۆیە دەتوانرێت بە شێوەی سەردەمیانە چەندین خزمەتگوزاری حەوانەوە و رێستۆرانت و شوێنی یاری و کافتریا و کەپری لێ دروست بکرێت و ببێتە ناوچەیەکی ئایندە گەش.

ئا: لاپەڕەی گەشتوگوزار

فۆتۆ: هێمن رانیەی

وەرزشوانان تا چەند سوودیان لەکەرەنتینە بینیوە؟

هێمن مەهدی: لەڕووی جەستەیی و زانیاری لە وەرزشەکەی خۆم زۆر زیاتر سوووودم بینیوە



ڕاپۆرت: پەریهان عومەر

بڵاوبوونەوەی ڤایرۆسی کۆرۆنا هەر لەگەڵ بڵاوبوونەوەیدا، زۆربەی چالاکییە وەرزشییەکانی لەسەرانسەری جیهان سرکرد، هەرێمی کوردستانیش بەدەرنەبوو لەم پەتایە و لێرەش چالاکییە وەرزشییەکان وەستان، بەڵام وەرزشوانانی کوردستان هەندێکیان لەم کەرەنتینەشدا نەیانویست لەوەرزش دابڕێن و لەماڵەوەش زۆر تاکەم بەردەوام بوون.

لەخۆئامادەکردنم

هێمن مەهدی پاڵەوانی نێودەوڵەتی و ڕاهێنەری تایکواندۆ دەڵێت: من وەکو وەرزشوانێك یاخود ڕاهێنەرێکی تایکواندۆ لە زەمانی کەرەنتینە بە ڕای خۆم لە ڕووی جەستەیی و زانیاری لە یارییەکەی خۆم بە گشتی، زۆر زیاتر سوووودم بینی و توانیومە لە زۆر بواردا خۆم پێشبێخەم، وەك کۆکردنەوەی زانیاری و خۆئامادە کردن بۆ پاڵەوانێتییەکانی دوای ئەم پەتایە و پاڵەوانێتییەکانی ناو کەرەنتینە، بۆ نموونە لە دوو پاڵەوانیەتی نێودەوڵەتی توانیم پلە ی یەکەم و دووەم بەدەست بێنم، یەکێکیان لە وڵاتی مەغریب بوو، یەکێکیشیان لە ئەمریکا، کەواتە کەسی وەرزشوانی ڕاستەقینە دەتوانێت لە هەموو زروفێك، وەرزشەکەی خۆی ئەنجام بدات و کەشوهەوا بۆخۆی بگونجێنی ، تا ئەمڕۆش بەردەوامم لە سەر چالاکییەکانم لە مەشق و ڕاهێنان، بەڵکو ئاستم زیاتر پێشکەوتووتر بووە، بەڵام تەنها شتێك تۆزێ ئەزیەتمان دەدات ئەویش داخستنی هۆڵەکانمان و کرێی هۆڵەکانمان.

نابێ فەرامۆشی بکەین

ئۆشین موحسین عەزیز یاریزانی هەڵبژاردەی عێراق و یانەی هەولێر لە یاری بەرزکردنەوەی قورسایی لەبارەی کەرەنتینەوە دەڵێت: وەك وەرزشوانێکی بەرزکردنەوەی قورسایی لە ڕۆژانی قەدەغەی هاتوچۆ و کەرەنتینەدا زۆربەی کاتەکانم بە بابەتی وەرزشی تەرخان کردووە وەك خویندنەوەی کتێبە وەرزشییەکان و مەشقکردنی ڕۆژانەی خۆم، هەروەها گوتی: هەندێ کاتیش بۆ سەیرکردنی فیلمی سینەمایی بەسەر دەبەم ز هەندێ کاتیش لەگەڵ ماڵەوە دادەنیشم، بەڵام گرنگترین شت لای من وەرزشە کە ئێمەی وەرزشوانان نابێ فەرامۆشی بکەین، ڕاستە بەهۆی ئەم پەتایەوە هۆڵەکانی وەرزش داخراون، بەڵام ئەمە نابێتە ڕێگر کە ئەتوانین لە ماڵەوە هەندێ وەرزش ئەنجام بدەین.



ئۆشین موحسین: داخستنی هۆڵەکان نابێتە ڕێگر کە نەتوانین لەماڵەوەش وەرزش بکەین

775 ملیۆن یۆرۆی بەفیڕۆ داوە



لەوەتەی خۆسێ ماریا بارتۆمیۆ، بووەتە سەرۆکی یانەی بەرشلۆنەی ئیسپانیی، بڕە پارەیەکی زۆری لە دەستەواراکانی کرینی یاریزانان خەرج کردووە، سەیریش لەوەدایە ٩٠٪ ئەو دەستەوارانە سەرکەوتوو نەبووە و پارەکەی بەفیڕۆ چووە. گرانترین دەستەوارەش، ئەوەی فیلیپ کۆتینهۆی بەرازیلییە، کە بەرشەلە بەرامبەر ١٤٥ ملیۆن یۆرۆ گرێبەستی لەگەڵدا کرد، دوای ئەو دەستەوارەکەی یاریزانی فەرەنسیی، عوسمان دێمبلی دێت، کە بە ١٢٥ ملیۆن یۆرۆ هاتووە، پاشان گریزمان دێت، کە بە بڕی ١٢٠ ملیۆن یۆرۆ هاتووە، زۆربەی ئەو دەستەوارانەش سەرکەوتووە نەبووینە. سەرجەم دەستەوارەکانی سەردەمی بارتۆمیۆ، بەم شێوەی لای خوارەوەیە:

- فیلیپ کۆتینهۆ- بە ١٤٥ ملیۆن یۆرۆ.
- عوسمان دێمبلی، بە ١٢٥ ملیۆن یۆرۆ.
- ئەنتوان گریزمان- بە١٢٠ ملیۆن یۆرۆ.
- فرانکی دی یۆنگ- بە٧٥ ملیۆن یۆرۆ.
- مالکۆم- بە ٤١ ملیۆن یۆرۆ.
- پاولینهۆ- بە ٤٠ ملیۆن یۆرۆ.
- ئەندرێ گۆمێش- بە ٣٧ ملیۆن یۆرۆ.
- لینگلیت و سیمیدۆ- بە٣٥ ملیۆن یۆرۆ.
- ئەردا تۆران- بە ٣٤ ملیۆن یۆرۆ.
- ئارسەر- بە ٣١ ملیۆن یۆرۆ.
- پاکۆ ئەلکاسێر- بە ٣٠ ملیۆن یۆرۆ.
- نیتۆ- بە ٢٦ ملیۆن یۆرۆ.

کۆی گشتی ئەم دەستەوارانەش دەکاتە ٧٧٥ملیۆن و ٦٠٠ هەزار یۆرۆ، بەڵام بەرشلۆنە سوودی لە زۆربەیان نەبینیووە.

ڕەمزی میرەکانی

دی بڕۆین پاشای ڕەخساندنی گۆڵە لە پریمەرلیگ



دی بڕۆینی ٢٩ ساڵ، لە یارییەکەی بەرامبەر لیڤەرپوڵ لە هەفتەی ٣٢ی پریمەر لیگدا، گوڵێکی بە لێدانی سزا تۆمارکرد و گوڵێکیشی بۆ فیلیپ فۆدینی هاوکاری دروستکرد.

دی بڕۆین لەو کاتەوەی پەیوەندی بە مان سیتییەوە کردووە ٤٣٢ هەلی گوڵکردنی بۆ یانەکەی ڕەخساندووە ئەو ژمارەیەش زیاترە لە هەر یاریزانێکی تر.

پێگەی فەرمی خولی ناپابی تۆپی پێی ئینگلتەرا لە تویتەر بڵاویکردووەتەوە، کیڤن دی بڕۆینی بەڵجیکی لە یەکەم یاری خۆیەوە بۆ مانچستەر سیتی لە ئەیلولی ٢٠١٥دا، ٤٣٢ هەلی گوڵی ڕەخساندووە و ٦٢ گوڵیشی بۆ هاوکارەکانی دروستکردووە.ئاماژە بەوەش کراوە لە ٢٠١٥وە هیچ یاریزانێك هێندەی دی بڕۆین هەلی گوڵی نەڕەخساندووە و پاسی یەکلاکەرەوەی نەداوە.

بەرشلۆنە پەنا دەباتە بەر دادگا



ڕۆژنامەی مۆندۆ دیپۆرتیڤۆ ئاشکرای کرد کە کێشەیەك لەنێوان یانەی بەرشلۆنە و کۆمپانیای نایکی کە دروستکاری جل و بەرگەکانی بلوگرانیایە هاتۆتە ئاراوە.

یانەی بەرشلۆنە زۆر دواکەت لە نمایشکردنی درێسە تازەکەی بۆ جەماوەر، ئەویش بەهۆی بوونی هەڵەیەك لە دیزانی درێسەکان لەکاتی دروستکردنیدا، ڕۆژنامەکە دەڵێت یانەی بەرشلۆنە داوای لە کۆمپانیای نایکی کردووە کە قەرەبووی ئەو زیانانەی بکاتەوە لەبەرامبەر ئەو هەڵەیەدا، چونکە ناتوانن ئەو درێسانە بفرۆشن، لەلایەکی دیکەوە سەرۆکی ئەو یانەیە داوایکردووە لیژنەیەك پیکبهێنرێت بۆ دیاریکردنی ڕێژەی قەرەبووەکە تا داواکەیان لەدادگا دژی ئەو کۆمپانیایە بەرزبکەنەوە.

لە ماڵ پارێزاو دەبین

خەبات XEBAT

Wed.8 Jul. 2020 No.:(5970)

KHABAT info@xebat.net www.xebat.net

Daily Newspaper Kurdistan - Iraq Organ of KDP

Concessioner: Ali Abdulla Editor-in-chief: Salam Abdulla

سەرنووسەر
سەلام عەبدوڵڵا
07702969696 07504459940

خاوەنی ئیمتیاز
عەلی عەبدوڵڵا

بەڕێوەبەری هونەری
شکار عفان نەقشبەندی
shkaraffan@gmail.com

سکرتێری نووسین
دڵشاد مستەفا وەسانی
dilshadmstafa@yahoo.com

ناونیشان: هەولێر - شەقامی سەرەکی مەسیف سەلاحەدین - بەرامبەر وەزارەتی پێشمەرگە - میدیا سەنتەر

بۆ ڕێکلام کردن پەیوەندی بکەن بە: 07509069595

پان ئیمێڵی reklam@xebat.net

بەشی ئاگاداریپەکان: 07505881616

هونەرمەند سلێمان قەرەچوغی گۆرانییەکی حەسەن زیرەک بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ بڵاوەکاتەوە



ئا: هێمن ئاری

هونەرمەند و گۆرانیبێژی میللی سلێمان قەرەچوغی گۆرانییەکی نوێ بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ بڵاوەکاتەوە.

گۆرانی (داینێ) یەکێکە لە گۆرانییە جوان و ناوازەکانی هونەرمەندی گەورەی کورد حەسەن زیرەك، هونەرمەند سلێمان قەرەچوغی بەشێوازێکی تازەو نوێ و بەهۆی خۆشەویستی بۆ ئەم هونەرمەندە ئەم گۆرانییەی دووبارە کردۆتەوە و بەنیازە بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن بڵاوی بکاتەوە.

لەلێدوانێکیدا بۆ ڕۆژنامەی خەبات ، هونەرمەند سلێمان قەرەچوغی سەبارەت بەئیشوکارەکانی ئەم ڤیدیۆ کلیپە گوتی: بەهۆی خۆشەویستیم بۆ هونەرمەندی گەورە حەسەن زیرەك و جوانی گۆرانییەکەی حەزمکرد ئەم گۆرانییە تۆماربکەم و بەشێوەی ڤیدیۆ کلیپ لەکەناڵەکانی ڕاگەیاندن بڵاوبکەمەوە کە یەکێکە لە گۆرانییە هەرە جوان و خۆشەکانی هونەر زان و مامۆستای گەورەی هونەر و گۆرانی کوردی مامۆستا حەسەن زیرەك.سەبارەت بەو هونەرمەندانەی لە تۆمارکردنی ئەم بەرهەمە بەشداربوون لەگەڵیدا قەرەچوغی گوتی: لەگەڵ ژەنیاران کاك ئاشتی عود و کاك عەدنانی ساز ئەم بەرهەمەمان تۆمارکردووە، وێنەگر سەباح ماستاوەیش وەك هەموو جار کاری وێنەگرتنی ئەم ڤیدیۆ کلیپەی بۆ ئەنجامداوم بەهاوکاری یاریدەدەران حاجی ئومێد و بەشدار ڕۆژبەیانی. هەروەها هونەرمەند سلێمان قەرەچوغی گوتیشی زۆربەی دیمەن و وێنەکانی ئەم گۆرانییەمان بەشێوەیەکی جوان و سەردەمیانە لەدەشتی هەولێر تۆمارکردووە ،ئێستاکەش کارەکانی لەقۆناغی کۆتاییدایە و لە ئایندەیەکی نزیکدا دەکەوێتە بەردیدی بینەران.

مەلەك ڕۆژهات

بەرهەمێکی نوێی بەناوی «من خەم دەریا» بڵاوەکاتەوە



هەمزە سەرحان

مەلەك ڕۆژهات خانمە هونەرمەندی گۆرانیبێژی باکووری کوردستان، نوێترین بەرهەمی خۆی بەشێوەی ڤیدیۆکلیپ بڵاوکردەوە.ئەم بەرهەمە بە ناوی «من خەم دەریا»یە، کە لە تێکست و ئاوازی تەحسین تەهایە و پێشتر بە دەنگی ئەو بڵاوکراوەتەوە.سینان بۆسوبا بە شێوازێکی نوێ کاری دابەشکردنی بۆ ئەم بەرهەمە کردووە. جانەر دەمیرئۆگلۆش کاری دەرهێنانی بۆ ڤیدیۆکلیپەکە کردووە. گۆرانییەکە لە کەناڵی تایبەتی ئەو هونەرمەندە لە یوتیوب بڵاوکراوەتەوە.مەلەك ڕۆژهات ساڵی ١٩٨٨ لە شارۆچکەی ئەلباکە سەر بە شاری وانی باکووری کوردستان لە دایکبووە، لە ٢٠٠٢ـەوە دەستی بەکاری هونەری کردووە، خاوەنی چەند ئەلبوومێکی گۆرانی و چەندین ڤیدیۆکلیپە، ئێستا لە باکووری کوردستان دەژی. پێشتر بۆ ماوەی پێنج ساڵ لە باشووری کوردستان ژیاوە و کاری هونەری کردووە.

کاریگەری خواردنی سەوزەواتە بۆ ڕێگریکردن لە نەخۆشی شەکرە و قەڵەویی



ئەنجامی توێژینەوە نوێیەکان پیشانی داوە کە ماددەیەك بە ناوی « نیترات « کە لە نێو سەوزەواتی گەلاپانی وەك ئیسپیناخ ، خاس و کەرەفس بوونی هەیە ، دەتوانێت پارێزگاری لە دڵ بکات و مەترسی تووشبوون بە قەڵەویی و نەخۆشی شەکرە کەم بکاتەوە . توێژەرانی زانکۆی کەمبریج لەو بارەیەوە گەیشتنە ئەو ئەنجامەی کە خواردنی سەوزەواتی دەوڵەمەند بە « نیترات» دەتوانێت ڕێگە لە بەرهەمهێنانی هۆرموونی « ئەریترۆپۆیتین « بگرێت کەلە نێو جەرگ و وگورچیلەکان بڵاو دەبێتەوە .ئەو جۆرە هۆرمونە ژمارەی خرۆکە سوورەکان لە نێو جەستەدا ڕێك دەخات .بەتایبەت کاتێ جەستە تووشی نەخۆشی ماسوڵکەکانی دڵ ببێتەوە ، تووشی کەمبوونی ئۆکسیژن دەبێتەوە ، ئەوا « ئەریترۆپۆیتین « لە ڕێگەی بەرهەمهێنانی خرۆکە سوورەکان ، ئەو کەمبوونەی ئۆکسین قەرەبوو دەکاتەوە . بۆیە، خواردنی سەوزەواتی گەلا پان و دەوڵەمەند بە «نیترات»،دەتوانێت ڕێگری لە خەستبوونی خوێن ونەخۆشییەکانی دڵ بگرێت.بە ووتەی توێژەران، « نیترات»، دەتوانێت چەوریيە زیانبەخشەکان بۆ چەوریيە سو و د بە خشە کا ن بگۆڕێت و ڕێگە لە تووشبوون بە نەخۆشی شەکرە و قەڵەویی بگرێت ، لەو پرۆسەیەدا، خانەکانی چەوری سپی، دەگۆڕێن بۆ خانەکانی چەوری باش.





پیسبوونی کەش وهەوا پەیوەندی بە مردنی ناوادەوە هەیە

لە ڕۆژنامەی گاردیەندا هاتووە،،توێژینەوەکان پیشانی داوە کە پەیوەندی زۆر لە نێو گەردیلەکانی فێلیزی نێو کەشوهەوای پیس و مەترسی مردنی ناوادەوە هەیە. ئەنجامی ئەوتوێژینەوەیە بە پشت بەستن بە وەرگرتنی زانیاری لە سەردۆسییەی ١١ هەزار و ٣٨٢ کەسی بەشدار بوو کە دانیشتیوویی ناوچە گوندنیشینەکان وڵاتی فەرەنسا بە دەست هات.لەو بارەیەوە ، « بندیکت جاکۆمین «، سەرپەرشتیاری ئەو تیمە توێژەرە لە دامەزراوەی تەندروستی لە بارسلۆنا لە ئیسپانیا ، گووتی : ئێمە پێمان وایە بە هۆی بوونی ئەو مادده گەردیلە زیانبەخشانە لە نێو کەشوهەوای پیس پێوستە ڕێوشوێنی پێوستە بگەرێتە بەر. توێژەران دوای توێژینەوەکان بۆیان دەرکەوتووە کە ئەو بەشدار بووانەی کە لە ژێر کاریگەری کەشوهەوای پیس دابوون لە مەترسی مردنی ناوادە دان بوون بە ووتەی توێژەران و بوونی فێلیزاتی نێو گەردەیلەکانی کەشو هەوا ڕۆلێکی گرنگیان هەیە لە پیسبوونی کەش و زۆربوونی ڕێژەی مردنی ناوادە بە تایبەت لە وڵاتانە کە ڕێژەی پیسبوونی کەشوهەوا لە نێویاندا زۆرە .

هەیفا وەهبی هەڕەشە لە فڕۆکەوانێکی عێراقی دەکات

هەمزە سەرحان

هەیفا وەهبی هەڕەشە لە فڕۆکەوانێکی عێراقی دەکاتەهیفا وەهبی هونەرمەندی ناسراوی لوبنانی وتی: بەکارهێنانی کچێکی هاوشێوەی ئەو لەلایەن فڕۆکەوانێکی عێراقییەوە بەمەبەستی ڕیکلام و خۆناساندن ئەوی تووشی شۆك کردووە .بەگوێرەی بەیاننامەیەك، کە دەست ڕۆژنامەی ڕۆژنامەی «یوم السابع»ی میسری کەوتووە، فڕۆکەوانە عێراقییەکە ناوی فەرید لەفتەیە و بەفڕۆکەیەکی تایبەتی لەجۆری «ئی ٢٢» و بەهاوڕێیەتی هەیفا وەهبی لەفڕۆکەخانەی یانەی جەزیرە لە ڕەئس ئەلخەیمەوە بەمەبەستی سەرگەرمی و کاتبەسەربردن گەشتێکی ئاسمانیان بەسەر ئاسمانی ئیمارات ئەنجامداوە.لای خۆیەوە هەیفا وەهبی سەرسوڕمانی خۆی دەربڕیوە بەوەی بێپرس و ڕاوێژ ناوی ئەویان بۆ کاریکی لەوجۆرە بەکارهێناوە و سوودیان لە هاوشێوەی ئەو وەرگرتووە.لەبارەی کچە هاوشێوەیەکەیەوە هەیفا بە ڕۆژنامە میسرییەکەی ڕاگەیاندووە، ئەوە شکڵ و شێوەی من نییە و هیچیشی لەبارەوە نازانم، من نەکورتم نە ڕەنگ ئەسمەر، تەنیا بەسەیرکردنی وێنەکە هەوادارانم جیاوازی نێوان من و ئەو دەزانن. ئەو هونەرمەندە لوبنانییە هەڕەشەی ئەوەی کردووە، کە هەرکەسێك لەڕێگای وێنەی دەستکاریکراوەوە ناوی ئەو بەکاربهێنێت ئەوە نەك هەر دەستبەجێ داوای یاسایی لەسەر تۆمار دەکات، بەڵکو داوای قەرەبووی ماددی و مەعنەوی لەسەر ئەو ڕەفتارە نابەجێ و تەنانەت تاوانکارییەش دەکات .

